شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

# ئیسلامی سیاسی

## لە گوتاری توندڕەوییەوە بۆ خەونی خەلافەت

وەڵامێك بۆ عەلی باپیر
دەربارەی سیکۆلاریزم و دیموکراسی

٢٠١٧

ناوی کتێب: ئیسلامی سیاسی لە گوتاری توندڕەوییەوە بۆ خەونی خەلافەت

نووسەر: شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

بابەت: فیکری

تایپ و هەڵەچنی: نووسەر

نەخشەسازیی بەرگ و ناوەڕۆک: شکار عەفان

چاپی یەکەم ٢٠١٧

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٤٤٦)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە.

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

# ئیسلامی سیاسی
# لە گوتاری توندڕەوییەوە بۆ
# خەونی خەڵافەت

وەڵامێك بۆ عەلی باپیر دەربارەی سێكۆلاریزم و دیموكراسی

چاپی یەکەم
٢٠١٧

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| دەروازە | ٧ |
| بەشی یەکەم: دەربارەی ئیسلامی سیاسی | ١١ |
| بزاوتی ئیسلامی سیاسی | ١٣ |
| دەستەواژەی ئیسلامی سیاسی | ٢٠ |
| سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسیی کوردی | ٢٢ |
| بەشی دووەم: حیزب و گرووپە ئیسلامییەکانی کوردستان | ٢٥ |
| بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان | ٢٧ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٢ |
| بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردستان | ٣٨ |
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٤١ |
| جوندولئیسلام | ٤٥ |
| ئەنسارولئیسلام | ٤٧ |
| کوشتارگەی خێڵی حەمە | ٤٩ |
| کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی کوردستان | ٥٢ |
| بەشی سێیەم: پڕۆژە و گوتاری ئیسلامی سیاسیی کوردی | ٥٧ |
| بەشی چوارەم: سێکۆلاریزم و هەڕەشەی گوتاری ئیسلامی سیاسی | ٦٩ |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| سێکۆلاریزم وەک سەرچاوەی هۆشیاری کۆمەڵگە | ٧١ |
| گوتاری ئیسلامی.. بەتاڵ لە دیالۆگی فیکری سیاسی | ٧٦ |
| ئایا سێکۆلاریزم هەڕەشەیە بۆ سەر ئیسلام؟ | ٨٤ |
| دەستەبەری ئازادی و لێپرسینەوەی یاسایی | ٩٧ |
| سێکۆلاریزم و بیری توندڕەوی ئیسلامی سیاسی | ١٠٩ |
| ئایینداریی لە گۆشەنیگای سێکۆلاریزمەوە | ١١٧ |
| بەشی پێنجەم: دیموکراسییەت و مۆدێلی حوکمڕانێتی گەل | ١٢٥ |
| دیموکراسییەت و بنەماکانی | ١٢٧ |
| دەسەڵاتی هاووڵاتیی | ١٣٠ |
| شکۆ و بێلایەنی یاسا | ١٣٣ |
| رۆحی ئازادییەکان | ١٣٤ |
| هاووڵاتییبوون | ١٣٥ |
| مافی مرۆڤ | ١٣٦ |
| دیموکراسییەت جەنگەڵستان نییە | ١٣٧ |
| شوورا وەک بەدیلی دیموکراسییەت! | ١٤٥ |
| لە نێوان جنێودان و فەراهەمکردنی ئازادیدا | ١٤٩ |
| یاسای دەستکرد و بە کافر لە قەڵەمدانی خەڵک | ١٥٣ |
| سەرچاوەو پەراوێز: | ١٥٩ |

# دەروازە

بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێک «چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم»ی عەلی باپیرم خوێندەوە، بەلامەوە سەیر بوو، کەسێکی وەک عەلی باپیر، بەشێوەیەک دووچاری خوێندنەوەیەکی هەڵە بووەتەوە سەبارەت بە هەردوو چەمکی سێکۆلاریزم و دیموکراسییەت، کە من وەک مانیفێستی فیکریی توندڕەوی عەلی باپیری دەبینم.

لە سەرەتادا دەمویست لە شێوەی وتارێکدا، خوێندنەوەیەک بۆ کتێبەکە بکەم، چونکە پێویست بوو بەشێک لەو لێشاوە هەڵە و خوێندنەوە سەرپێی و تۆمەتانەی راست بکرێتەوە کە دراونەتە پاڵ چەمک و بنەماکانی سێکۆلاریزم و دیموکراسییەت.

کاتێک خوێنەر لە وشە و رستەکانی ناو «چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم» ورد دەبێتەوە، دەزانێت ئەو پیاوە، یان بەڕاستی شارەزایی لە فیکری سێکۆلاریزم و کولتووری دیموکراسییدا نییە! یاخود بە ئەنقەست دەیەوێت، غەدرێکی گەورەی فیکری لە هەردوو چەمک بکات، ئەمە خاڵی لاوازی عەلی باپیر بوو، لە کۆی دێڕ و بۆچوونەکانیدا، کە سەبارەت بەو دوو کایە گرنگەی ئێستا هەڵوێستی لە بارەیانەوە راگەیاندووە، سەرئەنجام بیرۆکەی ئەو وەڵامە، وەک زنجیرە وتارێک لە هەفتەنامەی زاری کرمانجی لەژێر ناوی «گۆشەنیگایەکی دیکە بۆ ناساندنی فیکری عەلی باپیر»بڵاوم کردەوە.

پاشان بە گرنگمزانی زنجیرە وتارەکە و کورتەیەکیش لە مێژوو و ئامانجی بزاوتی ئیسلامی سیاسی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا بنووسمەوە، بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبەی بەردەستی خوێنەر، ناساندنی فیکری عەلی باپیرە بە پلە یەک، ئینجا لە تەکیدا ئامانج و گوتاری ئیسلامی سیاسییە کە عەلی باپیریش یەکێکە لە دەرکەوتە کاریگەرەکانی ئەو ڕەوتە.

چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم، لە پێنج تەوەری سەرەکی، سێکۆلاریزم، تیرۆر، مافەکانی مرۆڤ، جیهانگیری، دیموکراسی، پێکهاتووە. بەڵام من بە پێویستمزانی ئیش لەسەر هەردوو تەوەری سێکۆلاریزم و دیموکراسی بکەم بەخستنەڕووی بۆچوون و پێناسەی جیاجیای بیرمەندان و نووسەرانی جیهانی سەبارەت بە ئامانجی ڕاستەقینەی سێکۆلاریزم و دیموکراسییەت. چونکە سەرلەبەری ئەو بۆچوون و قسانەی لە پەیوەست بە سێکۆلاریزم و دیموکراسییەت، کردوونی، هیچیان ڕاست نین! جگە لە ریزکردنی کۆمەڵێک دەستەواژەی شێوە بڕیاری پێشوەختە نەبێت، کە بە ئاشکرا دەڵێت سێکۆلاریزم کوفر و ئیلحاد بڵاو دەکاتەوە، کەچی ئەمە ڕێک پێچەوانەی سێکۆلاریزمە.

ناکرێت کایەیەکی فیکری و سیاسی مۆدێرنی وەک سێکۆلاریزم، بە کۆمەڵێک هەڵەی لۆژیکییەوە بە خوێنەری کورد بناسێندرێت، ئەگەرچی نووسەری «چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم» مەبەستی لە نووسینی کتێبەکەی، کە پێشووتر بەر لە چاپدانی، لە چەندین کۆڕی جیاوازدا بۆ لایەنگرانی پارتەکەی، بە شێوەی کۆڕ و سیمینار پێشکەشی کردوون، ئامانجی شێواندنی سێکۆلاریزم و دیموکراسی بووە، تا بەرەی لایەنداری ئیسلامی سیاسی زیاتر بکات.

ئەوەی خۆی ویستوویەتی و مەبەستی بووە لە پەیوەست بەو چەمکانەدا، ئاماژەی بۆ کردوون و بڕیاری ڕەخنەکردنی پێشوەختەی لە بارەوە داون، ئاشکرایە لە ناوەندی سیاسی و فیکریشدا ئەمجۆرە قسەکردن و ڕەخنانە،

ناچنە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و قسەگەلێکی تەندروستەوە.

هەروەها بایەخی ئەوتۆشیان نییە، بەو پێیەی بڕیاری پێشوەختەی لە پشتەوە بووە، ئەگینا مەعقول نییە، چەمکێکی فیکری مۆدێرنی وەک سێکۆلاریزم، یان کولتووریی دیموکراسییەت، هیچ خاڵێکی باشیان نەبێت، خۆ ئەگەر بۆ سەلماندنی قسەکانی خۆیشی بایە، گرنگ بوو، چەند لایەنێکی باشی سێکۆلاریزم و دیموکراسی بورووژێنێت.

هەڵبەت سێکۆلاریزم، دیموکراسی، وەک هەر کایە و چەمکێکی تری سیاسی و مەعریفی، ئەوانیش جێگەی ڕەخنەکردنن، هیچ کایە و فیکرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیش، بەبێ کەموکووڕی و ڕەخنەکردن نین، بە پێچەوانەوە سێکۆلاریزم و دیموکراسی، سوودگەلێکی زۆریان بۆ کۆمەڵگە مرۆییەکانی جیهانیدا هەبووە، بەڵام ئەوە عەلی باپیرە، بڕیاری ئەوەی داوە کە بە هەموو شێوەیەک ئەو چەمکانە ڕەت بکاتەوە.

چونکی سوودی بزافە ئیسلامییەکان لەوەدا نییە کە سێکۆلاریزم، بە تایبەتیش دیموکراسی بپەڕنەوە بۆ کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، لەوەها دۆخێکیشدا، بەرەی ئیسلامخوازی دووچاری شکست دەبێتەوە کە ئێمە هەوڵ دەدین دواتر بە تێروتەسەلی قسەی لەمبارەوە بکەین.

هەڵبەت ئەم کتێبەی ئێستاش، کە لەبەردەستی تۆی ئازیزدایە، دەخوازێت لە گۆشەیەکی فیکرییەوە، شیکردنەوە بۆ چەمکی سێکۆلاریزم و دیموکراسی بکات، ئامانجیش لە نووسینی ئەم کتێبە، سەنگەرگرتن و پەلاماردانی خودی عەلی باپیر نییە، وەک شەخس، بەو پێیەی لە دونیای گفتوگۆی فیکریدا، پەلاماردان و سەنگەرگرتن لە بایەخی هەر پڕۆژەیەکی نووسینی فیکری کەمدەکاتەوە.

ئەوەی لەم کتێبەدا، ئاماژەی بۆ کراوە، جگە لە ڕاستکردنەوەی هەڵە و ئاشناکردنەوەی نووسەری چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم، سەبارەت

بە سێکۆلاریزم و دیموکراسییەت، رق و کینە نییە، بە تایبەتی ناکرێت کەسایەتییەکی سیاسی و ئایینی، وەک عەلی باپیر، بکەوێتە هەڵەگەلێکی نالۆژیکییەوە، کە گومان بخاتە سەر ئاستی تێگەیشتن و مەعریفی خۆی، بۆ سێکۆلاریزم و دیموکراسییەت!

هۆیەکی دیکەش، بۆ نووسینی ئەم وەڵامە، بۆ مەترسییەکانی ئەو هەناسە فیکرییە توندڕۆییەی کە عەلی باپیر کتێبەکەی پێنووسیوە، دەگەڕێتەوە، بەداخەوە لە ناوەندی سیاسی و رۆشنبیری کوردستانییدا وەک پێویست قسەی لەسەر نەکرا و هەڵەکانی، یاخود هەڵوێستە پێشوەختەکانی بۆ راست نەکرایەوە، ئەمەش رێگەخۆشکەر دەبێت بۆ بڵاوبوونەوەی فیکریی توندڕەوی زیاتر لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی کوردستانی.

هەڵبەت بەبێ قسەکردنیش لەسەر ئیسلامی سیاسی و ئامانج و چۆنێتی هەوڵدانیان بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری دژە سێکۆلاریزم و دیموکراسییەت، ناتوانین بە دروستی قسە لەسەر چەمکی سێکۆلاریزم و دیموکراسی بە گشتی و ئەو کتێبەی ئەویش بە تایبەتی بکەین، بۆیەش بە گرنگمزانی لە گۆشەنیگایەکی کوردییانەوە، ئەگەر بە کورتیش بێت، شەن و کەوی دەرکەوتن و ئامانجی ئیسلامی سیاسی، یاخود بزاوتی ئیسلامی سیاسیی کوردی بکەین، ئەگەرچی کایەی ئیسلامی سیاسی، وەک هەر کایەیەکی دیکە، ئەویش قسەگەلێکی زۆر هەڵدەگرێت و پێویستی بە توێژینەوەی فراوانتر هەیە.

## بەشی یەکەم

# دەربارەی ئیسلامی سیاسی

# بەشی یەکەم
# دەربارەی ئیسلامی سیاسی

## بزاوتی ئیسلامی سیاسی

زاراوەی ئیسلامی سیاسی، زاراوەیەکی تازەی نێو کایەی سیاسی و ئایینییە، سەرەتا لە جیهانی ئیسلامییدا، پاشانیش لە جیهاندا بە هۆی دروستبوونی رەوتی فیکریی ئیسلامی، گرووپی ئیسلامی، رێکخراوە توندڕۆ و خێرخوازیی و بانگخوازییە ئیسلامییەکان، کە هەندێک لەوانە هانایان بۆ توندوتیژی و بڵاوکردنەوەی شەریعەتی ئیسلام بردووە، ئەو زاراوەیەش پەیدابووە.

دەکرێ بڵێین، لە بنەڕەتدا زاراوەی ئیسلامی سیاسی بە سەرجەم گرووپی ئیسلامی و حیزبی ئیسلامی و کەسایەتی ئیسلامی و چالاکوانی ئیسلامی چ چەکدار بن، یان بێ چەک بن، بگوترێت ئیسلامی سیاسی، کە بە یەکەوە خەریکی بە دیاردەکردنی ئیسلامگەران، لەسەر ئاستی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و جیهانیشدا، سەرجەمی ئەوانەش، لەژێر یەک چەتری ئایدۆلۆژییادان، ئەویش ئایدۆلۆژیای سیاسی دەستەیەک، یاخود حیزبگەلێکی ئیسلامی کە هەوڵی بە ئایدۆلۆژیاکردنی ئیسلام وەک ئایین

دەدەن، تا بیکەنە ئایدۆلۆژیا و پرەنسیپ و بنەمای نەگۆڕی ئامانجی سیاسی خۆیان.

واتە، کۆی ئەو پارت و ڕێکخراوە ئیسلامییانە، یان کارەکتەر و نووسەرانی ئیسلامی سیاسی، ئیش بۆ ئەوە دەکەن، کە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی، بکەنە بنەمای دەوڵەتێکی فراوان، بە جۆرێک دەسەڵاتی بەسەر کۆی دونیادا هەبێت، کەواتە دەتوانین لە کورتترین و باوترین پێناسەدا بۆ ئیسلامی سیاسی، بڵێین: فیکرێکە، ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی، دەستەیەک لە کەسی گۆشکراو بە شەریعەتی ئیسلامی، یان حیزبی ئیسلامییە، کۆی ئەمانەش لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای ئیسلامیدا، کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە شێوەی خەلافەتدا دەکەن.

لەگەڵ دروستبوونی ئیخوان ئەلموسلمین، ساڵی ١٩٢٨ لە وڵاتی میسردا، کە ئیخوان بە دایکی ئیسلامی سیاسی هاوچەرخ دادەندرێت، ئیدی دەستەواژەی ئیسلامی سیاسی، وەک ڕەوتێکی سیاسی شێوە حیزب، ئەویش دێتە ناو کایەی سیاسی، ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە، دواییش دەچێتە ناو کایەی سیاسەتی جیهانییەوە، بە تایبەتی دوای ڕووداوە تیرۆریستییەکەی ١١ی سێپتەمبەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە بە هۆیەوە بەرەی دژە تیرۆر و ئیسلامی سیاسی، فراوانتر دەبێت و دەستەواژەی ئیسلامی سیاسیش گفتوگۆ و باسوخواسی زیاتری لەبارەوە دەکرێت.

یانی قۆناغێکی دیکە لە ئەدای ئیسلامیی سیاسی دێتە کایەوە، بە جۆرێک وەک هەڕەشەیەکی جیدی، بۆ سەر ئاسایشی جیهانی لە پەیوەست بە پێکەوەژیانی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت، هەر بۆیەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە، بە فەرمی شەڕی دژە تیرۆر ڕادەگەیەنێت، تا ئەو ئاستەی جۆرج بۆشی

سەرۆکی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، گوتی: ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت، واتە لەگەڵ ئەمەریکادا نەبێت، بۆ شەڕکردن لە دژی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و ئەو وڵاتانەی تێوەگلاون لە هاوکارییکردنی تیرۆریستان، دژی ئێمەیە، واتە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایە.

ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ جیدێتی ئەمەریکا لێکدرایەوە، کە بەڕاستی ئەوکات و ئێستاش، ترسی لە ئیسلامی سیاسی هەبووە و هەیە، ئیدی لەو چوارچێوەیەشەدا، کۆتایی بە دەسەڵاتی تالیبان یاخود ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە لە ئەفغانستاندا هێنا، پاشانیش لە ساڵی ٢٠٠٣دا، سەرباری ناڕەزایەتی بەشێک لە وڵاتانی جیهانی و سیاسەتمەدارانی ناوخۆی ئەمەریکا، بەڵام جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا، بە هاوکاری بەریتانیای هاوپەیمانی و چەند وڵاتێکی دیکە، بە جورئەتەوە، بڕیاری هێرشکردنە سەر دەسەڵاتی سەددام حوسێن لە عێراقدا دەدات و لە ماوەی تەنیا بیست ڕۆژێکدا و بە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە لە بەرەی باشووری کوردستانەوە، تەواوی عێراق، لە چنگی ڕژێمی سەددام حوسێن دەردەهێنرێت.

بەڵام ئەمەش نەبووە هۆی ئەوەی کە تیرۆر و تیرۆریستان و فیکری توندڕۆی ئایینی کۆتایی پێبێت، بە پێچەوانەوە، بەرەی توندڕۆیی و دژایەتییەکان، بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و جیهانیش زیاتر بوون، کردەی تەقینەوە و خۆکوژیش لە عێراق و ئەفغانستاندا، پەرەیان سەند بەوەی سەربازانی ئەمەریکی و هاوپەیمانان، ڕۆژانە دەبوونە ئامانجی کردە تیرۆریستییەکان، ئەمە سەرباری ئەوەی، تا ئێستاش ڕۆژانە دەیان و سەدان کەس دەبنە قوربانی ئامانجی کردە تیرۆریستییەکان.

واتە ناسەقامگیریی ئاسایشی ناوچەکە، فاکتەری بەهێز بوو لە دروستکردنی

**پشێوی کۆمەڵایەتی، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە تایبەتیش لە میسر و سووریا و لیبیا و عێراق و یەمەن و تونسدا، ئەو لێشاوی ئالۆزییەش، بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک دژی دەسەڵاتداریێتی وڵاتەکانیان رابپەڕن.**

**لە میسر، حوسنی موبارەک لە دەسەڵات دوورخرایەوە و لە ئەنجامی هەڵبژاردنیشدا، ئیخوانەکان گەیشتنە سەر کورسی سەرۆکایەتی و لە پرۆسەی بە خێرایی بە ئیسلامییکردنی کۆمەڵگە و دامەزراوە و یاساکانی میسری سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە دووچاری ناڕەزایی سێکۆلار و خەڵک و بەشێک لە سیاسییەکانی میسر بوونەوە.**

**دواتر دەسەڵاتی سوپای میسر، محەممەد مورسی سەرۆکی میسری لە پۆستی سەرۆکایەتی سڕکرد و دیسانەوە سێکۆلارەکان گەیشتنەوە دەسەڵات، بەڵام ئەوەش نەبووە هۆی ئەوەی کە ئارامی بۆ کۆمەڵگەی میسری بگەڕێتەوە، بە پێچەوانەوە، ئینجا ئالۆزییەکان زیاتر بوون. لە لیبیاشدا موعەمەر قەزافی، دوای چەند مانگێک شەڕکردن لەگەڵ گرووپە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکان، ئیدی لە دەسەڵات دەکەوێت و بە بەرچاوی دونیاوە، بە توندوترین و قێزەوەنترین شێوە، دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر، ئینجا لە لایەن دەستەیەکی کەسی میلیشیاوە دەکوژرێت.**

**بە هەمان شێوەش، لە یەمەن و تونس، حکوومەت و سەرۆکایەتیی وڵات، پەکیان دەکەوێت، واتە لەژێر گوشاردا، سەرۆکی یەمەن و تونس، ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە دەکرێن، پاشانیش لە یەمەن، گرووپی مەزهەبگەرای حوسییەکان، کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، پاڵپشتی دەکرێن، هەڵدەستنەوە و داوای گۆڕینی دەسەڵات دەکەن، ئەمەش دیسانەوە ناکۆکییەکانی ئەمەریکا و ئێران زیاتر دەکات، هاوکات لەگەڵ خۆشیدا کارەساتی مرۆیی بۆ سەر یەمەنییەکان هێنا و بە هەزاران کەس کوژران و**

تەقێندرانەوە و ئابووری ئەو وڵاتەش بە جۆرێک پەکیکەوت، کە خەڵکی بە هۆی برسێتییەوە گیانیانلەدەست دەدەن.

بارودۆخی سیاسی سووریاش، بە جۆرێک تێکدەچێت، کە هەرچی گرووپی تیرۆریستی و ئیسلامی توندڕۆ هەیە، ڕوودەکەنە ئەو وڵاتەوە، لە بەرانبەریشدا بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا، لە پێناو مانەوەی خۆیدا لە دەسەڵات، دەستی لە کەس نەپاراست و ڕۆژانەش بە بەرچاوی دونیاوە، بە سەدان کەس دەکوژران و لە برسان دەمردن، بە هۆی درێژەکێشانی توندوتیژیی و پێشێلکارییە مرۆییەکانی ئەسەد و مانەوەی لە دەسەڵاتدا، ئیدی سووریا بوو بە جێگەی هەرچی گرووپی تیرۆریستی و کەسانی هەرچی و پەرچی داواکراو و تاوانباری کردە تیرۆرییەکان و ئەوەش کاریگەری گەورەی دروستکرد، بۆ سەرهەڵدانی گرووپی چەکداریی تیرۆریستی هاوشێوەی بەرەی نوسرە و دەوڵەتی ئیسلامی، واتە «داعش».

ڕاستە داعش پێشووتریش هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی سووریادا، ئەو گرووپە تیرۆریستییە، ئیدی دەستی گرت بەسەر بەشێکی زۆر لە خاکی سووریا و پاشانیش مووسڵ و تکریت و فەلوجە و شنگال و حەویجە و زۆر شوێنی دیکەی گرنگی عێراق. ئەمە سەرباری ئەوەی هەرچی چەک و تەقەمەنی سوپایی هەبوو، لە مووسڵدا سوپای عێراق دوای شکستییان خستییانە بەردەستی چەکدارانی داعش بە هۆیەوە ئەو گرووپە تیرۆریستییە بەهێزتر بوو.

داعش لە عێراقدا کارەساتی مرۆیی گەورەی بەسەر هاووڵاتیانی سڤیلدا هێنا، وەک ئەوەی کوردانی ئێزیدی کۆمەڵکوژ کرد، ژنان و کچانی ئێزیدی، وەک کۆیلەی سێکس بەکارهێنا. هاوکات تەنیا لە سەربازگەی سپایکەردا، نزیکەی هەزار سەربازی عێراقی، کە خەریکی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی

بوون، دەکەونە دەست داعش و سەرجەمیانیش دەکوژرێن و پاشان بە مردوویی و نیمچە زیندویی، فڕێدەدرێنە ناو رووبارەوە.

ئەمە سەرباری ئەوەی لە مووسڵ و ناوچەکانی تری عێراقدا، بە هەزاران کەس دەکوژێت، ژنانی ژێردەستی خۆی وەک کۆیلە و تێرکردنی غەریزەی سێکسی بەکارهێنا، ئەمەش لە ئەنجامی ئاڵۆزییە مەزهەبی و سیاسییەکانی ناوچەکە هاتە ئاراوە.

ئەگەرچی لێرە و لەوێ، دەگوترێت، کە گوایە رێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە و داعش، پێوەندییان بە ئیسلامی سیاسییەوە نییە، بەو پێیەی شوناسێکی تیرۆریستییان هەیە، بەڵام لە جەوهەردا، قاعیدە، داعش، بەرەی نوسرە، هەر سێ گرووپ، لەسەر ئیسلامی سیاسی هەژمار دەکرێن، چونکی ئەو سێ گرووپەش، هاوشێوەی حیزبی ئیسلامی، ئەوانیش دەیانەوێت دەوڵەت لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ئایینی ئیسلامی دابمەزرێنن.

بەڵام ئەوەی قاعیدە و داعش و نوسرە کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ «فەتحولشام» لە پارتەکانی دیکە جیادەکاتەوە، خاڵێکی بچووکە کە داعش لە رێگەی کردەی تیرۆریی و چەکدارییەوە، دەیەوێت دەست بگرێت بەسەر ناوچەکە و خاکی وڵاتاندا، تا دەوڵەت دروستبکات، وەک ئەوەی لە مووسڵ و رەققەدا دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی دامەزراند، ئەگەرچی قاعیدە زیاتر پشت بە کردەی تیرۆریستی، واتە کاری تەقینەوە و خۆکوژیی و تۆقاندنی خەڵکی دەبەستێت، بەڵام لە جەوهەردا، لەگەڵ داعش، یەک شوناسی سیاسیی ئایدۆلۆژیی جیهادییان هەیە.

ئەوەی داعش و قاعیدەش لەگەڵ حیزبی ئیسلامی و کارەکتەرەکانی تر جیادەکاتەوە، جیاوازییەکی جەوهەری نییە، لە تێڕوانینیان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، تەنێ ئەوەیە، حیزب و کارەکتەری ئیسلامی، بە تایبەتی ئەوانەی

لە چوارچێوەی یاسا ڕێگەپێدراوەکانی دەوڵەتدا، کار دەکەن، ئەوەیە حیزبی ئیسلامی سیاسی، دەچێتە پەرلەمان و بانگەشەی دیموکراسییەت و کرانەوە و مافی مرۆڤ دەکات، هاوکات مزگەوت و قوتابخانە و زانکۆ و بازاڕ و شاشەی تەلەفزیۆن و رادیۆ و ڕۆژنامەکانیش، بۆ ئامانجی سیاسی خۆی بەکاردەهێنێت، بە هەمان شێوەش، داعش و قاعیدە و فەتحولشام «بەرەی نوسرە» هەمان ئامانجی سیاسی دیاریکراویان هەیە، کە ئیشکردنە بۆ دروستکردنی خەلافەت، لەسەر بنەمای شەریعەت و ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سوننەگەرا.

## دەستەواژەی ئیسلامی سیاسی

لەگەڵ ئەوەی سەرجەم گرووپ و حیزبی سیاسی و کارەکتەر و تیۆرسیۆنی ئیسلامییەکان، بە رووکەش، بەسەر چەندان گرووپ و حیزبی سیاسی و رێکخراوی جۆراوجۆری و کۆمەڵایەتی و مەدەنی و پەروەردەیی و بانگخوازی و میدیایی و رۆشنبیری دابەشبوونە، بە هەموو جۆرێکیش، دژایەتی یەکدی دەکەن و لە پەیوەست بە رەتکردنەوەی بەرنامە و پرۆژەی یەکدیدا لە ململانێی سەختدان، بەڵام لە جەوهەردا، سەرجەمی ئەو حیزب و گرووپە ئیسلامییانەی، وەک داعش، قاعیدە، ئیخوان موسلمین، بەرەی نوسرە «فەتحولشام» و حیزبە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستانیش، لە یەک خاڵدا یەکدەگرنەوە، ئەویش هەبوونی گوتار و ئامانجێکی هاوبەشی دژایەتیکردنە لە پەیوەست بە دروستکردنی گوشار بۆ سەر دەرکەوتە مەدەنیی و سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و گۆڕانکارییە رۆشنبیری و فیکری و کۆمەڵایەتییەکان، لە ناوخۆی دەوڵەتدا، گوایە سەرجەم ئەو بەها و یاسایانەی هەن، نابێت لە دەرەوەی ترادیسیۆنی ئایینی و بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلامدا، یەک نەگرێتەوە، واتە ئامانجی هاوبەشییان یەکە، تەنیا شوێنگە و جۆری چالاکی و میکانیزمی سیاسییان، نەختێک جیاوازی لە نێواندا هەیە، ئەگینا یەک شتن و بەرەو یەک ئاقاری دیاریکراوی فیکری و سیاسی هەنگاو هەڵ دەگرن.

کەوایە لەمەودا لەبری سەرجەم گرووپ و رێکخراو و حیزبی ئیسلامی، دەستەواژەی ئیسلامی سیاسی بە گونجاو دەزانین و زیاتریش باسەکە دەبەستینەوە بە ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، ئەگەرچی ئاشکرایە

ئیسلامی سیاسی کوردییش دابڕاو نییە لە ئیسلامی سیاسی جیهانی، بەڵام هەست دەکرێت ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، لە پەرەسەندندایە، بەرەی سێکۆلار و پارتی سیاسی ناسیۆنالیست و سێکۆلاری کوردیش، بەداخەوە نەیانتوانیوە بەرەیەکی بەهێزیان هەبێت بە جۆرێک پڕۆژە و ئامانجی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بۆ خەڵک روون بکەنەوە، کە بەنیازی چین و بۆچی سەریانهەڵداوە، هەر بۆیەش، ئەمە وای کردووە کە ئیسلامی سیاسی وەک هێزی هەڕەشەئامێز لە کۆمەڵگەی کوردستانی دەرکەون و گرووپی گوشار بن بۆ سەر دەسەڵات و یاسا مەدەنییەکان و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، کە دواتر بە تێروتەسەلی باسی لێوە دەکەین.

دەستەواژەی ئیسلامی سیاسیی کوردی، مەبەست لەو کەس و گرووپ و حیزبە ئیسلامییانەی کوردستانە، کە ئیسلام وەک ئایدۆلۆژیا و بنەمای دروستکردنی دەوڵەت بەکاردەهێنن، لە ڕێگەی جوڵاندنی باری سایکۆلۆژییەت و سۆزی تاکی موسڵمانی کورد، بە شێوەیەک کۆمەڵگەی کوردستانی، بە ئیسلامی سیاسی بکەن کە ئەوەی ئیسلامی سیاسی دەیەوێت لە بە ئیسلامییکردنی کۆی کایەکانی کۆمەڵگە و دامەزراوە سیاسی، یاسایی، پەروەردەیی و کولتووریی و هونەریی.

هاوکات بایەخدان بە پڕۆژەی پەراوێزخستن و سڕینەوەی هەستی نەتەوەیی و ئازادییە کەسییەکان، لە تەک ئەوەشدا، دژایەتی بەرەی سێکۆلاریزم و دیموکراسییەت، بەو پێیەی سێکۆلاریزم و دیموکراسییەت، بە هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر ئایینەدەی خۆیان دەزانن، لەم سۆنگەیەشەوە هەوڵی خوێندنەوەیەکی هەڵەی سێکۆلاریزم و دیموکراسی دەدەن، تاکو وێنایەکی داتاشراوی ناشیرینی ئەو دوو کایەیە، نیشانی شەقامی کوردی بدەن، بە ئامانجی ڕێگریکردن لە گەشەی فیکری و بونیادی کۆمەڵگەی کوردستانی. چونکە ترسی جیدیی ئەو گرووپانە لە کرانەوەی کۆمەڵگەدایە بە ئاڕاستەی تێفکرین لە دیاردە و خۆشگوزەرانی ژیان، کە ئەمانە دەبنە هۆی جێگە لەقکردن بە بزاوتی ئیسلامی سیاسی.

## سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسیی کوردی

مادام دەستەواژەی «ئیسلامی سیاسیی»مان بۆ سەرجەم گرووپ و کەس و ڕێکخراو و حیزبی ئیسلامی بەکارهێنا، بۆیە زەحمەتە بتوانین سەرەتایەکی مێژوویی دروست دەستنیشان بکەین، بۆ زانینی مێژووی دروستی زەمەنی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسیی کوردی، کە بۆ کەینێ دەگەڕێتەوە، ڕاستە سەرچاوە مێژووییەکانی ئیسلامی سیاسیی کوردستان، سەبارەت بە فیکری دروستبوونی ئیسلامی سیاسی، ئاماژە بەوە دەکەن، کە گوایە شێخ محەممەد بەرزنجی، خاوەنی فیکری ئیسلامی سیاسییە لە کوردستاندا، هەر ئەو شێخ محەممەدەش، هۆکاری دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان بووە، بە سەرۆکایەتی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، بەڵام ناکرێت ئەمەش وەک ڕاستییەکی مێژویی تەواو سەیر بکەین، چونکە هەڵبەز و دابەزێکی یەکجار زۆر لەمبارەیەوە هەیە و باسوخواسێکی زۆریش سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی فیکریی سیاسیی ئیسلامی لە کوردستاندا هەن، چونکی ئاشکرایە ئەو هەستە، ئایینییە هەندێکجار لە ڕەوتی ئاسایی ئاییندارى خۆشی لایداوە و دەمێکیشە لەژێر کاریگەری فیکریی ئیسلامی سیاسی عەرەبی لەناو کوردیشدا کەم و زۆر، ئامادەگی هەبووە، بە چەشنێک کە ڕێکخراو نەبووە، بەڵکوو زیاتر هەوڵی تاکە کەسی بووە، تا حیزبی سیاسی بێت لە شێوەی ئیخوان ئەلموسلمین.

کەوایە باشتروایە دروستبوونی حیزبی ئیسلامی سیاسی، وەک سەرەتاییەکی ئیسلامی سیاسی بکەینە دەروازەی ناسین و سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی

لە باشووری کوردستاندا، چونکی لە دونیای ئێستاکەدا، پارتی سیاسی، قورسایی مێژوویی و سیاسی خۆی هەیە، دەکرێت کۆمەڵگە حیسابی بۆ بکات، بە جۆرێک هیچ کۆمەڵگەیەک، ناتوانێت خۆی لەژێر واقیعی پارتی سیاسی بدزێتەوە و بەبێ پارتی سیاسی بژیەت، ئەمە لە دونیای مۆدێرنەتەدا مەحاڵە، بۆیە لەم ڕەهەندەوە، حیزبی ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامیدا، سەرهەڵدەدات، وەک گەمەکەرێکی سیاسی، بۆ رامکردنی کۆمەڵگەی ئیسلامی، لەسەر بنەمای شەریعەت و ئایدۆلۆژیای خەلافەت.

کەوایە دروستبوونی حیزبی ئیسلامی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تا کۆمەڵگە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام ببات بەڕێوە، لە چوارچێوەی دەوڵەت، یان خەلافی ئیسلامیدا، ئەم نییەتەش هەمیشە ئامادەگی هەبووە، ئێستاش لە ئارادایە، وەک چۆن دەوڵەتی نەتەوەیی و سێکۆلاریستی هەن، ئاواش ئیسلامی سیاسی دەخوازێت دەوڵەتی ئیسلامی دروستبکات، چونکی بە تێگەیشتنی ئیسلامی سیاسی، کۆمەڵگە دەبێت لە چوارچێوەی بنەما و ترادیسیۆنی ئایینی بەڕێوەببرێت، بە جۆرێک شەریعەتی ئیسلامی رەنگبداتەوە، بەسەر کۆی کایە پەروەردەیی و زانستی و پزیشکی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەوانی دیکەشدا.

ئەم تێگەیشتنەش، هەمیشە لە ناکۆکی دابووە لەگەڵ پێشکەوتن و کرانەوەی کۆمەڵگەدا، چونکە ترسی لە هەر کرانەوەیەکدا هەیە بەڕووی کۆمەڵگە، نەکا جێگەی پێ لەق بکات، وەک ئەوەی سێکۆلاریزم، جێگەی بە مەسیحییەت لە ئەوروپادا لەق کرد، بە گەڕاندنەوەی بۆ ناو کڵێسا و جیاکردنەوەی لە کاروباری دەوڵەت، ئاواش ئیسلامی سیاسیی کوردی، ترسی لە کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە، بۆیەش چەندین حیزب و گرووپی جیاوازی ئیسلامی سەرهەڵدەدەن، کە ئێمە بە ئیسلامی سیاسی ناویان دەبەین.

لە چەند دەیەی رابردوو لە باشووری کوردستاندا، چەندان گرووپ و بزاوتی

ئیسلامی دروستبوون و بەشێکیان کۆتاییان هات و ئەوانەی ماونەتەوە، لە چوارچێوەی یاساکانی هەرێمی کوردستاندا، تا ئێستا چالاکی سیاسی ئەنجامدەدەن. جگە لەو تایتلەی بزاوت و حیزبە ئیسلامییانەی، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە کاتی دروستبوون و ئامانجی سیاسی و ئایینییان دەکەین، ڕەنگە دەیانی دیکەش هەبووبێتن، بەڵام هەلومەرجی ناوخۆیی، یان دەرەکی و کۆمەڵایەتییان، وای کرد هەر زوو هەڵوەشێنەوە و ونبن.

بۆیە لێرەدا ئەگەر بە کورتیش بێت، گرنگە وەک دەروازەیەک بۆ قسەکردن لەسەر کتێبەکەی عەلی باپیر، کە دەکرێ وەک سەرچاوەی فیکری کۆی بزاوتە ئیسلامییەکانی دیکەش حسابی بۆ بکرێت، باسی چەند حیزب و گرووپێکی ئیسلامی سیاسی بکەین، لە مێژووی هەرێمی کوردستاندا، هەر هیچ نەبێت لە سۆنگەی کتێبەکەی عەلی باپیرەوە ئایدۆلۆژیای ئەوانیش دەناسین و هەر یەکێکیش لەم تایتلانەی خوارەوە بۆ خۆیان دونیایەک گفتوگۆ و باسوخواسییان لەسەرە.

بۆیە ناکرێ بێ باسکردن لە ئامانجی سیاسی و ئایدۆلۆژی و ئایینی ئەو چەند حیزب و گرووپە دیارەی مێژووی کوردستان، باس لە گوتاری ئیسلامی سیاسی بکەین، بە خوێندنەوە و وردبوونەوە لێیان، دەتوانین بڵێین لە ڕووی فیکرییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت، بگرە لە دەرئەنجامی ناکۆکی ناوخۆیی و میراتی حیزب دروستبوونە و دواتر یەکتریانیش ڕەتکردووەتەوە، ئەمەش کەم و زۆر، کاریگەری کردووەتە سەر ئاڵۆزکردنی ڕەوشی سیاسیی باشووری کوردستان، لە قۆناغە جیاوازەکاندا، بە تایبەتی قۆناغی پێش ساڵی ٢٠٠٠، بە تایبەتی کاتێک بزووتنەوە و جوندولئیسلام دەستبەسەر چەند ناوچەیەکی گرنگی کوردستاندا دەگرن و ئیدی پارتە نەتەوەیی و سێکۆلارەکانیش، جگە لە گفتوگۆ، زۆرجار بە ناچاری پەنایان بۆ بەکارهێنانی چەک بردووە، بۆ کۆتایی هێنان بەو گرووپە ئیسلامییانەی، وەک مەترسییەک بۆ سەر باشووری کوردستان دەرکەوتن.

# بەشی دووەم

# حیزب و گرووپە ئیسلامییەکانی کوردستان

## بەشی دووەم
# حیزب و گرووپە ئیسلامییەکانی کوردستان

### بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان

لە ئێستا سێ حیزبی ئیسلامی سیاسی لە باشووری کوردستاندا، لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە، ئەوانیش: بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانن.

وەک پێشتریش باسمان کرد لە رابردووشدا، چەندین گرووپی دیکەی ئیسلامی سیاسی هەبوون، کە بە هۆی توندڕەوییان و دژایەتیکردنی دامەزراوەکانی حکوومەت، لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، قەدەغەکران، لەوانە، جوندولئیسلام، کە دواتر لەگەڵ باڵێکی دیکەدا یەکدەگرن و ئەنسارولئیسلام رادەگەیەنن، ئەو گرووپەش بە هۆی ئەوەی لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستاندا، دەکەوێتە شەڕەوە، ئیدی پێگەی چەکداری نەما، پاشان ئەنسارولسوننە و چەندین گرووپی دیکەش دەردەکەون و لەژێر گوشاری هێزی پێشمەرگەی باشووری کوردستاندا، ئەوانیش کۆتاییان دێت، بەڵام لە جەوهەردا هەر سێ حیزبە رێگەپێدراوە ئیسلامییەکەی

کوردستان، بۆ یەک ئاقاری سیاسی هەنگاو دەنێن و بە میکانیزمی سیاسی، ڕێکخستنی جیاواز، هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی خۆیان دەدەن، کە خۆی لە دروستکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییانەی، تەواو ئیسلامی سیاسی دەبینێتەوە، لە چوارچێوەی دروستکردنی دەوڵەتێکی خەلافەتی ئیسلامی سوننەگەرایی.

بەو پێیەی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، یەکەم حیزبی ئیسلامیی سیاسییە، لە باشووری کوردستان، بۆیە بە حیزبی دایک، لە ناوەندی سیاسی و مێژویی ئیسلامی سیاسی تەماشای دەکرێت.

بەڵام دوای کەرتبوونی ئەو حیزبە، ئیدی پێگەی سیاسی لاواز دەبێت، بەوەی جەماوەرەکەی دابەشی سەر یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دەبن و تا ئەم چرکەساتەش، بزووتنەوەی ئیسلامی خۆی وەک تاکە حیزبی ئیسلامی دەناسێنێت و لە دیدی خۆیانیشەوە، سەرکردەکانی ئەو حیزبە، بزووتنەوەی ئیسلامی بە حیزبی دایکی ئیسلامی سیاسی دەزانن.

سەرەتای ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٧، کە لە کۆماری ئیسلامی ئێران، بە فەرمی خۆی ڕادەگەیەنێت، ئەمەش واتە ساڵێک پێش ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجەیە، کە لە ئەنجامی بۆردوومانی کیمیایی فڕۆکە عێراقییەکان، کە بە هۆیەوە هەزاران هاووڵاتی سڤیلی کورد کوژران و بێسەروشوێنبوون.

واتە هەلومەرجی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی، هەلومەرجێکی ناسەقامگیرە کە کۆمەڵگەی کوردستانی پێدا گوزەردەکات، هاوکات پارتی سیاسیی کوردی، لە خەباتی چەکداریی دابوون، دژ بە ڕژێمی بەعس لە عێراق و بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەتی دژی دەسەڵاتدارێتی سەددام حوسێنی سەرۆکی ئەوکاتی عێراق.

ئەگەرچی ئەو حیزبە سەرەتا لە وڵاتی ئێران دادەمەزرێت، بەڵام بە شوناس، حیزبێکی ئیسلامی سیاسیی کوردییە، هەر بۆیەش، بزووتنەوەی ئیسلامی لە پاڵ کارە بانگخوازییەکەیدا، هاوکات دەبێتە حیزبێکی چەکداریش، ئەمەش رەنگە هۆیەک بێت بۆ ئەوەی، بڵێین کە شوناسی راستەقینەی بزووتنەوەی ئیسلامی، لە پاڵ ئەوەی حیزبێکی سیاسیی ئیسلامی بانگخوازییە، بە لای چەکداریشەوە دەچێت و لە مێژووی خۆشیدا، چەندین گرووپی چەکداری لێبووەتەوە، وەک کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بە سەرۆکایەتی عەلی باپیر، ئەنسارولئیسلام، بە سەرۆکایەتی مەلا کرێکار، کە لە بزووتنەوە جیابوونەوە.

بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، بۆ یەکەمجار لە کۆماری ئیسلامی ئێران، لە لایەن مەلا عوسمان عەبدولعەزیز دادەمەزرێت، وەک خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن و لە کردەوەشدا دەرکەوتووە، لەسەر بنەمای جیهادکردن و ئەهلی سوننەت و جەماعەت کار دەکات.

واتە ئایدۆلۆژیای راستەقینەی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، سوود وەردەگرێت لە ترادیسیۆنی ئیسلامی، شەریعەتی ئیسلام، هەڵبەت ئامانجی سیاسیشی کارکردنە، بۆ رەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی ئیسلامییانە، لەسەر بنەمای دەوڵەتی شەریعەتی ئیسلامی، واتە ئامانجی سیاسی بزووتنەوە چەسپاندنی شەریعەتی بێ ئەملاو ئەولای ئیسلامە.

بزووتنەوەی ئیسلامی، هاوشێوەی سەرجەم حیزب و گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە، ئەویش بڕوای بە جیهادی موسڵمانان هەیە، لەکاتێکدا هەستی جیهادی، بووەتە هۆی خولڵقاندنی کارەسات لە وڵاتانی ئیسلامی و هەتا جیهانیشدا کە بە هۆی مومارەسەکردنی ئەرکی جیهادییەوە رۆژانە کردەی تیرۆریستی و تەقینەوە، خۆکوژیی، سەربڕین و کوشتاریی قێزەوەن ئەنجامدەدرێن.

لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی

بەشداری یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی کوردستان دەکات، لە دوای پارتی دیموکراتی کوردستان، کە دەنگی یەکەم و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە دەنگی دووەم مسۆگەر دەکەن، ئەوەبوو بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، بە سەرۆکایەتی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، دەنگی سێیەمی خەڵکی کوردستان مسۆگەر دەکات، واتە لەوکاتدا بزووتنەوەی ئیسلامی، حیزبی سێیەم بووە لەسەر ئاستی باشووری کوردستان، لەو سەروبەندەشدا، چونکی زۆربەی پشتیوانان و لایەنگرانی لە پارێزگەی هەڵەبجە و دەوروبەری بوو، قورسایی سیاسی و ئایینی خۆی لە ناوچەی هەڵەبجە و هەوراماندا چڕدەکاتەوە.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٣ بە دواوە، ناوچەی هەڵەبجە و پێنجوێن و تەوێڵە و بیارە و هەندێک شوێنی دیکەش بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامیی سەرپەرشتی دەکرێت، تا ئەوکاتەی نێوانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، تێکدەچێت.

پاش ئەوەی شێخ عوسمان عەبدولعەزیزی رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی، لە ساڵی ١٩٩٨، کۆچی دوایی دەکات، براکەی بە ناوی مەلا عەلی عەبدولعەزیز، کە بە ئەسڵ خەڵکی ناوچەکانی پارێزگەی هەڵەبجەن، لە ساڵی ١٩٩٩دا، جێگەی شێخ عوسمان دەگرێتەوە، لە دوای ئەوەش، کە مەلا عەلی عەبدولعەزیز، رابەرایەتی بزووتنەوەکەی، وەک میراتی خێزانی بۆ دەمێنێتەوە، ئیدی دۆخی ناوخۆیی و پەیوەندییەکانی بزووتنەوە، جۆرێک گۆڕانکاریی بەسەر دادێت، دوو ساڵ دوای وەرگرتنی پۆستی رابەرایەتی بزووتنەوە، مەلا عەلی، لەگەڵ دەستەیەک لە خەڵکی سیاسی ئیسلامی، کە رێکخراوە بچووکەی ئەو دەستەیە، بە نەهزە ناسرابوون، بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردستان دروست دەکەن، بەڵام هەر زوو ئەو بزووتنەوەیە کۆتایی هات.

دەکرێ بگوترێت هەر لە دایک نەبوو، چونکی بە فەرمی هیچ کارێکی

ئەوتۆیان نەکرد، مانەوەی ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی وەک خۆی، بەڵگەیەکی روونە لەوەی ئەو هەوڵەی ئیسلامییەکان، سەری نەگرت، ئەمە سەرباری ئەوەی کە کۆمەڵی ئیسلامی و ئەنسارولئیسلام و چەندان گرووپ و دەستەی دیکەش، لە بزووتنەوە جیا دەبنەوە. هەر یەک لەو دەستانەش، پارچەیەکیان لە رۆحی بزووتنەوە کردەوە، تا ئەوەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٣ بزووتنەوە، واتە حیزبە سێیەمەکە، بە یەک کورسی پەرلەمانییەوە، دەچێتە پەرلەمانی کوردستان، لە تەک ئەویشدا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە حەوت ساڵ پاش بزووتنەوە دامەزراوە، دەبێتە خاوەنی دە کورسی پەرلەمانی، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانیش، کە چواردە ساڵ دوای بزووتنەوە خۆی راگەیاندووە، شەش کورسی و سکرتێری پەرلەمانی کوردستانیش مسۆگەر دەکات.

## یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

قسەکردن لەسەر مێژووی دروستبوونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، هەروا ئاسان نییە، چونکە ئەو حیزبە، بەر لە ڕاگەیاندنی خۆی، سەرکردە و کەسایەتییە سیاسییەکانی، پێوەندیی تۆکمەیان لەگەڵ ئیخوان ئەلموسلمیندا هەبووە، بەو پێیەی ئیخوان بزووتنەوەیەکی سیاسی ئیسلامخوازی سەرتاسەری بووە، لە جیهانی عەرەبی و وڵاتانی ئیسلامی، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، باشووری کوردستانیش، وەک بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە زۆربەی هەرە زۆری پێکهاتە سەرەکییە کوردەکەی موسڵمانن. کەوایە ئیخوان ئەلموسلمین بە ئاسانی دەیتوانی لە ڕێگەی کەسایەتییە ئایینییەکان و چالاکی خێرخوازیی، هەیمەنەی خۆی لە باشووری کوردستانیشدا بسەپێنێت، کە ئێستاش یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، سەرباری ئەوەی وەک حیزبی سیاسی کار دەکات، بەڵام هێشتاش شوناسە ڕێکخراوەییە خێرخوازییەکەی فڕێنەداوە و وەک بەشێک لە کاری سیاسی خۆی، لە پرسی ڕێکخستنی حیزبیدا، ئەو شوناسە خێرخوازییە وەگەڕدەخات.

یەکگرتووی ئیسلامی ئەوەندەی لە ڕێکخراوێکی خێرخوازی دەچێت، لە حیزبی سیاسی ناچێت! هەر ڕۆژەی جۆرێک گوتاری سیاسی هەیە، دەمێک موجامەلەی دەسەڵات دەکات، دەمێکیش دەستخۆشی، لە نێوان ئۆپۆزسیۆنبوون و دەسەڵاتخوازییدا یاری دەکات، هەر ڕۆژەی بەلایەکدا دەچێت.

بە نزیکەی حەوت ساڵ، دوای دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩٤دا، خۆی رادەگەیەنێت، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە ناسەقامگیرەی ئەوکاتی باشووری کوردستان، کە هەردوو پارتی سیاسی نەتەوەخوازیی نیمچە سێکۆلار، واتە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەگەڵ یەکتریدا لە ململانێ و رووبەڕووبوونەوەی چەکداری دابوون، ئەمەش رێگەخۆشکەر بوو، بۆ گەشەکردنی خێراییانەی یەکگرتوو، چونکی یەکگرتوو ئەو بۆشاییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی، بە دەرفەتزانی و لە پاڵ کاری حیزبیدا، دەستیشیکرد بە دروستکردنی مزگەوت و چالاکی کۆمەڵایەتیی خێرخوازیی بە پێدانی خۆراک و دابینکردنی چەندین جۆری دیکەی کەرەستەی پێویستی رۆژانەی هاووڵاتییان.

ئەمانەش هاوکات بوون لەگەڵ ئەوەی کە دۆخی ئابووری باشووری کوردستان، باش نەبوو، خەڵکی لە هەژاریدا دەژیان و هیچ جۆرە هاوکارییەکی هەر حیزبێکیانیش رەت نەدەکردەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە یەکگرتووی ئیسلامی لە لایەن رابیتەی ئیسلامی و هاوکات چەند رێکخراوێکی دیکەی خێرخوازیی عەرەبی، هاوکاری ماددی و مەعنەوی دەکرا، بووە هۆکاری ئەوەی کە یەکگرتوو بەشێوەیەکی بەرفراوان، لەسەر ئاستی گوندەکانی باشووری کوردستان، خەریکی سندوقی خێرخوازی و دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و دابەشکردنی هاوکاری ماددی بێت.

یەکگرتووی ئیسلامی، لە پاش بزووتنەوەی ئیسلامی دامەزراوە، واتە پلەی دووەمی هەیە لە ریزبەندی دامەزراندنی گرووپ و حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستاندا، لە یەکەم کۆنگرەی یەکگرتووشدا، سەلاحەددین محەممەد بەهائەددین، وەک ئەمینداری گشتی ئەو حیزبە هەڵدەبژێردرێت، تا لە کۆنگرەی شەشەمی یەکگرتوودا، خۆی هەڵنابژێرێتەوە، لەبری ئەودا، ئەندامانی کۆنگرەی شەشەمی یەکگرتوو، محەممەد فەرەج، وەک ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی دەستنیشان دەکەن، بەڵام لە کۆنگرەی

حەوتەمدا کە لە ٢٠١٦ بەڕێوەچوو، سەڵاحەددین بەهائەددین دیسانەوە خۆی هەڵدەبژێرێتەوە بۆ ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، ئەوەبوو لەگەڵ هەر یەک لە ئەبووبەکر کاروانی، محەممەد رەئووف، دەکەوێتە رکابەرێتیی لەسەر پۆستەکە، لە گەڕی دووەمی هەڵبژاردنیشدا، دەکەوێتە بەردەم ئەبووبەکر کاروانی و زیاتر لە سەدا حەفتای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بەدەست دەهێنێت بۆ ئەمیندارێتی گشتی یەکگرتوو.

ئەگەرچی ئەوە هەر خۆی لە سیناریۆی سیاسی دەچوو، یەکگرتوو دەیویست بڵێت ئێمە ئاڵوگۆڕ لە پۆستەکانی ناو یەکگرتوودا دەکەین، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا هێشتا سەڵاحەددین بەهائەددین ئەمینداری شاراوەی یەکگرتووی ئیسلامی بوو! کۆی بڕیارە سیاسییەکانی یەکگرتووش، لەو ماوەیەدا کە فەرەج بە رووکەش ئەمیندار بوو، بەبێ رەزامەندی سەڵاحەددین بەهائەددین نەدەدران، واتە لە سێبەردا بەهائەددین هەر ئەمینداری یەکگرتوو بوو!

ئەمەش بووە هۆی رەخنەکردنی یەکگرتوو، بە تایبەتی خودی سەڵاحەددین محەممەد بەهائەددین، کە پێشووتر بانگەشەی دیموکراسی و ئاڵوگۆڕی کورسی ئەمینداریەتییان دەکرد، بەڵام کاتێک، سەڵاحەددین محەممەد بەهائەددین، خۆی کاندید دەکاتەوە، ئیدی دەرچوونی مسۆگەر دەبێت، رەنگە هەر ئەوەش بووبێتە هۆی ئەوەی کە محەممەد فەرەج، دەست لە خۆکاندیدکردن بۆ ئەمیندارێتی بکشێنێتەوە و بە ناچاری پشتگیری لە سەڵاحەددین محەممەد بەهائەددین بکات، تا ئەندامانی کۆنگرە دەنگی بۆ بدەن، چونکە زۆر باش دەیزانی دەرچوونی سەڵاحەددین مسۆگەرە!

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، حیزبێکە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای سیاسی ئیسلامخوازیی و بانگخوازیی دامەزراوە، ئەگەرچی بە جیاواز، لەگەڵ حیزب و گرووپە ئیسلامییەکانی دیکەدا، هێزی چەکداری نییە، بەڵام لە ڕووی ئامانجی سیاسییەوە لەوان نزیکە، یەکگرتووش هاوشێوەی ئەوانی دیکە،

واتە حیزبە ئیسلامییەکان، کار بۆ بە ئیسلامی سیاسییکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی دەکات و ئامانجیشی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامییە، لەسەر شەریعەتی ئیسلامی، واتە لە ڕووی فیکرییەوە، یەکگرتووش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکانی تری کوردستاندا نییە، ڕەنگە ئەوەی یەکگرتوو، لەوان جیادەکاتەوە، تەنیا ئەوەبێت کە یەکگرتوو بە بەراورد بەوان، نەختێک خۆی میانڕەوتر نیشاندەدات، بەڵام لە جەوهەردا، یەکگرتووش هەمان ئامانجی سیاسی حیزبە ئیسلامییەکانی دیکەی هەیە، چونکی حیزبی ئیسلامی، دەیەوێت لەسەر جەستەی کۆمەڵگەی ئاییندارەوە بگات بە دەسەڵات و خۆی وەک تاکە پارێزەری ئیسلام بزانێت. هەڵبەت یەکگرتووش ئەو رۆڵەی وازی کردووە و ئیسلامی وەک کەرەستەیەکی سیاسی خاو، بۆ بەرەژەوەندی کاری رێکخراوەیی و رێکخستنی حیزبی خۆی بەکارهێناوە.

یەکگرتووی ئیسلامی، جگە لەوەی بە تەواوی لەژێر کاریگەری ئیخوان ئەلموسلیمن دایە، بەڵام هەندێکجار، بەبێ دەستبەردان لە هەندێک میراتی ئیسلامییانەی خۆی، ئەویش دەیەوێت تەنانەت ئەگەر تەنیا بە قسەش بێت، لاسایی داد و گەشەپێدانی تورکیا بکاتەوە، لەکاتێکدا ئەو هەلومەرجە دیموکراسی و پێشکەوتووەی لە تورکیادا هەیە، وەک میراتی سێکۆلاریزم بۆ ئاکپارتی ماوەتەوە، کە لە بنەڕەتدا پارتی داد و گەشەپێدان «ئاکپارتی» خۆی دروستکەری نەبووە، بەڵکو ئەو حیزبە درێژەپێدەرێتی و هاتووەتە سەر خوانی دیموکراسی و سێکۆلاریزمی تورکیا، کە لەسەر دەستی ئەتاتورک بنیادنراوە، بەڵام بە جۆرێک گۆڕانکاریی لە تێڕوانین و سیاسەتی تورکیادا، بۆ جیهان و ناوخۆی وڵات، لەمەڕ بایەخدانی زیاتری بواری بازرگانی و ئابووری و سیاسەتی نێودەوڵەتی، هەروەها باشترکردنی رەوشی ژیانی خەڵک و ئازادییەکان و پرسی ئاشتی ناوخۆیی، ئەمانەش لە خاڵە بەهێزەکانی پارتی داد و گەشەپێدان بوون، کە سەرەتا هەوڵیدا ئیشییان لەسەر بکات، ئەورووپاش رێگە نادات وڵاتێکی دراوسێیان ببێتە

ئەندام لە یەکێتییەکەیان، ئەگەر دەستی هەبێت لە چەوساندنەوەی هاووڵاتییانی خۆی، لەسەر بنەمای جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی بیروڕای سیاسی، بەڵام لە ئێستادا ئەو نموونەیە بەرەو خراپی دەچێت، زۆرترین رەخنە لە دەسەڵاتی ئاکپارتی دەگیرێت، سەبارەت بە پرسی ئازادییەکان و مامەڵەی لەگەڵ حیزبەکانی تردا، بە تایبەتی لەگەڵ هاووڵاتییان و لایەنی سیاسی کوردی.

بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، خاوەنی هەمان تێڕوانینی سیاسی و مەدەنی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا نییە بۆ حوکمڕانێتی؟ راستە ئێستا توانجی زۆر لە ئاکپارتیش دەگیرێت، بەڵام هێشتا یەکگرتوو لە ئاستی چارەگی ئاکپارتیدا نییە، جیاوازی نێوان ئەو دوو حیزبە، لە جەوهەردا وەک رەنگی ماست و قیرِ وایە و بە هیچ شێوەیەکیش بە یەک ناگەنەوە.

داد و گەشەپێدان سەرباری ناکۆکییە ناوخۆییەکان، هێشتاش هەوڵی پاراستنی هەندێک بەهای دیموکراسی و سێکۆلاریزمی تورکیا دەدات، بە پێچەوانەوە یەکگرتووی ئیسلامی، بە کردەوە لەژێرپەردەی میانڕەویی و ئیسلاحدا، دۆخێکی خراپی لە ڕووی بەرتەسککردنەوەی ئازادییە کەسییەکان دروستکردووە، بە بڵاوکردنەوەی کولتووریی دواکەوتووانەی فێندەمێنتالی ئیسلامییانە لە سێبەری میانڕەویەکەیدا و بە سوودوەرگرتن لە سادەیی خەڵکە گشتییەکە لە رێگەی مەلا و مزگەوت و کەناڵ و نێت و رادیۆ و بارەگە حیزبییەکانییەوە.

واتە یەکگرتوو بە شێوەیەکی نهێنی و ئاشکرا، هانی خەڵک دەدات بۆ ئەوەی دژایەتی هەرچی پێشکەوتنێکی کولتووریی و کرانەوەیەکی کۆمەڵایەتییانەی کوردستان هەیە بکەن، ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووە سەبارەت بەوەی کە ئەو هێزە نەیتوانیوە کۆپی پارتی داد و گەشەپێدان بێت لە باشووری کوردستان، بەڵکو ترسی ئەو هێزە، لە کرانەوەی کۆمەڵگەدا چڕبووەتەوە، لەوەی بە هەر هۆشیاربوونەوەیەک، ئیدی کێرڤی جەماوەریی بۆ ئاستێکی

نزم دادەبەزێت و خەڵکیش نایانەوێت لەناو وەهمی خەلافەتدا بژیەن، ئەگەر بەڕاستی خەڵکی بگەیەندرێنە ئەو قەناعەتەی کە ئیسلامییەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیانەوێت خەڵک و ئایین وەک کەرەستەیەک بەکاربهێنن. ئەگینا لە کرۆکدا مەبەستیان دڵسۆزی نییە بۆ ئیسلام، ئەمەش لەکاتێکدایە ناکرێت خەڵکانێک لە کۆمەڵگەیەکی زۆرینە موسڵماندا، موزایەدەی ئایینداری بەسەر خەڵکانی دیکەدا بکات کە ئیسلامییەکانی جیهان و باشووری کوردستان بە تایبەتی یەکگرتوو و کۆمەڵ ئەمەیان کردووەتە سیاسەتی دەنگ کۆکردنەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکان و وەستانەوە دژی یاساکانی دەوڵەت لە کاتی تەنگەژە ئەمنییەکاندا، بەردەوامیش لە بۆسەدان بۆ دروستکردنی فەوزای کۆمەڵایەتی، بە جوڵاندنی هەستی ئایینی خەڵکی، وەک ئەوەی لە بەرانبەر گۆڤاری وێران و گۆڤاری چرپە و مەساجخانەکان و نووسینی چەند نووسەرێکدا کردیان، ئەمانە تەواو لەگەڵ بنەمای ئازادی و کۆمەڵگەی دیموکراسییدا دژبوون.

## بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردستان

هاوشێوەی پارتە نەتەوەیی و سێکۆلاریستەکانی کوردستان، کە بەردەوام دووچاری لێکترازانی ناوەخۆیی بوونەتەوە، لەناو گرووپ و حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستانیشدا و لە سەرجەم قۆناغە مێژووییەکاندا، جیابوونەوە و لێکترازان روویداوە، لەسەر بنەمای جیاوازی فیکری و سیاسی و میراتی حیزب. بەڵام ئەوەی وا دەکات کە لێکترازان و جیابوونەوەی بەردەوامی کەسایەتی و حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان، ئاسایی نەبێت و جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن بێت، ئەوەیە کە سەرجەم ئەو حیزب و کەسایەتییە ئیسلامییانە لە پەیڕەو و پرۆگرام و بەرنامەی سیاسی خۆیاندا، ئیسلام و شەریعەتەکەی، بە بنەمای سەرەکی کارکردنی خۆیان دەزانن و بە گوتەی خۆیانیش، بە موو لە بنەمای شەریعەتی ئیسلامی لانادەن، بەڵام لێکترازان و جیابوونەوە، یاخود ناکۆکییەکانی ناو مێژووی حیزبی ئیسلامی سیاسی، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ئەو گرووپانە دەیانەوێت ئیسلام وەک کەرەستەی سیاسی و شەخسی بەکاربهێنن، بۆیەش پێویستە بپرسین، ئایا شەریعەتی ئیسلامی کێشەی جەوهەری هەیە؟ یان تێگەیشتنی ئەو حیزبانە بۆ شەریعەتی ئیسلامی جیاوازە؟ کە بەمشێوەیە لەناو خۆیاندا، بەردەوام دووچاری لێکترازان بوونەتەوە! لەکاتێکادا ئەوان بانگەشەی ئاشتیخوازی لەناو ئیسلامدا دەکەن، کەچی بە هۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی خۆیان، هەندێکجار هانایان بۆ رفاندنی ئەندامانی یەکتریش بردووە بە تایبەتی لە سەردەمی ناکۆکییەکانی ناو بزووتنەوەی یەکبووندا، کە ئەمەش ئاماژەیەکە سەرجەم جیابوونەوە و لێکترازانی حیزبە ئیسلامییەکان، هۆکارەکەی بۆ

چاوتێبڕینی سەرکردە ئیسلامییەکان بۆ میراتی حیزبەکانیان دەگەڕێتەوە.

بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردستان، لە ٢١ی ئابی ١٩٩٩ لە دەرئەنجامی گفتوگۆی چەند ساڵەی نێوان سەرکردەکانی «بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان» و «بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی کوردستان» دروست دەبێت، ئەگەرچی ناتواندرێت هاوشێوەی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، ناوی بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی، بە حیزبی سیاسی ئیسلامی بهێندرێت، دەکرێت تایتلی بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی، وەک یەکگرتنی کۆمەڵێک لە کەسایەتی ئایینی تەماشا بکرێت، تا حیزبی سیاسی ئیسلامی بێت.

بە واتایەکی دیکە، بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی، ئەوەندەی کۆبوونەوەی چەند کەسایەتییەکی ئیسلامی بووە، لە چواردەوری یەکتری و لە شێوەی ئەنجوومەنێکی خێڵەکی، نیو هێندە حیزبی سیاسی نەبووە، بە هەرحاڵ دوای یەکگرتنی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان و بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی، ئیدی بزووتنەوەیەکی تازە لەژێر تایتلی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردستان دێتەکایەوە، بەڵام تەمەنی ئەو یەکبوونە هێندە کەم دەبێت، هەندێکجار خودی ئیسلامییەکانیش دەڵێن، هەر دروستیش نەبووە، چونکی لە یەکەم کۆنگرەی خۆیدا ناکۆکی دەکەوێتە ناو ئەندامانی کۆنگرەی یەکبوونی ئیسلامی، کە هەندێک لە سەرچاوە ئیسلامییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، لە دووەم رۆژی کۆنگرەکەدا بە هۆی دروستبوونی ئاڵۆزیی بۆ ماوەیەک کۆنگرەکە دوادەخرێت، تا ئێرانییەکان ناوبژیوانییان دەکەن.

بەڵام ئەمەش نەبووەتە هۆی ئاشتەوایی لە نێوان سەرکردەکانی ئەو حیزبە، بۆیە ناکۆکییەکان بەردەوامی دەبێت لەسەر هەڵبژاردنی رابەر و بەشێکیان داوای هەڵبژاردن دەکەن بۆ دیارییکردنی رابەری یەکبوون، هەندێکی دیکەیان هەڵبژاردنی رابەر رەت دەکەنەوە و داوای مانەوەی رابەرە کۆنەکە دەکەن.

**سەرئەنجام بە هۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکان لەسەر میراتی رابەر، ئیدی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دووچاری لێکترازانێکی قووڵ دەبێتەوە، چەندین حیزب و گرووپی ئیسلامی لە جەستەی بزووتنەوەی یەکبووندا جیادەبنەوە، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە ٢٠٠١/٥/٣٠ بە سەرۆکایەتی عەلی باپیر، کە پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان بوو، دادەمەزرێت، هاوکات جوندولئیسلام دروست دەبێت، پاشان ئەنسارولئیسلام بە سەرۆکایەتی مەلا کرێکار خۆی رادەگەیەنێت، ئەوەی وەک میراتێکی سیاسی دەمێنێتەوە، دەکەوێتەوە دەست باڵی شێخ عەبدولعەزیز و لەژێر هەمان تایتلە کۆنەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستاندا دەستبەکاری سیاسی دەکەنەوە.**

## کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٩ بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، بە رابەرایەتی مەلا عەلی عەبدولعەزیز و بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی، بە رابەرایەتی مەلا سدیق عەبدولعەزیز، بڕیاری یەکگرتن دەدەن، ئەوەبوو لە دەرئەنجامی ئەو یەکگرتنەدا، بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردستان دادەمەزرێت، بە هۆکاری کێشەی ناوەخۆیی لەناو بزووتنەوەی یەکبووندا، ئەو بزووتنەوەیە هەڵدەوەشێتەوە و کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی و ئایینی بە رابەرایەتی عەلی باپیر، لە رێککەوتی ٢٠٠١/٥/٣١ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دادەمەزرێت.

پاش دوو ساڵ لە راگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لە رێککەوتی ٢٠٠٣/٧/١٠ لە لایەن هێزە فرەڕەگەزەکان کە ئەمەریکا سەرپەرشتی دەکرد لە عێراق، دوای بانگهێشتکردن لە هۆتێل ئاشوور، لە هاوینە هەواری دووکان و لە نزیک گوندی قەمچوغە دەستگیر دەکرێت و لە گرتووخانەی کرۆپەر، بە تۆمەتی هاوکارییکردنی گرووپی ئەنسارولئیسلام و سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر عێراق و کوردستان و پێوەندیی لەگەڵ رژێمی پێشووی عێراق «بەعس» بۆ ماوەی بیست و دوو مانگ زیندانی دەکرێت.

ئەگەرچی ئەو رووداوی دەستگیرکردنە لەنێوخۆدا دەنگدانەوەی هەبوو، بە تایبەتی لەناو لایەنگرانی کۆمەڵ و حیزبی ئیسلامی سیاسیدا، یان بزاوتی ئیسلامی بە گشتی، بەڵام لەسەر ئاستی جیهانییدا، رەهەندێکی فراوانی

وەرنەگرت، بە پێچەوانەی دادگاییکردن و زیندانیکردنی مەلا کرێکار، لە وڵاتی نەرویژ، کە بووە هۆی دەنگدانەوەی جیهانی.

هاوکات بە بەردەوامیش کۆمەڵی ئیسلامی نێوانی لەگەڵ ئاسایشی هەرێمی کوردستان خۆش نەبووە، چونکی بە بەردەوامی ئەندام و لایەنگرانی ئەو حیزبە، بە تۆمەتی توندوتیژیی و بڵاوکردنەوەی توندڕەوی ئایینی لە مزگەوت و شوێنە گشتییەکاندا دەستگیر و دەستبەسەر دەکرێن، ئەمە سەرباری ئەوەی کە زۆرێک لە مەلاکانی کۆمەڵی ئیسلامی لە لایەن وەزارەتی ئەوقافی باشووری کوردستانەوە، لە گوتارخوێنی مزگەوتەکان دوورخراونەتەوە، بە هەمان بیانووی بڵاوکردنەوەی هەستی توندڕەویی ئایینی و هاندان و جوڵاندنی سۆزی خەڵکی، بۆ توندوتیژیی و چوونیان بۆ نێو گرووپە تیرۆریستییەکانی هاوشێوەی دەوڵەتی ئیسلامی، واتە داعش.

دامەزراندنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی لەناو لایەنگران و ئەندامانی حیزبە ئیسلامییەکاندا دروستکرد، بە هۆی ئەوەی لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵدا، چەندین پارچە لە جەستەی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان بۆوە، کە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی کوردستان، دوای گفتوگۆیەکی زۆری نێوان هەردوو ڕابەرە براکە، بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردستانی پەیدابوو، بزووتنەوەییەکان دروستبوونی کۆمەڵی ئیسلامی بە هۆکاری لاوازبوونی حیزبەکەیان دەزانن، چونکە لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵی ئیسلامیدا، ئیدی بزووتنەوەی ئیسلامی، کە بە حیزبی ئیسلامی سیاسی دایک، لە باشووری کوردستان ناودەبرێت، ئەو دایکایەتییە ڕۆڵی لاواز دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ململانێ و یەکتر ڕەتکردنەوە لە نێوان کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان.

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠١ خۆی وەک حیزبێکی ئیسلامی سیاسی ڕادەگەیەنێت و بەشداری هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکات و لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستاندا،

شەش کورسی مسۆگەر دەکات، سکرتێری پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی پێدەدرێت، کەچی بزووتنەوەی ئیسلامی تەنیا یەک کورسی مسۆگەر دەکات، ئەمەش وەک ئاماژەیەک لێکدەدرێتەوە کە لایەنگرانی بزووتنەوەی ئیسلامی، لە بەرژەوەندی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، دەنگی خۆیان یەکلایی کردبۆوە.

بە هۆی ئەوەی سەردەمی ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی و ئەنسارولئیسلام، هەمان سەردەمە، کە بە هۆی ئینشقاقەوە لە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردستان جیابوونەوە، بۆیە جۆرێک پێوەندیی لە نێوان کۆمەڵ و ئەنسارولئیسلامدا لە ئارادا بووە، هەر بۆیەش هێزە فرەڕەگەزەکان کە ئەمەریکا لە عێراقدا سەرپەرشتی دەکردن، عەلی باپیر دەستگیر دەکەن، ئەگەرچی عەلی باپیر دواتر ئەو تۆمەتەی ڕەتکردەوە، بەڵام نەی شاردەوە کە سیاسەتی کۆمەڵی ئیسلامی ئەوەیە پەیمانی برایەتی لەگەڵ سەرجەم ئەو گرووپانەدا گرێبدەن کە پاشگری ئیسلامییان هەڵگرتووە و باوەڕییان بە ترادیسیۆنی سەلەفی جیهادی هەیە.

کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لە ٣٠ی ئایاری ٢٠١٥ بە بەشداری ٧٨٨ ئەندامی کۆنگرە لە شاری هەولێر گرێدرا، هاوشێوەی هەردوو کۆنگرەکەی دیکە، دیسانەوە بە زۆرینەی دەنگ، عەلی باپیر، وەک ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان هەڵبژێردرایەوە و هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆش لە فیکری سیاسیی کۆمەڵ ڕووینەدا، بگرە جۆرێک ناڕەزایەتی لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەکەدا لەناو ئەندامانی کۆنگرە ڕوویدا و نزیکەی ١٠ ئەندامی کۆنگرە، شەرعیەتی کۆنگرەکەیان ڕەتکردەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە بەشێک لە ئەندامانی سکرتاریەتی خوشکانی کۆمەڵ ئەوانیش کۆنگرەکەیان بەجێهێشت، بە بیانووی ئەوەی کە حسابی پلە دوو بۆ ژنان دەکرێت و لە رووی سیاسییەوە بایەخ بە توانای ژنان نادرێت.

ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەیە کە کۆمەڵ حیزبێکی سیاسی پیاوسالارە،

ئەگەرچی زۆربەی دەنگدەرانی لە ڕەگەزی مێینەن، کەچی بە کردەوە کۆمەڵ نەیوستووە ژنان ڕۆڵی سیاسی ئەوتۆ بگێڕن بە شێوەیەک کە جێگەی خواستی ژنان بێت. هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ ڕۆڵی عەلی باپیر دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو کەسی یەکەمی ئەو حیزبەیە و ئەگەر خواستی لەسەر پێدانی ڕۆڵ بە ئافرەتان هەبووایە، ناڕەزایی خوشکانی کۆمەڵی ئیسلامی ڕەنگە ڕووینەدابایە.

سەربارییی ئەوەی لە جەوهەردا ژنانی ناو کۆمەڵ تەنیا میکاژی ڕووکەشانەی کۆمەڵن، ئەگینا بە هیچ شێوەیەک، حساب بۆ ژنان ناکرێت، بە هۆی نەبوونی ڕوئیای کۆمەڵی ئیسلامی لە تەماشاکردنی یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەزەکە.

تاکە شت کە لە کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵ ڕوویدا، ئەوەبوو گۆڕانکاری لە لۆگۆی کۆمەڵدا کرا، بە ڕەشکردنەوەی نووسراوە ئیسلامییەکە و لە جێگەیدا، لۆگۆیەکی تازە پەسەندکرا، کە ناوی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان و گوڵە گەنمێکی لەناودایە، وەک پێشتر لە میدیاکاندا ڕوونکردنەوەیاندا، کە گوڵە گەنمەکە و گەڵاکانی هێمای دەستی ڕاستی مرۆڤ و گوڵەکەش هێمای پەنجەی شایەتومانی مرۆڤە و دەنکە گەنمەکانیش ئاماژەیەکن بۆ پایەکانی ئیمان و ئیسلام کە لە لۆگۆ کۆنەکە (لا اله الا الله محمد رسول الله) هەبوو. ئەمەش دوای ئەوە هات لە هەڵبژاردنی ٢٠١٣، ئەو دەستەواژە ئیسلامییە لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا ناڕەزاییەتی زۆری لێکەوتەوە، بە هۆی ئەوەی لەسەر شەقام و لە شوێنە گشتییەکان کەوتە ژێرپێی خەڵکەوە.

## جوندولئیسلام

گرووپێکی چەکداریی رادیکاڵی ئیسلامی سیاسی بوو، وەک باسی لێوە دەکرێت، ئەم گرووپە لە لایەن عەبدوڵڵای شافیعی سەرپەرشتی دەکرا، لە ساڵی ٢٠٠١ بە پاڵپشتی رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە باشووری کوردستان و لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان باشووری کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران، دامەزرا. ئامانجی سەرەکی ئەو رێکخراوە، واتە جوندولئیسلام، دژایەتیکردنی حکوومەتی باشووری کوردستان بوو، بە تایبەتی زۆنی سەوز، کە ئەوکات هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێیدا باڵادەستبوون.

بە گوێرەی سەرچاوە میدیاییەکان بێت، ئەو گرووپە لە لایەن کۆمەڵێک کەسی جیابووەوە لە بزووتنەوەی ئیسلامی، کە پێشتر بەشداری شەڕی ئەفغانستانیان کردبوو، لە دژی سوپای رووسیا دامەزراوە، یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی جوندولئیسلام، عەبدوڵڵای شافیعی بوو، کە راستەوخۆ سەرپەرشتی گرووپەکەی دەکرد، تا ئەوکاتەی لەگەڵ باڵی مەلا کرێکاری جیابووەوە لە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، گرووپی ئەنسارولئیسلام دروست دەکەن و مەلا کرێکار سەرپەرشتی گرووپی ئەنسارولئیسلام دەگرێتە ئەستۆ، تا ئەوکاتەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەونە شەڕ و رووبەڕووبوونەوەی چەکداری و پاشانیش لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە هێرشی ئاسمانی دەکرێتە سەر گرووپەکە و ئیدی بە یەکجاری پەرتەوازە دەبن.

پاشان لە ۲۰۰۳ دا ئەنسارولسوننە دادەمەزرێنن و دیسانەوە دژایەتی خۆیان بۆ هێزە کوردستانی و ئەمەریکیی و عێراقییەکان دووپاتدەکەنەوە بە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی و چالاکی چەکداری جۆراوجۆر لە ناوچەکانی فەلوجە و پارێزگەی مووسڵ و باشووری کوردستان.

ئامانجی رێکخراوی ئەلقاعیدە لە پاڵپشتیکردن و دروستکردنی گرووپی جوندولئیسلامدا، دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی رێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە بۆ ئەوەی بەشێک لە شکستەکانی خۆی بشارێتەوە، وەک قەرەبووکردنەوەیەکی مەعنەوی، ئامانج لە دروستکردنی ئەو گرووپە لە ناوچەی هەورامانی باشووری کوردستان، بەهێزکردنەوەی پێگەی چەکداری ئەلقاعیدە بووە، چونکە هەلومەرجی سیاسی و سەربازی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان، لەبار بوو بۆ پەرەسەندنی گرووپێکی لەمجۆرەی تیرۆریستی، تا هەوڵی دروستکردنی خەلافەتێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئەو ئیمارەتە چەکدارییە جیهادییەی لە ئەفغانستاندا هەبوو دروست بکەن کە لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە کۆتایی بەو ئیمارەتە ئیسلامییە جیهادییەی ئەفغانستان هات و خودی ئوسامە بنلادنی سەرۆکی ئەوکاتی رێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتی هێزەکانی مارێنزی ئەمەریکییدا دەکوژرێت.

جوندولئیسلام، بە ئاشکرا فەتوای تەکفیری بۆ هەرێمی کوردستان دەرکرد و داوای کۆتاییهێنانی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دەکرد، تا لە جێگەیدا شەریعەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای جیهاد و سەلەفی دروست بکات، بە شێوەیەک کە خۆیان لێی تێگەیشتبوون، یاخود دەیانویست، ئەوەبوو ئەو گرووپە لەگەڵ گرووپێکی تری ئیسلامی یەکدەگرن و دواتر ئەنسارولئیسلام دروست دەکەن.

## ئەنسارولئیسلام

ئەنسارولئیسلام، گرووپێکی چەکداریی سوننەگەرای فێندەمێنتالی توندڕۆی ئیسلامخواز بوو، لە دەرئەنجامی ململانێ و لەتبوونی ریزەکانی ناو بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، لە ئەیلوولی ٢٠٠١، دوای ئەوەی لەگەڵ گرووپی جوندولئیسلام، کە عەبدوڵلای شافیعی سەرکردایەتی جوندولئیسلامی دەکرد، لەگەڵ باڵی مەلا کرێکاری جیابوونەوە لە بزووتنەوەی ئیسلامی، ئەنسارولئیسلام لە هەلومەرجێکدا دادەمەزرێت کە ئیسلامگەرای کوردستان لەنێو خۆیاندا لە ململانێیەکی سەختدابوون، لەسەر دابەشکاری و قۆرخکاری میرات و سامانی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردستان، هەر لە یەکەم کاتژمێرەکانی راگەیاندنی خۆیدا، دووچاری لەتبوون و لێکترازانی ئەندامی سەرکردایەتی دەبێتەوە و پاشان بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئەو گرووپە لە لایەن مەلا کرێکار سەرپەرشتی دەکرێت.

ئەنسارولئیسلام لە لایەن کۆمەڵێک سەرکردە و کەسانی دیکەی توندڕۆی ئایینی دادەمەزرێت کە پێشووتر بەشداری جەنگی ئەفغانستانیان کردووە، دژ بە سوپای رووسیا، ئەو گرووپە چەکدارە سوننەگەرایە، بنکەی چالاکیی چەکداریی لەسەر سنووری عێراق و ئێران بوو، بە تایبەتی ناوچەکانی باشووری کوردستان، کە لەژێر هەیمەنەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابوون، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو، ئەو گرووپە بەردەوام لە شەڕێکی سەختدا بێت، لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەربەست دروستکردن بۆ دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەنسارولئیسلام ئەو گرووپە توندڕۆیە بوون کە بە خێرایی بە هۆی توندڕۆی فیکرییانەوە کاریگەرییان لەسەر ئەو ناوچانەی سنووری ئێران و باشووری کوردستان دادەنا، بە جۆرێک یاسا و بنەما شەرعییەکانی ئیسلامییان لەسەر خەڵکی جێبەجێ دەکرد، تا ئاستی ئەوەی مۆسیقا و گۆرانی و شیعریان قەدەغە کرد، خۆ ئەگەر کەسێکیش سەرپێچی بکردایە، ئەوا دووچاری سزای توند دەبووەوە، ئەو گرووپە لەگەڵ ئەوەی دژی مۆسیقا و گۆرانی بوون، دەستکاری گۆڕی کەسایەتییە ئایینییەکانی ناوچەکەیانیش دەکرد و گۆڕەکانیان شوێن بزر دەکردن، بە تایبەتی کاکەییەکان و سۆفییەکان، بە بیانووی ئەوەی کاکەییەکان موسڵمان نین و بڕوایان بە ئیسلام نەهێناوە.

بە گوتەی سەرچاوەگەلێکی میدیایی، ژمارەی چەکدارەکانی گرووپی ئەنسارولئیسلام، لە نێوان ٥٠٠ بۆ ١٠٠٠ هەزار کەس دەبوون، بەردەوام خەریکی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن بوون، لەناو خەڵکی ناوچەکەدا، تا ئاستی ئەوەی رێگەیان نەدەدا کە دامەزراوەکانی حکوومەت کاروباری خەڵکی رایی بکات، ئەمەش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بەرپرسیارێتی ئیدارەی سلێمانی لە ئەستۆ دابوو، بە هۆی شەڕکردنی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو ناوچەیە بە کردەوە لەژێردەسەڵاتی یەکێتییدا بوو، هەر بۆیەش ئەنسارولئیسلام لەگەڵ یەکێتییدا دەکەوێتە شەڕێکی سەخت و ئەنسارولئیسلام، لەو شەڕەدا چەندین تاوانی جەنگی بەرانبەر خەڵک و پێشمەرگەکانی یەکێتیی ئەنجامدا، دیارترینیان رووداوی خێلی حەمە بوو.

## کوشتارگەی خێڵی حەمە

لە دوای سەرهەڵدانی گرووپی ئەنسارولئیسلام، خێڵی حەمە، چیتر ناوی گوندێکی ئاسایی ناوچەی شارەزووی باشووری کوردستان نییە، ئەو ئیدی لە زاکیرەی کورد دا ناوێکی دیکەیە، ئەو ناوەی بە جیاواز، لە هەموو سەردەمەکانی دیکەدا، لەگەڵ هاتنی ئەنسارولئیسلام بۆی دروست دەبێت، خێڵی حەمە رووی راستەقینەی گرووپی ئەنسارولئیسلام و سەرجەم گرووپە هاوشێوەکانی دەرخست.

لە ٢٣ی ئەیلوولی ٢٠٠١ کە تازە ئەنسارولئیسلام دامەزرا بوو، چەکدارانی ئەنسار بە شێوەیەکی بەرفراوان و لە چەندین قۆڵەوە هێرشدەکەنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە گوندی خێڵی حەمە، دوای ئەوەی ژمارەیەک چەکداری ئەنسار، لەو شەڕەدا دەکوژرێن، گوندەکە لە لایەن چەکدارانی ئەنسار کۆنترۆڵ دەکرێت، رەنگە دەستبەسەرداگرتنی گوندەکە ئاسایی بێت، سرووشتی شەڕ وایە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نەبوو، کە بووە جێگەی تێڕامانی خەڵکی کوردستان و بەشێک لە میدیای جیهانیش، ئەوەبوو لەو شەڕەدا ٤٣ پێشمەرگە دەکەونە ژێردەستی چەکدارانی ئەنسارولئیسلام.

بە گوتەی میدیا کوردستانییەکان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ئەو چل و سێ پێشمەرگەیە، بە قێزەوەنترین شێوە، شەهید دەکرێن، بە جۆرێک کۆمەڵکوژ دەکرێن کە مرۆڤایەتی تاوانی لەمجۆرە کەم وێنەیەی، بەخۆوە نەدیوە، ئەگەرچی سێزدە ساڵ، دوای ئەو رووداوە کۆمەڵکوژییە، کاتێک چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی، واتە داعش، دەستبەسەر مووسڵدا دەگرن و تاوانی لەمجۆرە روودەداتەوە و خەڵکی سەردەبڕن، داعش دوای ئەوەی

لە شەڕەکانی لەگەڵ پێشمەرگەدا، چەند پێشمەرگەیەکی دەکەوێتە دەست، هاوشێوەی ئەنسارولئیسلام، پێشمەرگە دیلەکان شەهید دەکات. یەکێک لەو پێشمەرگە شەهیدکراوانە، ناوی «هوجام» بوو کە ڕووداوی شەهیکردنەکەی بووە سیمبۆل لەسەر ئاستی جیهانیدا، کاتێک بە بەرچاوی کامێراوە چەتەکانی داعش سەری دەبڕن.

ئەم دوو زەمەن و ڕووداوە هاوبەش و قێزەوەنە، ئاماژەیەکی روونن کە خاڵێکی روون و هاوبەش، لە نێوان سەرجەم حیزب و گرووپە ئیسلامییەکاندا هەیە، کاتێک هەست بە شکست و لاوازی دەکەن، بۆ ئەوەی ورەبەخشی لە نێوان چەکدار و لایەنگرانیان بڵاوبکەنەوە، ئیدی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کردەوەی قێزەوەنی دژە مرۆڤایەتی.

ئەمەش دوو ئامانجیشی لە پشتەوەیە، یەکەم بۆ ئەوەیە ئەو کەسانەی کە لە تەکیاندا چەکیان هەڵگرتووە، بیر لەوە نەکەنەوە واز لە گرووپەکە بهێنن، بە بیانووی ئەوەی کە ئەوانیش بەشداربوونە لە ریزی گرووپێکدا کە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامداوە، بەمەبەستی ئەوەی کە کردەی قێزەوەنی کوشتن، لێخۆشبوونی نییە لە لایەن حکوومەت و کەسوکاری شەهیدەکانەوە، بۆ ئەوەی چەکدارەکانی ئەو گرووپانە، بیر لە خۆ رادەستکردن بە دامەزراوەکانی دەوڵەت نەکەنەوە.

هۆیەکی دیکەی هانابردن بۆ ئەو جۆرە کوشتارانە، چ ئەوەی لە خێڵی حەمە، چ ئەوەی داعش لە عێراق و سووریا و بەرەی نوسرە لە سووریادا ئەنجامدران، مەبەستی سەرەکییان بڵاوکردنەوەی ترسە لەو گرووپانە، ترس بۆ ئەوەی هەم دەسەڵات، چۆک دابدات و هەم خەڵکیش دژایەتی ئەو ئەو گرووپانە نەکەن، واتە دەیانەوێت لە رێگەی کوشتاری لەمجۆرەوە، بە خەڵک و لایەنگر و دەسەڵات، بڵێن ئەوەی دژی ئێمە بجەنگێت، چارەنووسی ئاوا دەبێت!

سەرکەوتنی ئەو گرووپانەش زیاتر دەبێت، کاتێک دەسەڵات هەڵوێستی رووبەڕووبوونەوەی توندی بەرانبەریان نابێت، ئەگەر داعش بە خێرایی لوتی بشکێندرایە، ئاوا تاوانی سپایکەر رووی نەدەدا و دەستدرێژی سێکسی بۆ

سەر کچان و ژنانی عێراقیش، بەمشێوە فراوانە نەدەبوو، بەڵام کاتێک سوپای عێراق، سەرەتا ڕۆڵی سەیرکەری بینی، ئیدی تاوانەکانی داعش زیاتر بوون.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە کاتی خۆی بڵاوکرایەوە، گرووپی ئەنسارولئیسلام کەرەستەی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاییان لەژێردەستدابووە، ڕەنگە ئەمەش ئەمەریکای ترساند بێت کە بە خێرایی لە ئاسمانەوە هێرشبکاتە سەر ئەو گرووپە.

ئەمەریکا بە جیاواز لە وڵاتانی دیکە، بەردەوام لە ڕێگەی دەزگە هەواڵگرییەکانییەوە، سەرقاڵی زانیاری کۆکردنەوەیە لەسەر گرووپ و حیزبە ئیسلامییەکان، چونکە ئەمەریکا، ترسی گەورەی لەو گرووپانە هەیە، نەک ئاسایشی ئەمەریکا تێکبدەن، بە تایبەتی دوای ڕووداوە تیرۆریستییەکەی ١١ی سێپتەمبەری ئەمەریکا کە بە هۆیەوە نزیکەی پێنج هەزار قوربانی لێکەوتەوە.

ئەمەریکا لە کاتی خۆیدا، ئاماژەی بەوە دەکرد کە پەیوەندییەکی قووڵ و جەوهەری لە نێوان ڕێکخراوی قاعیدەی جێبەجێکاری ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر و ئەنسارولئیسلامدا هەیە، ئەگەرچی مەلا کرێکاری ڕێبەری ئەو گرووپە، ڕەتیکردەوە کە گرووپەکەی پێوەندیی لەگەڵ قاعیدە و سەددام حوسێندا هەبووبێت، بەڵام لە جەوهەردا کردەوەکانی ئەنسارولئیسلام هی ئەوەن کە بڵێین ئەنسارولئیسلام و قاعیدە پێوەندیی ڕۆحی و ڕەنگە ئۆرگانیشیان لە نێواندا هەبێت!

لە سەروبەندی ئازادی عێراق، بنکە و بارەگەکانی ئەنسارولئیسلام، لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە مووشەکباران دەکرێت، پاشان لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش ناوچەکە لە چەکدارانی گرووپەکە پاکدەکرێتەوە، بەڵام ئەوەش نەبووە هۆی ئەوەی کە ئەو گرووپە چەکدارییە بە یەکجاریی کۆتایی بێت، دوای ئەوەش چەندین کردەی دیکەیان دژ بە حکوومەتی هەرێم ئەنجامدا.

## کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی کوردستان

کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی کوردستان، هاوشێوەی حیزبە ئیسلامییەکانی دیکە، ئەویش ڕێکخراوێکی ئیسلامی سیاسی کوردستانی بوو، سەرەتا بە شێوەیەکی نهێنی و لەسەر دەستی مەلا ئەمین خۆشناو، لە ساڵی ١٩٨٠ بە شێوەیەکی فیکری دادەمەزرێت.

دواتر چەندان شانەی نهێنی دروست دەکەن بە شێوازی بازنە و هێڵی ڕێکخستن و دیراسی و خۆ نزیککردنەوە لە چینی ڕۆشنبیر و قوتابییانی زانکۆ و فەرمانگەکان بە شێوەی بڵاوکردنەوەی فیکری کۆمەڵی جیهادی کار دەکەن.

لە ڕێککەوتی ١٩٩١/٩/٢٠ زایینی لە ١٢ی ڕەبیعی ئەوەلی ١٤١٢ کۆچیدا کە هاوکاتە بە ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، لە مزگەوتی خەلیفانی نزیک سۆران، لە ئاهەنگێکی جەماوەرییدا و بە ئامادەبوونی نوێنەری زۆرێک لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، لە بەیاننامەی ژمارە یەکی لیژنەی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەدا، کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی کوردستان، خۆی ڕادەگەیەنێت و مەلا ئەمین خۆشناویش دەبێتە یەکەم ڕێبەری کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی کوردستان.

مەلا ئەمین خۆشناو لە ١٩٤٥ لە دەڤەری خۆشناوەتی هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی مەلایەتی خوێندووە و پاشان لە شاری بەغدا خوێندنی پەیمانگە تەواو دەکات و لە کەندێناوەی دەشتی هەولێر، دەبێتە مامۆستای قوتابخانە،

ئەو پیاوە جگە لەوەی پیاوێکی ئایینی بوو، سەرقاڵی خوێندنەوەی مێژووش بووە، هاوکات خەریکی لێکۆڵینەوە بووە لە سەرچاوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر و پاشان لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئیخوان ئەلموسلمین گرێدەدات و کاری بانگخوازی بۆ ئەو ڕێکخراوە ئەنجامدەدات.

بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ لە ئیخوان ئەلموسلمین دووردەکەوێتەوە، هەروەک باس لەوە دەکرێت، کە مەلا ئەمین خۆشناو هۆکاری وازهێنانی لە ئیخوان ئەلموسلمین بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە ئیخوان ئەلموسلمین باوەڕی بە پرسی کورد نەبووە و دژایەتی ئاشکرای نەتەوەی کوردی کردووە و پاڵپشتی سیاسەتی حیزبی بەعسی کردووە.

ڕەنگە ئەم تێگەیشتنەی مەلا ئەمین خۆشناو ڕاست بێت، بەو پێیەی ئیخوان پێوەندییەکی قووڵی بە هەستی ناسیۆنالیستی عەرەبییەوە هەیە، بە جۆرێک جگە لە نەتەوەی عەرەب، هیچ نەتەوە و کەمایەتییەکی دیکەی قبووڵ نییە.

بە گوێرەی بەدواداچوونێکی خۆم، یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی وازهێنانی مەلا ئەمین خۆشناو لە ئیخوان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەلا ئەمین گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە گوایە ئیخوان لە ڕێبازی ئیسلام دوورکەوتووەتەوە، بۆیە بڕیاری وازهێنان دەدات لەو ڕێکخراوەدا، ئەمەش ڕێگەی تێدەچێت، چونکە ئیخوان ئەوەندەی سەرقاڵی بەرنامەی بە ئیخوانی و بە عەرەبیکردنی کۆمەڵگە موسڵمانەکانە، نیو ئەوەندە پرۆژەی بۆ ئیسلام پێ نەبووە.

ڕاستە بەردەوام خۆی وەک پارێزەری ئیسلام ناوزەد دەکات، بەڵام لە جەوهەردا ئەو گرووپە، واتە ئیخوان، ئەوەندەی ئامانجی سیاسی ئیخوانییانەیان هەبووە، ئەوەندە خەمی ئیسلام وەک ئایینییان لا گرنگ نەبووە.

هەر لە سەرەتاوە، کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی، نێوانی لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیدا خۆشنەبووە، هەر وەک لە چەندین سەرچاوەشدا ئاماژە بەوە کراوە کە مەلا عەلی عەبدولعەزیز، چەندینجار لە خەلیفان، سەردانی بارەگەی کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی کردووە، تا مەلا ئەمین و کۆمەڵەکە رازی بکات، بەوەی جیهادی ئیسلامی هەڵوەشێننەوە و لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیدا یەکبگرن، بەڵام سەرکردایەتی کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی، بە تایبەتی خودی مەلا ئەمین رازی نابێت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی، رەنگە ئەمەش وەک هۆکارێکی تێکچوونی پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەو پێیەی بزووتنەوە زۆر هەوڵدەدات تا ئەو کۆمەڵەیە خۆی هەڵوەشێنێتەوە، کەچی هەوڵەکان سەرکەوتوو نابن و دواجاریش لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٩١ بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، بە هێزێکی گەورەوە لە خەلیفانی سەر بە پارێزگەی هەولێر، دەچنە سەر بارەگەی کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی و بە گوتەی چەند سەرچاوەیەکی نزیک لە رووداوەکەش، ئەو هێزەی بزووتنەوەی ئیسلامی، بۆ ئەوە چوونەتە سەر بارەگەی کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی تا مەلا ئەمین خۆشناوی رابەری کۆمەڵەکە دەستگیر بکەن، بەڵام دواتر هێزەکەی بزووتنەوە، بە هۆی هاتنەدەستی پێشمەرگەکانی کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی، ئیدی ناوچەکە جێدەهێڵن و ناتوانن مەلا ئەمین خۆشناو دەستگیر بکەن، ئەمە وەک ئاماژەیەک بۆ خراپی پێوەندیی نێوان بزووتنەوە و کۆمەڵی جیهادی، لێکدانەوەی بۆ دەکرێ، هەروەها دەکرێ وەک ئاماژەیەکیش بۆ ناکۆکی ناو لایەنە ئیسلامییەکان سەیری بکەین.

لە رێککەوتی ١٩٩٧/٤/٩ لە کۆمەڵگەی بەستۆڕەی شاری هەولێر، لەناو بارەگەی کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی، دەستڕێژیی گوللە لە مەلا ئەمین خۆشناو لێدەکرێت و مەلا ئەمین خۆشناو و پێنج ئەندامی دیکەی کۆمەڵی جیهادی لە رووداوەکەدا تیرۆر دەکرێن کە لەناو کوژراوەکاندا، کەسی نزیکی مەلا ئەمین خۆشناوی رابەری کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی هەبوون.

بە گوتەی کەسێکی نزیک لە مەلا ئەمین خۆشناو، ئەو ڕووداوە لە پەنای دۆستایەتی بووە، وەک ئەو گوتی: بە قۆستنەوەی متمانە و نەریتی میوانداری بووە و لە ڕیزی دواوەی نوێژی بە کۆمەڵ، لە لایەن میوانەکانی خۆیەوە، واتە میوانەکانی مەلا ئەمین خۆشناو، لە کاتی سەجدە ڕووداوەکە ڕوویداوە، بەپێی زانیاری و قسەی بنەماڵەی مەلا ئەمین، بکوژە میوانە نوێژخوێنەکان، سەر بە حیزبێکی ئیسلامی کوردستان بوونە و هۆکاری تیرۆرکردنی بە کۆمەڵی بارەگە ئیسلامییەکەش، لە لایەن حیزبێکی ئیسلامییەوە بۆ جیاوازی سیاسی و ململانێی فیکری دەگەڕێننەوە، وەک خۆیان دەڵێن لە چوارچێوەی تەسفیەی جەستەیی هەر کەسێک کە لەگەڵ حیزبەکەیاندا ناکۆک بێت.

ئەم ڕووداوە تراژیدییەش، بووە هۆی دروستبوونی کێشەی خوێناویی قووڵ لە نێوان بنەماڵەی مەلا ئەمین و حیزبە ئیسلامییەکان، قوربانی و کارەساتیشی لێکەوتەوە، ماڵی مەلا ئەمین ئەم ڕووداوە وەک کارێکی ناپاکی و خیانەتی ناو نوێژ و سەر سفرەی نانخواردنی ئیسلامیەکان لێکدەدەنەوە کە دواتر بە هۆیەوە ئەو بنەماڵەیە بە تەواوەتی لە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی دووردەکەونەوە و تەنانەت بە مەترسیدار و بێ متمانەش سەیری ڕەوتی ئیسلامی سیاسی دەکەن.

بەو پێیەی ماڵی مەلا ئەمین بنەماڵەیەکی ئایینی و سیاسی دیارن و خاوەن پێگەیەکی عەشایەری و کۆمەڵایەتی بەهێزن لە ناوچەی خۆشناوەتی و دەوروبەری هەولێردا، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ماڵی مەلا ئەمین وەک شوێنگەیەک بووە بۆ لێقەوماوان و مەرجەعی چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ناوچەکەدا کاریگەری زۆری هەیە.

دوای ئەو ڕووداوەش، ئیدی جۆرێک پەرتەوازەیی دەکەوێتە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی، چونکە کەسایەتی مەلا ئەمین خۆشناو، بۆ ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەکە، گرنگی تایبەتی هەبوو، هەر بۆیەش

دوای تیرۆرکردنی مەلا ئەمین، ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە، وەک پێویست ناتوانن بە ئاشکرا کاری حیزبی بکەن، بە تایبەتی دوای ئەوەی ماڵباتی مەلا ئەمین خۆشناو، لە ڕێگەی دکتۆر شاڵاوی کوڕی مەلا ئەمینەوە، دەچنە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ریزی ئەو حیزبەدا دەستبەکاری حیزبی دەکەنەوە. چونکە مەلا ئەمینی خۆشناو، نێوانی لەگەڵ پارتی باشبووە، تا ئاستی ئەوەی کاتێک لە شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتی، کاتێک هێزەکانی پارتی لە کۆتاییەکانی ١٩٩٤ هەولێر جێدەهێڵن، هێزەکانی کۆمەڵی جیهادی ئیسلامیش، هەولێر جێدەهێڵن و لە دۆڵی هەنارەی نزیک هەولێردا، چەندین بارەگە دەکەنەوە، ئەمەش بە مانای باشی پێوەندیی مەلا ئەمین خۆشناو، لەگەڵ پارتی دێت، بە تایبەتی نێوانی مەلا ئەمین، لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، کوڕی ئیدریس بارزانی خۆشبووە، دوای ئەوەی دەچنە ناو پارتی، خانەوادەی مەلا ئەمین پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان لە ڕێگەی دکتۆر شاڵاوی کوڕی مەلا ئەمینەوە دەپارێزن و لە پاڵ ئەوەشدا پارتی بایەخ بەو خانەوادەیە دەدات.

## بەشی سێیەم

# پرۆژە و گوتاری ئیسلامی سیاسیی کوردی

## بەشی سێیەم

# پڕۆژە و گوتاری ئیسلامی سیاسیی کوردی

هەڵبەت ئیسلامی سیاسیی کوردییش، هاوشێوەی پارتی سیاسی سێکۆلار و نەتەوەیی، ئەویش خاوەنی پرۆژەیە، پرۆژەی بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگە، بە جۆرێک ئەوەی خۆیان دەیخوازن کە چۆنچۆنی بێت و کام تێکستەی ئیسلام لە بەرژەوەندی فیکری ئەواندایە، بیکەنە سەرچاوەی کاری سیاسییان، واتە ئیسلامی سیاسی، ئامانجی پەیدابوون و کارکردنی بۆ ئەوەیە تا ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دروستبکات، تەواو پابەندی شەریعەت و ئەحکامی ئیسلامی بێت، ئاشکرایە ئەمە لە جەوهەردا یەک پرۆژەیە، واتە کاری ئیسلامی سیاسی بۆ بەجێگەیاندنی پڕۆژە گەورەکەیە، پرۆژەی بە ئیسلامی سیاسییکردنی کۆمەڵگە و پاشان دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی هاوشێوەی خەلافەتی ئیسلامی.

هەر گرووپەی خۆی بە خاوەنی ئەو پرۆژەیە دەزانێت و بۆچوون و پڕۆژەی بەرانبەریشی رەتدەکاتەوە، لەکاتێکدا کۆی ئەو گرووپانە، هی ناو یەک چوارچێوەی ئیسلامی سیاسیین، بەڵام لەناو قوڵایی ئیسلامی سیاسییدا، هەمیشە ناکۆکی و ململانێ لە ئارادا بووە، بە جۆرێک ئەو ناکۆکییە پەڕیوەتەوە بۆ دەرەوە و خەڵک و دەوڵەتیش زیانی زۆریان بەرکەوتووە، چونکی ئیسلامی سیاسی لەناوخۆیاندا، خاوەنی یەک تێگەیشتن نین بۆ

ئیسلام و هەر تیۆرسیۆنە و حیزبی ئیسلامی هەیە بە شێوازی خۆیان تەفسیر بۆ تێکستی قورئانی و فەرموودەکانی پێغەمبەر دەکەن.

حەسەن بەننای دامەزرێنەری ئیخوان ئەلموسلمین کە بیرمەندێکی ئیسلامییە، پێیوایە ئیسلام، قورئان و شمشێرە، دەوڵەتە، هەموو شتێکە. ڕەنگە ئەم بۆچوونە لەگەڵ سەلەفییەتدا یەک بگرێتەوە، بەڵام سەلەفییەت بە هەموو جۆرێک، حیزبی ئیسلامی ڕەتدەکاتەوە و بە شەریک پەیداکردنیش بۆ خودای وەسف دەکات، واتە سەلەفییەت پێیوایە دەبێ کۆمەڵگە لەسەر شێوازی سەرەتای ئیسلام بەڕێوە بچێت، بە جۆرێک تەنیا کار بە دەقی قورئانی و فەرموودەی پێغەمبەر و قسەی سحابییەکان بکرێت، هەڵبەت حیزبی ئیسلامیش ئەو تێگەیشتنەی سەلەفییەت ڕەتدەکاتەوە، پێیوایە ئیسلام لە مەترسیدایە و پێویستە حیزب و گرووپ و بزووتنەوەی ئیسلامییانە هەبن، بۆ پارێزگاریکردن لە ئیسلام. ڕەنگە ئەو تێگەیشتنەی حەسەن بەنناش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پێیوابوو، دەبێ بزووتنەوە ئیسلامییەکان، کار بکەن بۆ ڕزگارکردنی ئیسلام لە مەترسی لەناوچوون.

سەرباری ئەوەی ناکۆکی قووڵ لەناو خودی حیزب و گرووپە ئیسلامییەکاندا هەیە، قاعیدە داعش و لە بەرانبەریشدا داعش ئەلقاعیدە ڕەتدەکاتەوە، ئیخوان هەردووکیانی پێ ڕاست نییە. کەچی داعش و قاعیدەش ئەو شێوازە لە کاری ئیخوانەکانیان پێ شەرمنانەیە لە پەیوەست بە بانگخوازیی ئیسلامییانەدا و بەرەی نووسرەش کە دواتر لە ڕاگەیەنراوێکی ڤیدیۆییدا محەممەد جۆلانی لە ٢٠١٦/٧/٢٨ هەڵوەشاندنەوەی بەرەی نوسرەی ڕاگەیاند و لە بری ئەودا، بەرەی فەتحولشامی ڕاگەیاند، کە درێژەپێدەری نوسرە بوو، ئەویش بە هەمان شێوە ئەوانی تری پێ ڕاست نییە.

لەناو حیزبی ئیسلامی سیاسیی کوردستاندا، هیچ کات تەبایی ئامادەگی نەبووە، هەمیشە ئیسلامی سیاسیی کوردی لەناو کێشمەکێشێکی قووڵی سیاسیدا بوونە، سەرکردەکانیان دژی یەکتری جوڵاونەتەوە، تا ئاستی لێکترازانی جۆراوجۆر و دروستبوونی گرووپ و حیزبی سیاسیی ئیسلامی، بە شێوەیەک برا لە دژی برا، حیزبی ئیسلامی دروستکردووە، وەک ئەوەی

بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە لایەن دوو براوە دروستکرابوون، ئەگەرچی دوای ماوەیەک لەژێر ناوی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردستاندا یەکدەگرنەوە، بەڵام چونکی ئەو یەکگرتنەوەیە تەندروست نەبوو، نییەتی یەکگرتنەوەی تەندروستی لە پشتەوە نەبووە، هەر زوو لێکترازانی گەورەتر ڕوودەدات، چەندین گرووپ و حیزبی ئیسلامی سیاسی لە ئەنجامی ململانێدا دروست دەبن و کاریگەری خراپیش بۆ سەر ئاسایشی هەرێم و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن.

ناکۆکی و کێشمەکێشی نێوان سەرکردە و حیزبی ئیسلامی، دواجار کاریگەری گەورەی مەعریفی و ئایینی لە شێوەی توندڕۆیی لێکەوتووەتەوە، لەناو لایەنگرانی حیزبی ئیسلامی و پاشانیش ئەو ژینگەیەی کە پێگەیانی تێدا بەهێزە، دووچاری سوتماک بووەتەوە. ئاخر ناوچەی هەورامی کوردستان، بە هۆی ململانێی ئیسلامییەکان، دووچاری چ کاوڵکاریی و هەڕەشەیەک بووە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری و ڕەتکردنەوەی فیکری یەکتری تا دواجار ئەو ململانێیە فراوانتر دەبێتەوە، ئینجا گرووپێکی وەک ئەنسارولئیسلام دروست دەبێت و فەتوای کافربوونی حکوومەتی کوردستانیش دەردەکات، دەرئەنجام لەگەڵ پێشمەرگەدا ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، تا دواجار بە زەبری هێز، ئەنسارولئیسلام نامێنێت.

بەڵام فیکریی ئەنساری تا نووکەش ئامادەگی هەیە و تەکفیری حکوومەتی کوردستان دەکەن، ئەمەش لەکاتێکدایە سەرجەم سەرکردە و حیزبە ئیسلامییەکان لە جەوهەردا، دروشمی پارێزگاریکردن لە ئیسلام بڵند دەکەنەوە، بەڵام لەناو خۆیاندا ناتوانن تەبابن کە ئەو ناتەباییەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی فیکریی توندڕەویی ئایینی، بەو پێیەی هەر حیزبە و شێوەیەک دینداری و شەریعەتی ئیسلامی لە کن پەسەندە، ئەمەش دواجار لە زیانی خودی ئایین کەوتووەتەوە و دەیان و بگرە سەدان گرووپی توندڕەوی ئایینیش دروستبوونە و کردەوەی تیرۆریستی لەسەر ئاستی جیهاندا ئەنجامدەدەن.

هەروەک پێشووتریش ئاماژەی بۆ کرا کە ئیسلامی سیاسیی کوردی بەسەر چەندان گرووپ و حیزبی سیاسی جیاوازدا دابەشبوونە، لەناوخۆیانیشدا لە ململانێی سەختدان، بە جۆرێک تا ئاستی ڕەتکردنەوەی یەکدی، بەڵام کاتێک کار دەگاتە دژایەتیکردنی بەرەی نائیسلامی، کە مەبەست حیزبی نەتەوەیی و سێکۆلارییە، لە چوارچێوەی گوتارێکی یەکگرتوودا یەکدەگرنەوە، بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر دەرکەوتە مەدەنی و سیاسی و دیموکراسی و ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی، بە گوتەی ئیسلامی سیاسی گوایە دژایەتی ترادیسیۆن و شەریعەتی ئیسلامی دەکەن.

ڕاستە ئیسلامی سیاسی نەیتوانیوە لە چوارچێوەی یەک حیزبدا، یاخود یەک بەرەی ئیسلامی سیاسییدا کۆببنەوە، ئەمەش کاریگەری هەبووە بەسەر جیاوازی گوتارییان لە هەمبەر هەندێک پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی، کە بەهۆی کاریگەرییەکانی کرانەوەی کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دەبنەوە. بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی کە ئیسلامی سیاسی لە بانگەشەکردن و کارکردن بۆ دروستکردنی فەزایەک لەژێر هەیمەنەی فیکریی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی یەک ئامانجیان نەبێت، بە پێچەوانەوە لە ڕێگەی هۆکارە جیاوازەکانەوە، خەریکی بە ئیسلامی سیاسییکردنی کۆمەڵگەی باشووری کوردستانن، تا لە فەزایەکی وادا بگەن بە دەسەڵات.

ئیسلامی سیاسی لەوە گەیشتووە تا کۆمەڵگە زۆرتر و زووتر بە ئیسلامی سیاسی بکرێت، میکانیزمەکانی گەیشتن بە دەسەڵاتیان خێراتر و ساناتر دەبێت، بە پێچەوانەی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و خۆشگوزەران کە تاکەکانی بە ژیانکردنەوە سەرقاڵن، لەوەها کۆمەڵگەیەکدا، ئیسلامی سیاسی ناتوانێت بە ئاسانی ئامانجە سیاسییەکەی بەدیبهێنێت یاخود بپێکێت.

کۆمەڵگەی باشووری کوردستان، زۆرینەی موسڵمانن، ئەمەش واتە پەیوەستە بە شەریعەتی ئیسلامییەوە، ئەگەرچی ناکرێت بڵێین کە سەرجەمی موسڵمانی کورد پابەندن بە شەریعەتی ئیسلامەوە، چونکە خەڵکانێکی زۆری تێدایە موسڵمانن و بە هیچ شێوەیەکیش پابەندی شەریعەتی ئیسلامی نین، بە پێچەوانەوە سەربەستانە دەژین و بیردەکەنەوە،

بە جۆرێک لە دەرەوەی چوارچێوەی شەریعەت و ئەحکامی ئیسلامی، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە خۆمان لە زۆرینەی موسڵمانی پابەند بە شەریعەتی ئیسلامی بدزینەوە.

بەڵێ زۆرینەی تاکی کوردی پابەندی شەریعەتی ئیسلامییە، ئەمەش ژینگەیەکی لە باری بۆ پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی خۆشکردووە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن کۆمەڵگە بەرەو لای خۆیان بەرن، لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستان، تەنیا بزووتنەوەی ئیسلامی هەبوو، بەشداری هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی کرد، رێژەی دەنگەکانی ئەوتۆ نەبوو، بەڵام ئیسلامی سیاسی لە ٢٠١٤ بە ١٧ کورسی پەرلەمانییەوە دەچنە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە لەوەی ژینگەی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان لەبار بووە بۆ گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسی، ئەگینا چۆن لۆژیک ئەوە قبووڵ دەکات لە ماوەی تەنیا بیست ساڵدا، ئەو رێژە زۆرەی دەنگ بۆ ئیسلامی سیاسی یەکلایی ببێتەوە.

لەکاتێکدا دوو پارتی سێکۆلاری وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تەواوی جومگە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی حکوومەتی هەرێمییان لە چنگدا بووە و بە دەیان سەنتەری رۆشنبیری و کولتووری و دیموکراسیش دروستکراون، ئەمە سەرباری ئەوەی خاوەنی پرۆژەی میدیایی زەبەلاحیش بوونە، کەوایە ژینگەی باشوور لە بار بووە بۆ گەشەی فیکری ئیسلامی سیاسی.

لە لایەکی دیکەشەوە گوتاری ئیسلامگەرای کوردی، ئیشی لەسەر جوڵاندنی سۆز و عاتیفەی ئایینی کۆمەڵگە کردووە، بە سوود وەرگرتنیش لە جوڵاندنی سۆزی ئایینی، وایان لە کۆمەڵگەی زۆرینە موسڵمان گەیاندووە کە تەنیا ئیسلامی سیاسی داکۆکی لە ئیسلام و شەریعەتەکەی دەکات و گوایە ئیسلام لەژێر مەترسی کاڵبوونەوە، یاخود نەماندایە، بە هۆی دەرکەوتە تازەکانی جیهانی کە خۆی لە هەژموونی سێکۆلارییەت و جیهانگەریدا دەبینێتەوە.

ترسی ئیسلامی له دەرکەوتە تازەکانی جیهانی بە تایبەتی سێکۆلاریزم و دیموکراسی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەمانە جۆرێک لە هوشیاری کۆمەڵایەتییان بڵاو کردووەتەوە چ لە بارەی ئایین و چ لە بارەی خودی مرۆڤەوە، هاوکات ترسێکی تری ئیسلامی سیاسی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا وای کردووە تاکی کوردی بە ئاسانی ئاشنایەتی لەگەڵ کولتوور و شارستانێتی ئەورووپی و جیهانیدا پەیدا بکات، ئەمە وای کردووە ئەگەر کەموکووڕیشی هەبێت و جێگەی ڕەخنەکردنیش بێت، بەڵام ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە کرانەوەی کۆمەڵگەدا بە ڕووی دونیادا، لە پەیوەست بە ئاشنابوونی شارستانییەت و کولتووری میللەتانی دیکەدا، هەڵبەت ئیسلامی سیاسی ترسی هەیە، چونکی دەزانێت بەمە سیاسەت و کولتوور و هاوکات تێڕوانینی مرۆڤ بۆ شتەکانی دەوروبەری تەنانەت ئایینیش دەکەونە بەردەم نەشتەری تێڕامان و گۆڕانکاری لە جۆری ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا دێتەکایەوە. هەر بۆیەش ئیسلامی سیاسی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، واتە بۆ سەردەمی سحابییەکان و پاشانیش ئەو قۆناغە مێژووییانەی ئیسلام کە هەست دەکەن لەگەڵ بۆچوون و دیدی ئەواندا یەکدەگرێتەوە یاخود سوودی بۆیان هەیە، پانتاییەکی یەکجار فراوانی ئیشکردنی خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن لە چوارچێوەی گوتاری کۆنەپەرستی میدیایی و مەلا و بانگخواز و سەرکردە ئیسلامییەکان، بە مەبەستی چەواشەکردنی کۆمەڵگە، تا لە ئامانجە سیاسییەکەیان نزیکیان بکەنەوە، بەشێکی یەکجار گەورەش لە زوومی کامێرا و قسە و گوتارەکانیان تەرخان دەکەن بۆ جوانکردنی مێژووی دەوڵەتی خەلافەت و زیندووکردنەوەی کولتوور و داب و نەریتی کۆنەپەرستی ئیسلامی، بە شێوەیەک لەگەڵ ژینگەی ئیسلامی سیاسی بگونجێن، بە ئامانجی ڕێگە خۆشکردن بۆ دابڕاندنی کۆمەڵگە، لە دونیای ئای تی و جیهانگیری و سیکۆلاریزم و شارستانییەتی مەدەنی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

لە بەرانبەریشدا فەزایەک دروست دەکەن هاوشێوەی قۆناغە جیاوازەکانی خەلافەت، لەکاتێکدا گوتاری گەڕانەوە بۆ خەلافەت، جگە لە بڵاوکردنەوەی کۆیلەیەتی و ناهوشیاریی چیتر بەرهەم ناهێنێت، چونکە مێژووی قۆناغە

جیاوازەکانی دەوڵەتی خەلافەتیش، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە خەلافەت دەستێکی باڵای هەبووە لە بە کۆیلەکردنی مرۆڤەکان و دروستکردنی چینی گەورە گەورەی مشەخۆر و چەوسێنەر و فەزای ستەمکاریی، هەروەها لەژێر سایەی خەلافەتدا، مرۆڤی موسڵمان و غەیرە موسڵمانیش وەک کۆیلەیەک هەڵسوکەوتیان لە تەکدا دەکرا، بگرە لە بازارەکاندا دەفرۆشران و وەک دەستیکار لە لایەن دەسەڵاتدارانی خەلافەت بەکاردەهێنران. هەندێکجاریش بە هۆی نەخۆشی و لاوازی جەستەیی و نەتوانینی کارەوە گیانیانلەدەستدەدا، هەر بۆیەش تاکی ئەوکاتی سەردەمی خەلافەت، ئەگەر ڕێژەشیان کەم بووبێت، بەڵام بیریان لەوە کردەوە، کە پێویستە سنوورێک بۆ ئەو ستەمکارییە دابندرێت.

ڕاپەڕینی بابەکی خوڕەمی و ڕاپەڕینی زەنگ، دوو ڕاپەڕینی مێژوویی بوون دژ بە دەسەڵاتی خەلافەت، لە سەردەمی عەباسییەکان ئەنجامدران، لە دژی ستەمکاریی و چەوسانەوە و بە کۆیلەکردنی مرۆڤ و جیاوازییکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا، سەرئەنجام دەسەڵاتدارانی خەلافەت، لە سەردەمی عەباسییەکاندا بە توندترین شێوە، بەرپەچی ئەو خەڵکەیان دایەوە، کە قێزەوەنترین کرداری ستەمکارانە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیی و لەکەیەکی ڕەشە بە تەوێڵی مێژووی دەوڵەتی خەلافەتەوە، پێویستە وەک هەردەم بیری کۆمەڵگە بهێندرێتەوە، تا ڕووی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمە بۆ خەڵک ڕوون بێتەوە، لە تەک ستەمکارییەکانی خەلافەت، ئەو دەسەڵاتە ئیشی لەسەر بە ئیسلامیکردن و بە عەرەبکردنی خەڵکی غەیرە موسڵمان دەکرد، لەژێر گوشاری هێز و شمشێردا، بەمەش فاشیزمی عەرەبی پەرەی سەند و بە هۆیەوە دەستی بەسەر زۆر جێگەدا گرت.

کەوایە گوتاری ئیسلامی سیاسیی کوردی، هەڵگری گوتارێکی نەتەوەیی و پێشکەوتووخواز نییە، بەڵکوو خاڵییە لە مەغریفە، هەڵگری هەمان ئەو شوناسەیە، کە گوتاری ئیسلامی سیاسی عەرەبی مومارەسەی دەکات، وەک چۆن گوتاری ئیسلامی سیاسیی عەرەبی، خەریکی بڵاوکردنەوەی فاشیستی عەرەبییە، ئاواش گوتاری ئیسلامی سیاسیی کوردی، ئەویش

لەژێر کاریگەربوون بە خەونی خەلافەت و پیرۆزی سەرکردە موسڵمانە عەرەبەکان، ئیشی لەسەر بەهێزکردنی ناسیۆنالیستی عەرەبی کردووە، بە شێوەیەک کە هەندێکجار تاکی ئیسلامی سیاسیی کوردی، نەتەوەی عەرەب، هاوشێوەی ئیسلام وێنا دەکات، گوایە قورئان بە زمانی عەرەبی بۆ موسڵمانان هاتووە.

ئیسلامی سیاسی عەرەبی و هەمیش کوردی، لە ڕێگەی چەندان هۆکار و کەناڵەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی گوتاری بە ئیسلامی سیاسیکردنی کۆمەڵگەن، لە ڕێگەی چەند کەناڵێکی میدیایی و هۆکاری دیکەی جۆراوجۆرەوە، بانگخوازی برەو پێدەدەن، مەلا لە مزگەوت، بە سوود وەرگرتن لە سادەیی و گوێڕایەڵی گوێگرەکانی، جۆرێک خوتبە پێشکەش دەکات کە ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی ئیسلامی سیاسیی کوردی دەکەوێتەوە، بەوەی هێرشدەکرێتە سەر ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و پەلاماری دەسەڵات و حیزبە سێکۆلارییەکان دەدرێت.

دواتریش لە هۆیەکانی وەک تەلەفزیۆن و رادیۆ و نێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر پەخش دەکرێن. بە هۆی گوتاری سەرکردە و مەلا ئیسلامییەکانیش بوو کە پەلاماری پەرلەمانی کوردستان درا و ئاڵای سعوودییە، لەسەر بەشێک لە باڵاخانەی پەرلەمان بەرزکرایەوە، پاشانیش بە هۆی گوشاری ئیسلامی سیاسی، هەرچی مەساجخانە و ئارایشگەی جوانکاریی ئافرەتان و ئازادی مەسیحییەکان هەبوو، لە چەند قۆناغێکدا لە باشووری کوردستاندا کەوتنە ژێر هەڕەشەی داخستنەوە.

بەمەش کۆمەڵگە لەبەردەم گەورەترین مەترسی گوتاری کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسییدایە، بە جۆرێک کە شیعر و پەیکەر و ئازادی پۆشینی جل و تێکەڵاوی ڕەگەزەکان لە قوتابخانە و زانکۆکان حەرامکراون و لە بەرانبەریشدا، کار بۆ زیندووکردنەوەی کولتووریی دەستی دوو دەکرێت و ڕەواج بە بەکارهێنانی سیواک و نیقاب دەدرێت، هاوکات لەبری هاندانی گەنجان، تا زانکۆ و پەیمانگەکان تەواو بکەن، بانگەشەی چوون بۆ مزگەوت

دەکرێت، ژینگەیەکی ئەوتۆ دروستبووە لەبری خوێندنەوەی کتێب و سەرچاوەی فەلسەفی و هزری و سیاسی، تەفسیری تەبەری و بەرهەمەکانی سەید قوتب دەخوێندرێنەوە!

گوتاری ئیسلامی سیاسی کوردیش، هاوشێوەی ئیسلامی سیاسیی عەرەبی، ئەویش بەدەرە لە گوتارێکی عەقڵانی و مەعریفەیی پشتئەستوور بە لۆژیکی بیرکردنەوە و فیکری کراوە، هەروەها سەرجەمی ئەو کەرەستانەی کە ئیسلامی سیاسیی کوردی پشتیان پێدەبەستێت، یان کردوونی بە رێبازی بیرکردنەوە و چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و بانگخوازیی ئایینی خۆی، کەرەستەگەلێکن کە کۆمەڵگە پەکدەخەن و لە پێشکەوتنی دونیادا دایدەبڕن، مرۆڤ بە هۆیەوە هەیبەتی مرۆڤبوونی دەشکێت، ئەمە سەرباری ئەوەی جڤات بەگشتی بەرەو ئاقارێکی دواکەوتوو و بیر نەکەرەوە ئاڕاستە دەکات، بە شێوەیەک فەزای گشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی رێک هەمان شکلی سەردەمی خەلافەت وەردەگرێت. لەکاتێکدا لۆژیکی نییە دونیایەکی جەنجاڵ و کراوەی ئێستا کە سەردەمی تەسکبوونەوەی دونیا و خۆگونجانی کولتوور و ئایینەکانە، تۆی ئیسلامی سیاسی بێیت و خەلافەت زیندووبکەیتەوە، لە بەرانبەریشدا سێکۆلاریزم و دیموکراسی رەتبکەیتەوە کە بوونەتە شوناسی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان.

لەکاتێکدا دەشزانرێت ئەوەی خەلافەت پێشکەشی کۆمەڵگەی موسڵمانی کردووە، جگە لە ستەمکاریی هیچی دیکە نەبووە، ئاخر ناکرێت ئێستاکە بە چەکی خەلافەت، شەڕی سێکۆلاریزم و دیموکراسی بکرێت، چونکە سێکۆلاریزم و دیموکراسی، لە رێگەی کۆمەڵێک ئۆرگانی جیاوازەوە، ئیشیان لەسەر سارێژکردنی برینە مرۆییەکان کردووە، کە ستەمکاری ئایینی دروستی کردوون.

راستە هەندێکجار ئیسلامی سیاسی لە گوتاری خۆیاندا شەرمنانە باس لە دیموکراسی دەکەن، بەڵام لە جەوهەردا بڕوایان پێی نییە، هانابردنیشیان بۆ پرەنسیپەکانی، بەڵکو لە شێوەی پردێک بۆی دەڕوانن تا پێیدا بپەڕنەوە، بۆ سەر کورسی دەسەڵات و دروستکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی گۆشکراو بە داب

و نەریت و کولتووری دەستی دوو و کۆیلەکردنی مرۆڤەکان بە ستایلێکی دیکە و لە قاڵبدانەوەی دونیابینییەکانی مرۆڤ و پوچەڵکردنەوەی خەونی سەنتەربوونی مرۆڤەکان و بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکانی مرۆڤ.

ئازادی و بەیانکردنی تەسەوراتەکان، کرۆکی ئیرادەی مرۆڤەکانە، لەوێوە مرۆڤ بە دوای بوون و هەیبەت و لۆژیکدا دەگەڕێت، کە مرۆڤ ئیرادە و ئازادییەکانی بەدەست هێنایەوە، ئەوکات کۆیلەکردنەوەی هەروا ئاسان نییە، ئیدی ئەمەش رێک پێچەوانەی فیکریی کۆنەپەرستی ئیسلامییەکانە، کە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئیش لەسەر کۆیلەکردنی مرۆڤەکان دەکات.

ئەوان نایانەوێت کۆمەڵگە بیر بکاتەوە، نایانەوێت مرۆڤ مومارەسەی ئازادییە گشتییەکانی خۆی بکات، ترسی ئەوان لەوەدایە کە کۆمەڵگە هوشیار بێتەوە و پرسیاری جیدی ئاڕاستەی گرووپەکانیان بکات، کەی لۆژیک قبووڵی ئەوە دەکات لە کۆمەڵگەیەکی زۆرینە موسڵماندا، حیزبی سیاسی و بانگخوازی مشەخۆری سیاسی پەیدا ببن، بە ناوی داکۆکیکار لە دین! مەگەر دین هی خودا نییە و خۆی پارێزگاری لێ ناکات؟!

کەواتە حیزبی ئیسلامی لەسەر چ بنەمایەکی شەرعی رێگەیان بە خۆیان داوە تاکلایەنانە خۆیان بکەنە نوێنەری ئایین و خودا لەسەر زەوی، ئەمە تەنیا فریودانی خەڵکە و هیچی دیکە نییە، بگرە ناشیرینکردنی ئایینیشە، نەک گونجاندنی لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەبری ئەوەی هەوڵبدەن جۆرێک ریفۆرم لە ئاییندا بکەن بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ دونیای ئێستادا، بە پێچەوانەوە زیاتر ئایینیان بەرەو داخراوی بردووە و نەوەیەکیان دروستکردووە کە ئەوەی وەک ئەوان بیر نەکاتەوە و ڕیش نەهێڵێتەوە، سەرپۆش نەپۆشێت و نەچێتە ریزی حیزبی ئیسلامیی، بە لە دین دەرچوو، سەیری دەکرێت و لە ئیسلامیشدا، لە ئایین دەرچوون بە یەکێک لە شتە هەرە بڤەکان هەژمار دەکرێت.

## بەشی چوارەم

# سێکۆلاریزم و هەڕەشەی گوتاری ئیسلامی سیاسی

# بەشی چوارەم
# سێکۆلاریزم و هەڕەشەی گوتاری ئیسلامی سیاسی

## سێکۆلاریزم وەک سەرچاوەی هۆشیاری کۆمەڵگە

سێکۆلاریزم «عەلمانییەت» وەک دەرکەوتەیەکی فیکری سیاسیی مۆدێرنەتە، لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی کلێسادا، لە ئەوروپا سەریهەڵدا، بە هۆی کاریگەرییەکانیشی، سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی مەسیحییەت و پاشانیش بەشێک لە کۆمەڵگەکانی دیکەی جیهان، بە یەکێک لە رووداوە هەرە گرنگ و کاریگەرەکانی ئەوروپا و جیهانیش دادەنرێت، بە هۆیەوە خەڵکی هۆشیاربوونەوە لە بەرانبەر ستەمکاریی پیاوانی ئایینی لە جیهانی مەسیحییەتدا، کە دەرهەق بە خەڵکی هەژار و ئاسایی ئەنجامدەدرا. ئەوەبوو مرۆڤی ئەوروپی هەڵوەستەی کرد و شتێک نەما بەناوی چەوساندنەوە لە پەنای ئایینداری و فەرزکردنی بڕیار و راسپاردەکانی کلێسا و هەروەها وەرگرتنی سەرانەش بەناوی ئایینەوە.

کاتێک سێکۆلاریزم وەک رەوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مۆدێرن، پشتئەستوور بە زانست و گەڕانەوە بۆ توانا و شارەزاییە دونیاییەکانی مرۆڤ، کاریگەری گەورەی دروستکرد لەسەر کۆمەڵگەی مەسیحییەت، لە قۆناغی یەکەمدا و دواتریش کۆمەڵگە و وڵاتە غەیرە مەسیحییەکانیش، کەم

و زۆر دەکەونە بەر پەلاماردانی نەیارانی و خوێندنەوەی هەڵەی بۆ دەکرێت، گوایە راستەوخۆ بۆ دژایەتیکردنی ئایین سەریهەڵداوە، تا ئاستی ئەوەی سێکۆلاریزم وەک کوفرێک و ئیلحاد دەناسێندرا.

پاش ئەوەی پەرەسەندنی سێکۆلاریزم دەگاتە وڵات و کۆمەڵگە غەیرە مەسیحییەکانیش، بە تایبەتی کۆمەڵگە موسڵمانەکان، ئەگەرچی لە هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامییدا، سێکۆلاریزم «عەلمانییەت» وەک سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی، بە مانا پێرفێکتەکەی پەیڕەو نەکراوە، لە پەیوەست بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتدا، کە ئەوە ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتی چەمکی سێکۆلاریزمە، بەڵکو تەنیا کۆپییەکی ساختەی سێکۆلاریزم پەیستکراوە، کە زۆرجاریش ئەوەندەی زیانیان بە خودی فیکرەکە گەیاندووە، نیو هێندە نەیانتوانیوە سوودی لێوەربگرن، چونکە عەقڵییەتی کۆمەڵگە بە هۆی گۆشکراوی بە فیکریی توندڕەوییەوە، قبووڵی چەمکێکی وەک عەلمانییەتی نەکردووە، بگرە دژایەتیشی کردووە.

سەرباری زیانگەیاندن بە فیکرەکە، بگرە لە چەندان لاوەش رووبەڕووی تەفسیر و پێناسەکردن و خوێندنەوەی هەڵەی مەبەستدار و بێ مەبەستیش بووەتەوە، هەمووکات حیزبی ئیسلامی سیاسی، بۆ ئامانجی خۆی بەکاریهێناوە، بە تێگەیاندنی کۆمەڵگە لەوەی کە گوایە سێکۆلاریزم بۆ دژایەتیی و شەریک پەیداکردن بۆ خودا و پێغەمبەری موسڵمانان و خودی ئایینی ئیسلام هاوردەی وڵاتانی ئیسلامی کراوە، پێویستە بە توندیش بەرپەرچی بدرێتەوە، تا کۆمەڵگەی موسڵمانان لەو کوفر و ئیلحادە رزگاری بێت.

عەلی باپیر، لە بارەی فیکریی سێکۆلاریزمەوە دەڵێت: «کاتی خۆی رۆژئاواییەکان بە ناچاری پەنایان بۆ سێکۆلاریزم بردووە، بەڵام ئێستاکە و لەم رۆژگارەدا بەشێوەیەک پەرێز و شوێنەوارە شوومەکانی دەرکەوتوون کە هیچ خاوەن عەقڵ و ویژدانێک، مادام خۆی بە موسوڵمان یان بە دڵسۆز بۆ میللەتە مسوڵمانەکەی بزانێت، نکۆڵی لەوە ناکات کە سێکۆلاریزم بۆ میللەتی موسوڵمان دووجار قەدەغەیە».

لێرەدا عەلی باپیر دووچاری هەڵەیەکی زەق بووەتەوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕۆژئاواییەکان لە ناچارییەوە سێکۆلاریزمییان قبووڵ نەکردووە، یان هەڵیان نەبژاردووە، بەڵکو هۆشیاریی تاک لە ڕۆژئاوادا، ئەوکات گەیشتبووە ئەو ئاستەی ئەوەی کلێسا بە ناوی ئایینەوە دەیکرد و دەیگوت، کەم و زۆر پێوەندیی بە خودی ئایینی مەسیحییەتەوە نەبووە، کە ستەمکاریی لە پەنای ئایینی مەسیحییەتەوە دژی خەڵکی ئەنجامدەدرا.

لە هەندێک قۆناغیشدا، جۆرێک بیتاقەی لێخۆشبوون دەفرۆشرایە خەڵکی سڤیل، لەژێر بیانووی ئەوەی گوایە کلێسا لەسەر دونیا لە کڕیارانی ئەو بیتاقەیە خۆشدەبێت، خوداش لەو دونیادا، مادام کلێسا لێی خۆشبووە، ئەویش لێی خۆشدەبێت! وەک ئاماژەی ئەوەی کە کلێسا و پیاوانی ئایینی، خۆیان کردبووە شەریکی خودا، یان نوێنەری خودا لەسەر زەوی.

بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی عەلی باپیرەوە، ئەوە سێکۆلاریزم بوو، ئەمجۆرە مامەڵە و بازرگانییکردنەی بە ئایینی مەسیحییەت پووچەڵکردەوە، بگرە بلۆکی مەسیحییەتیشی لە نەزانی هۆشیارکردەوە لەوەی کلێسا هەم بازرگانی و هەمیش سیاسەتی بە ئایینەوە دەکرد.

هەروەها لە شوێنێکی دیکە لە بارەی سێکۆلاریزمەوە دەڵێت: «پەرێز و شوێنەوارە شوومەکانی دەرکەوتوون». ئاخر چ خاوەن ویژدانێک قەناعەت بەو قسەیەی دەکات، گوایە پەرێزی سێکۆلاریزم شوومە، جارێ کورد ئەم وشەیە بەمشێوەیە بەکار ناهێنێت، بەڵکوو زیاتر دەڵێت پەرێزی پیسە، نەک پەرێزی شوومە، چونکە پیس و شووم دوو شتی تەواو لێک جیاوازن.

مەگەر پشێوی و شەڕە مەزهەبگەراییەکانی کۆمەڵگە موسڵمانەکان بە چاوی خۆی نابینێت کە بە چ شێوەیەک شوومگەرایی خولڵقاندووە! بە پێچەوانەوە ئەوەی لە ئەورووپادا دەگوزەرێت، بە هیچ شێوەیەک «شووم» نەبووە، بگرە ئەورووپا بە هۆی سێکۆلاریزمەوە گەیشتە ئەو ئاستەی ئێستای کە تەنانەت دەوڵەتی نەتەوەشی بۆ دەوڵەتی هاوڵاتییبوون گۆڕیوە، بەو مانایەی خەریکە قۆناغی دەوڵەتی ناسیۆنالیزم بە دەوڵەتی هاووڵاتییبوون

دەگۆڕێتەوە، بە جۆرێک ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەژیەت، جگە لە بەها ئینسانییەکەی، هیچی دیکە شوناسی بۆ دیاری ناکات، ئەمەش نموونەی باشترین ئەو دەوڵەتانەیە کە مرۆڤ تێیاندا هەست بە سەقامگیری رۆحی و جەستەیی دەکات، بە پێچەوانەی ئەو دەوڵەتانەی لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی و ئایینی دروستبوونە، کە شکۆی مرۆڤ تێیاندا بە هیچ شێوەیەک پارێزراو نابێت.

عەلی باپیر دەشڵێت: «ئەو موسڵمانەی بڕوا بە سێکۆلاریزم بێنێت، یان شوێنی بکەوێت، فڕی بەسەر ئیسلامەوە نامێنێت» ئەمە سەربارى ئەوەی بۆ هیچ کەس و موسڵمانێک نییە، فەتوای کافراندن و لە ئیسلام دەرچوون بداتە پاڵ موسڵمانێکی دیکەوە، مەگەر لە ئیسلامدا ئەم چەمکە، یان ئەمجۆرە بڕیارە تەنیا بۆ خودا جێنەهێڵدراوە! هەڵبەت ئەم تێگەیشتنەی بۆ سێکۆلاریزم، پێچەوانەی تێگەیشتنی بیرمەندانی جیهانی و هەتا عەرەبییشە.

ئاستین کلاین، ریشەی دەستەواژەی سێکۆلاریزم دەگەڕێنێتەوە بۆ جۆرج یاکوب لە ساڵی ١٨٤٦ وشەی سێکۆلاریزمی داهێناوە بۆ وەسفکردنی بیروڕایەک کە بە تەنیا دوای پرسیار و پرسگەلێک دەکەوێت کە لە ژیاندا دەتواندرێت ئەزموون بکرێن.

هەروەها بە گوێرەی ئەو تێگەیشتنەی جۆرج یاکوب بێت، سێکۆلاریزم ناکاتە ئەوەی کە عەلی باپیر پێیوایە بێدینییە، بەڵکو سێکۆلاریزم گەڕانە بەناو رۆحی بەشەریەتدا، تا بزانێت مرۆڤەکان لە دونیادا چیان دەوێت و بە دوای چیەوەن و ئەوەی دەیانەوێت و بەدەستیان نەهێناوە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە، ئاخر مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ئایینیدا ناتوانێت بە هۆی بەربەستیترادیسیۆنی ئایینی و کۆمەڵایەتی، سەربەستانە مومارەسەی ژیانی دونیایی خۆی بکات، بەڵکو هەر هەوڵێکیش دەیدات و بە دوای هەر خۆشگوزەرانییەکدا دەگەڕێت، لە دەرەوەی بازنەی ئایین، راستەوخۆ لە لایەن پیاوانی ئایینی دووچاری کێشە و بەربەستی گەورەی رۆحی و هەتا جەستەییش دەبێتەوە، چونکە بەرژەوەندیان لەوە دانییە مرۆڤ بە ئازادانە ژیانی ئاسایی خۆی مومارەسە بکات، هەر بۆیەش کاتێک مرۆڤ هەوڵی ئەو

سەربەستییە رۆحی و هەتا جەستەییەش دەدات، بە بێدین و هەڵگەڕاوە لە ئایین و ترادیسیۆنی ئایینی و کۆمەڵایەتی ناوزەندی دەکەن.

بە گوێرەی ئەو چەند نموونەیە بێت، عەلی باپیر یان لە سێکۆلاریزم نەگەیشتووە، یانەکی بە ئەنقەست هەوڵی شێواندنی کۆی چەمکەکە دەدات، بە لای منەوە خاڵی دووەمیان تەواوە، چونکە کارەکتەری ئیسلامی سیاسی هەمیشە بە دوای دروستکردنی گومانەوەن لەسەر سێکۆلاریزم، تا بە خراپ ناوی بێت لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی موسڵمانان ئازادییەکانی خۆیان ممارەسە نەکەن و هەتایەش گوێڕایەڵی کارەکتەرە ئیسلامییەکان بن، چیان گوت و چیان بە باشزانی، هەر ئەوە جێبەجێ بکرێت، گوایە فەریادرەسی ئایینی ئیسلامن.

ئەو تێگەیشتنەی عەلی باپیر ئیشکردنە بۆ شێواندنی سێکۆلاریزم، گەشەی فیکری خۆی و پێگەی حیزبەکەی لە کۆمەڵگەیەکی گۆشکراو بە ترادیسیۆنی ئایینی و نەریتگەرایی دەبینێتەوە، بە پێچەوانەوە لە ئەگەری گەشەسەندنی سێکۆلاریزم لە کۆمەڵگەدا، ئەویش باری دەکەوێتە لێژییەوە.

لەبەر ئەوەشە دژایەتی خۆی بۆ سێکۆلاریزم بەیانکردووە، بە جیدیش هەوڵی ناشیرینکردنی دەدات، بە پێچەوانەی بۆچوونی عەلی باپیر، سێکۆلاریزم فیکرێکی سیاسی مەدەنیی مۆدێرنەتەیە، ئیش لەسەر جیاکردنەوەی کایەکانی کۆمەڵگە دەکات، بە تایبەتی کایەی ئایین لە کایەکانی دیکەی دەوڵەت و بە هیچ شێوەیەکیش دژایەتی راستەوخۆی ئایین ناکات، بەڵکو ئیش لەسەر جیاکردنەوەی ئایین دەکات، هەم کۆمەڵگە و هەمیش ئایین سوودمەند دەبن، ئەوکات بە هۆی خراپەکاری دەسەڵاتەوە، ئایین لەبەرچاوی خەڵک ناشیرین نابێت، هەروەها هەڵوێستی پیاوێکی ئایینیش کۆمەڵگە دووچاری هەڕەشە ناکات، چونکە لە سایەی سێکۆلاریزمدا یاسا سەروەری بوونی هەیە و یاسا چاودێرە بەسەر هەردوو کایەکەدا.

## گوتاری ئیسلامی.. بەتاڵ لە دیالۆگی فیکری سیاسی

گوتاری ئیسلامی سیاسی، لە بری خۆگونجاندن و گفتوگۆی عەقلانی و سیاسی، لەبەردەم هەژموون و دەرکەوتە تازەکانی دونیادا و هەتا فیکریی ئایینیش، بە جۆرێک پیرۆزی بە ترادیسیۆنی ئیسلامیی دەبەخشێت، کە سەرئەنجام لەسەر حیسابی رەتکردنەوەی ئایینەکانی دیکەدا کەوتووەتەوە، بە سەنگەرگرتن لە هەر جۆرە بۆچوون و تێگەیشتنێک کە لەگەڵ ترادیسیۆنی ئیسلامییدا نایەتەوە.

زۆربەی جاریش، خودی ئەو گوتارە توندڕۆ ئیسلامییە، هەڵگری شوناسێکی دواکەوتووانەی خێڵەکی مەزهەبییە، بە جۆرێک خۆی ئارێشە بۆ خۆی دروست دەکات و لە گۆشەیەکی تەسکەوەش، سەیری دونیای کراوە دەکات، پێیوایە کارەکتەری سەرجەم ئایینەکانی دیکە، دژایەتی ئیسلام دەکەن و لە بۆسەدان بۆ کۆتایی هێنان بە ئیسلام.

ئەم گوتارە هەمیشە لەناو ترسێکی قووڵدا دەژیەت و توانای بیرکردنەوەی فیکری نییە، دواجاریش ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە لە بەرانبەر پێشکەوتن و هەنگاوە گەورەکانی کۆمەڵگە غەیرە ئیسلامییەکاندا، پێی خۆش بێت، یان پێی ناخۆش، دووچاری شکستی گەورە دەبێتەوە، بەو پێیەی جگە لە رەتکردنەوە و دروستکردنی ناووناتۆرە، ئێستا پشت بە هیچ بنەمایەکی دیکەی دیالۆگ پێنابەستێت.

کەلێنێکی گەورەش لە عەقڵییەتی کارەکتەرانی ئەو گوتارە دروست دەکات

و پاشانیش ئەو بۆشاییە فیکرییە کاریگەری بەسەر ناوبانگی ئیسلامیش، وەک ئایین دەبێت، لە پەیوەست بە پێکەوەژیان و مەسەلەی ریفۆرمی ئایینی، کە ئێستا وەک پێویستییەکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە پرسی پێکەوەژیانی پێکهاتەکاندا، هەڵسوکەوتی لە تەکدا دەکرێت.

لە گۆشەنیگای ئیسلامی سیاسیی جیهانی و لەناویشیدا کوردی، مەسیحییەت و ئایینەکانی دیکە، ناتوانن کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن، بۆیە سێکۆلاریزم و دیموکراسی وەک ناچارییەک سەریانهەڵداوە، هاوکات ئەو گوتارە ئیسلامییە کرانەوەی ئەوروپا یەکسان دەکات بە بێڕەوشتی، ئینجیلیش وەک خراپەکارییەک وێنا دەکات، کە خۆی ئەمە کێشە و پێکدادانی رۆحی و جەستەیی و هەتا توندوتیژیش دێنێتە کایەوە.

مەگەر هێرشی تیرۆریستی گرووپە ئیسلامییەکان بۆ سەر کۆمەڵگەی ئەوروپا، لەم گۆشەنیگایەوە سەرچاوەی نەگرتووە؟! ئەمەش ئاماژەیەکی قووڵی تێنەگەیشتنی بزاڤی ئیسلامی سیاسییە، بۆ پرسی پێکەوەژیانی ئایینی، گوتارێک بەبێ ئەوەی تێگەیشتنی قەناعەت پێکەری هەبێت، کە ئیدی کۆمەڵگەی ئەوروپی قۆناغی ئەوەی تێپەڕاندووە، کە چیتر کاروباری ئایینی تێکەڵ بە کاروباری دەوڵەت بکرێت، واتە ئەوان چیتر نایانەوێت کارەکتەریی ئایینی دەستبەسەر جومگەکانی دەوڵەتدا بگرن، ئەمەش لە لایەن گوتاری ئیسلامیی سیاسییدا، بە هەڵە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، گوایە مەسیحییەت ژیانی پێبەڕێوە ناچێت و یەکسان بە بێڕەوشتی و خراپەکاریش دەکرێت.

عەلی باپیر لە «چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم»دا دەڵێت: «شەریعەتی ئیسلام، وەک ئایینی شێوێندراوی مەسیحییەت نییە کە ژیانی پێوەبەڕێ نەچێت، چونکە لە راستییدا ئەوروپییەکان لە بواری ژیان بەڕێوەبردندا، زۆر ئاتاجی پەیام و بەرنامەیەکی راستەقینەی ژیان بوون، چونکە ئینجیلی ئێستا پڕە لە لە ئەفسانە و خورافات، بۆیە هەرگیز لایەنەکانی ژیانی پێوە

بەڕێوەناچن، بۆ نموونە کێشەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هتدی... پێ حەل ناکرێت و لەورووەوە بێ تەرح و چارەسەرە، لەرووی نەتەوایەتییەوەش هیچی تێدا نییە، لەرووی ئەخلاقەوە برەو بە ئیباحییەت و خراپەکاری دەدات، چونکە ئەوەی کە عیسا و موسا هێنابوویان، جوولەکە و نەسرانییەکان گۆڕیان و شتی پڕوپووچیان رەگەڵخست و دەستکاریان کرد».

شەریعەتی ئیسلام، وەک ئایینی شێوێندراوی مەسیحییەت نییە، ئەم رستەیە، بێ هیچ ئەملا و ئەو لایەک، دەچێتە باری رقێکی قووڵی توندڕەویی ئیسلامیی سیاسی، بەرانبەر بە مەسیحییەت و کاریگەری قووڵیش دەخاتە سەر هەستی پێکەوەژیانی ئایینی، لە کۆمەڵگەی باشووری کوردستاندا، جگە لە رەتکردنەوەی مەسیحییەتیش، دەکرێ وەک فەتوایەک و هاندانێکیش سەیری بکرێت کە لە پشتی ئەم وشانەوە، دونیایەک لوغز و هاندان و برەودان بە توندوتیژییش ئامادەگییان هەیە.

ئەو دەیەوێت ئیسلام بەسەر کۆی ئایینەکانی دیکە فەرز بکات، لە بەرانبەر شێواندنی ئایینەکانی دیکەدا، بە تایبەتی ئینجیلی مەسیحییەت، کاتێک عەلی باپیر ئیسلام بەمشێوەیە بەراورد دەکات بە مەسیحییەت، رێک رەتکردنەوە و خۆ بە پیرۆزکردن دەگەیەنێت، هەڵبەت ئەمەش وەک هێرشکردنە بۆ سەر پیرۆزیی ئەوانی دیکە و لە دونیای یاسا سەروەریدا جێگەی قبووڵکردن نییە.

ئەوەتا دەڵێت: «ئینجیل پڕە لە ئەفسانە و خورافات». ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی روونی رەتکردنەوەی ئینجیلە، ئەفسانە یانی ئەو چیرۆک و گێڕانەوە مێژووییانەی کە پشتاوپشت باسییان لێوە دەکرێن، لە ئەرزی واقیعیشدا، بەڵگەی سەلماندنیان نییە، واتە لە راستییەوە دوورن. خورافاتیش نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ ئەفسانەدا هەیە، بەوەی کارەکتەرانی هەڵدەستن بە دروستکردنی کۆمەڵێک چیرۆک و باسوخواسی

درۆینە سەبارەت بە دیاردە و هەندێک نەریتی کۆمەڵگە لەسەر بنەمایەکی بەتاڵ، زۆرجاریش کارەکتەرانی ناوی ساحیریان لێدەندرێت.

کەوایە عەلی باپیر ئینجیل رەتدەکاتەوە و بە شتی بێ بنەما و بەتاڵیشی دادەنێت، بە گوتەی خۆی، پڕێتی لە خورافات و ئەفسانە، یانی ئەو چیرۆک و ئامۆژگارییانەی لە ئینجیلدا هەن، راست نین. لەکاتێکدا رێژەی باوەڕدارانی مەسیحییەت لە موسڵمانانیش زۆرترە، هەڵبەت ئەمە قبووڵکراو نابێت و کاردانەوەی ئایینی توند دروست دەکات.

لە لایەکی دیکەوە پێیوایە مادام ئینجیل پڕە لە ئەفسانە و خورافات، ژیانی پێبەڕێوە ناچێت، بە تایبەتی لە کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییدا، بەڵام ئەوەی لەسەر خاکی مەسیحییەت دەگوزەرێت، شتێکی دیکەمان پێدەڵێت، وڵاتانی رۆژئاوا توانیان ئەزموونێکی جوانی حوکمڕانێتی پێشکەشی هاووڵاتییانی خۆیان بکەن.

راستە ئەوانیش بەدەر نەبوون لە ئاریشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، شەڕی یەکیانکرد و برسیی بوون و دووچاری کۆمەڵێک پەتای سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەتا سەربازیش بوونەوە، بەڵام سەرئەنجام مۆدێرنەتەیان خولڵقاند، کۆمەڵێک وڵاتی نموونەییان دروستکرد، دونیایان بە پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی خۆیانەوە سەرقاڵکرد، کاریگەری گەورەشیان خستە سەر دونیا، بەڵام پێویستە بپرسین، ئەزموونی کام دەوڵەتی ئیسلامی بووەتە هۆی خۆشبەختکردنی هاووڵاتییانی موسڵمان؟ وەڵامەکەی روونە کە بە لێشاو هاووڵاتییانی موسڵمان لە دەریا و رێگەی ئەوروپادا دەخنکێن و دەمرن، تەنیا بۆ ئەوەی بگەن بە خاکی مەسیحییەت.

ئێستا لە دونیادا چەندان نموونەی حوکمڕانێتی لە پەیوەست بە بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵک و دەوڵەتدارییدا هەن، دەکرێ ئەگەر بە کورتیش بێت، نموونەی بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵک، لە کۆمەڵگە موسڵمانەکان و کۆمەڵگە مەسیحییەکان وەربگرێت.

عەلی باپیر پێیوایە، مەسیحییەت ژیانی پێ بەڕێوە ناچێت، دیارە دیسانەوە ئەو پیاوەی جگە لەوەی سەرۆکایەتیی حیزبێکی ئیسلامیی دەکات، خۆیشی وەک بیرمەندێکی ئیسلامی دەناسێنێت، بەڵام سەیری بکەن و بزانن کە چۆنچۆنی دووچاری هەڵەی زەقبووەتەوە، ئاخر مەسیحییەتی ئێستا خۆی لە کاروباری دەوڵەتداریی دوورخستووەتەوە، باشتروایە بڵێین دوورخراوەتەوە، ڕەوتی ئاسایی خۆشی وەرگرتووە، سەرباری ئەوەش هێشتا کۆمەڵگەی مەسیحییەت، بەرگی مەسیحییەتی فڕێنەداوە، نەخێر سەدان حیزبی مەسیحی هەن و دەوڵەتەکانیش بە جوانی بەڕێوە دەبەن، بە جۆرێکیش خۆشگوزەرانییان بۆ خەڵک فەراهەم کردووە، تەنانەت خەڵکی لە کۆمەڵگە موسڵمانەکانەوە دەچنە ژێر سایەی حوکمڕانێتی بلۆکی مەسیحییەتەوە.

عەلی باپیر ئەو ڕاستییەی فەرامۆش کردووە کە ئێستا لە کڵێساکانی ئەوروپا، بە هەزاران کوڕ و کچی موسڵمان هەن، هانایان بۆ کڵێسا بردووە، وەک گوشارێک بۆ سەر دەوڵەتەکان بە مەبەستی مانەوەیان لە سایەی کۆمەڵگەی مەسیحییەتدا، ئەو بیری لەوە نەکردووەتەوە، ئەو ئەزموونەی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا پەیڕەوکرا، فەشەلی هێنا و لە بەرانبەر ئەوەشدا، کۆمەڵگەی مەسیحییەت خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییانی خۆی دەستەبەرکرد، ئەمە ڕاستییە، هەڵوێست و دژایەتیکردنی هیچ ئایین و کەس و بزاوتێکی ئیسلامیش نییە، چونکە بە چاوی خۆمان ئەو واقیعە دەبینین، بە خودی عەلی باپیریشەوە.

لێرەدا مەبەست لە بەراوردکردنی مەسیحییەت بە ئیسلام نییە، بە پێچەوانەوەش، بەڵام کاتێک ئەو باس لە مەسیحییەت دەکات، ڕێک مەبەستی لە دەوڵەتەکانیشە، سەرباری ئەوەی لەژێر هەژموونی بنەماکانی سێکۆلاریزمدا، دەوڵەت لەژێر چنگی مەسیحییەت دەرهێندراوە، کەچی لە گۆشەنیگای عەلی باپیرەوە، دەوڵەتی ئەوروپی و مەسیحییەت تەواوکەری یەکدین، ئەمە ئاماژەی بڕیاری پێشوەختەیە، هەڵوێستیی توندڕۆییە، نەک ڕەخنەی ڕاستەقینە بێت.

هەروەها سەبارەت بە پرسی نەتەوەش دەڵێت: «لەرووی نەتەوایەتییەوە هیچی تێدا نییە». دیارە مەبەستی ئینجیلە، خۆزگە شیکردنەوەی زیاتری بۆ ئەم بۆچوونەی دەکرد، ئەگەر مەبەستی نموونەی مۆدێلی دەوڵەتی ئێستایە لە ئەوروپادا، ئەوا دەبێ بە جۆرێکی دیکە، قسە لە نموونەی دەوڵەتی ئێستادا بکەین و ناکرێ بە چاویلکەی سەد ساڵ پێش ئێستاشەوە قسە لە ئەزموونی دەوڵەتداری ئەوروپادا بکەین، بە هۆی ئەوەی کە لە چەند دەیەیەکی رابردوودا گۆڕانکاریی قووڵ روویانداوە، لە فەلسەفەی دەوڵەتداری بۆ هاووڵاتییان یان جڤات بە گشتی، خۆ ئەگەر مەبەستی چەمکی دەوڵەتیشە بە شێوە گشتییەکەی، واتە کلاسیکییەکەی، دیسانەوە هەڵە تێگەیشتنی هەیە بۆ دەوڵەتی ناسیۆنالیستی لە ئەوروپادا، چونکە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بە بەراورد بە مێژووی مەسیحییەت و ئیسلام، چەند رۆژێکە و هیچی دیکە نییە، تەنانەت نەهاتووشە کەمێک خۆی ماندوو بکات و نموونەی دەوڵەتێک بهێنێتەوە تا بڵێین راست دەکات، بە پێچەوانەوە بە گشتگیری قسەی کردووە و بەمەش هێندەی دیکە، خۆی خزاندووە ناو زەلکاوی ناشارەزاییەوە.

پێش دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپادا، ئایین و دەوڵەت، تێکەڵ بە یەکدی کرابوون، لە شێوەی قەیسەر و ئیمپراتۆردا کاروباری خەڵکیان بەڕێوە دەبرد، بەبێ هیچ حیسابکردنێکیش بۆ خەڵک و تەنانەت پیاوانی ئایینیش، شکۆی ئایین خرابووە خزمەتی ئیمپراتۆرییەتەوە، پاشان لەگەڵ پەرەسەندنە کولتووری و ئابووری و سیاسییەکاندا، دەرئەنجام ئێستا فۆرمیی دەوڵەتی نەتەوەیی گۆڕاوە بۆ دەوڵەتی هاووڵاتیبوون.

لێرەوە ئەزموونێکی دیکە دێتەکایەوە، بەم مانایەش نا کە شوناسیی نەتەوەیی بوونی نەمابێت، نەخێر، پێداگرییەکی سەرسەختانە لەسەر شوناسی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، ئەگەرچی ئەویش هاوشێوەی ئایین، تێکەڵی کاروباری خەڵک ناکرێت، واتە دەوڵەت و نەتەوە، خراونەتە خزمەتی مرۆڤ خۆیەوە، نەک بە پێچەوانەی ئەزموونی دەوڵەت لە کۆمەڵگە

موسڵمانەکاندا، کە خەڵکی بوونەتە خزمەتکاری دەوڵەت و نەتەوە، کەچی نەتەوە و دەوڵەت، هی هاووڵاتییان نین، بەڵکو هی کۆمەڵێک دەسەڵاتداریی ستەمکارن و بە ئارەزووی خۆیان ژیانی خەڵک کۆنتڕۆڵ دەکەن.

سەرباری ئەوەی ئەشکەنجەی رۆحی و جەستەییش پەرەی سەندووە، رۆژانەش چەندان کەس دەبنە قوربانی ململانێی گرووپە مەزهەبییەکان و کردەوە تیرۆریستییەکان، خۆ لە ئەوروپاشدا، شوناسی نەتەوەیی بوونی ماوە، بەڵام بەم تێگەیشتنە کلاسیکییەی عەلی باپیر نا، کە دەبێ خەڵک خزمەتکاری نەتەوە و دەوڵەت بن! نەخێر، لە ئەزموونی ئێستایاندا، دەوڵەت شۆڕبووەتەوە بۆ لای هاووڵاتییان و هەرچی پارتی سیاسییش هەن لە کێبڕکێدان تاکو هاووڵاتییان لە خۆیان رازیی بکەن، نەک خۆیان بەسەر هاووڵاتییانەوە پیرۆز بکەن.

لە ڕووی ئەخلاقەوە برەو بە ئیباحییەت و خراپەکاری دەدات. ئەمە بۆچوونی عەلی باپیرە، سەبارەت بە چەمکی ئەخلاق لە ئینجیلدا، دیارە تێگەیشتن لە چەمکی ئەخلاق لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە، هەڵگری خەسڵەتگەلێکی جیاواز و قووڵە، راستەوخۆش پێوەندیی بە تێگەیشتنی ترادیسیۆنەوە هەیە، واتە ئەوەی لای رۆژهەلاتییەک بە ئەخلاق ناسراوە، یان پێوەی پابەندە، رەنگە لای رۆژئاواییەک دوور و نزیک پێوەندیی بە ئەخلاقەوە نەبێت و ئاساییشە ئەگەر پابەندی نەبێت، چونکە کولتووری ئەو نییە.

مەبەستی عەلی باپیر روونە لەگەڵ کرانەوە و ئازادییە کەسێتییەکانی هاووڵاتییانی رۆژئاوایەتی، سەبارەت بە پرسی سێکس و هەندێک بەهای کولتووریی ئەوروپاییانەی دیکە، ئەو ئازادییە مرۆییەی لە بارەی سێکس و پرۆسەی هاوسەرگیریی لە ئەوروپادا هەن، ئەو بە ئیباحییەت و لەشفرۆشی تێدەگات!

دیارە ئەم تێگەیشتنە، تێگەیشتنێکی قووڵی توندڕەوییانەیە بۆ ئەو شێوە

تراديسيۆنە ئەوروپييەی هەزاران ساڵە هەيە، تەنانەت لە کۆمەڵگەيەکی وەک سويد، کە بە ڕۆحی ئازادييەکان دادەنريت لە ئەوروپادا، هيچ شوێنێکی لەشفرۆشی بە شێوە فەرمييەکەی بوونی نييە. بەڵام سێکس لە هيچ کەسێک قەدەغە نەکراوە لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگيريدا، بەو مەرجەی ڕەزامەندی دوو لايەنەی لەسەر بێت، ئەمەش بە پێی ياسايەک کە ڕێگە بەو کچ و کوڕانە دەدات، لە تەمەنی ياسايی خۆياندا، مومارەسەی ئەو مافە سێکسييەيان بکەن، خۆ ئەگەر هاتوو دەستدرێژيی سێکسيش ڕوويدات، بە توندترين شێوە، سزای دەستدرێژيکار دەدرێت.

لە ئەگەری ڕەزامەندی هەردوولاشدا، هيچ کەس بۆی نييە، تەداخولی ژيانی ئەو دوو کەسە بکات، چونکە تەمەنی ياساييان بڕيوە، تەنانەت دايک و باوکيش، ئەمە نموونەی کۆمەڵگەی سويد، بەڵام ناتوانين بڵێين تەنيا لە سويد بەمشێوەيەيە، نەخێر لە زۆربەی وڵاتەکانی ديکەشدا هەمان تێگەيشتن و ياسا هەن، بۆ مەسەلەی سێکس و ئەوەی پێی دەگوترێت لەشفرۆشی.

عەلی باپير ئەمە وەک بێڕەوشتی و خراپەکاری ناو دەبات، بەبێ ئەوەی وەکخۆی لە پرسەکە وردبێتەوە، کەچی ناپرسێت لە کۆمەڵگە ئيسلامييەکاندا، چەندان ڕووداوی قێزەوەنی سێکسی ڕوويانداوە و کۆمەڵگەشی دووچاری شۆک نەکردووەتەوە، تەنانەت منداڵی شەش ساڵانيش، دەستدرێژی سێکسيی کرايەسەر، ئەمە وەک تاکە نموونەيەک، بەڵام بە هەزاران نموونەی ديکەش هەن، کە لە ئەوروپادا نين، خۆ ئەگەر ڕووبدەن کۆمەڵگەی ئەوروپی بە هاووڵاتيی و بە ياساوە دەهەژێن، چونکە قەبارەی تاوانەکە زۆر لەوە گەورەترە، کە عەلی باپير لێی تێدەگات.

## ئایا سێکۆلاریزم هەڕەشەیە بۆ سەر ئیسلام؟

کێشەی جیدی گوتاری ئیسلامی سیاسی، جگە لە پیرۆزکردنی ترادیسیۆنی ئیسلامی، لە کۆمەڵێک ڕەهەندی دیکەوەش، کۆی ئەو پرۆژە فیکری و ئایینی و کولتوورییانەی، کە نزیکایەتییان لەگەڵ ئیسلام، یاخود ترادیسیۆنی موسڵماناندا نییە، بەبیانووی ئەوەی گوایە بە بەها و مۆراڵی ئیسلامیی و نەریتگەرای موسڵمانان نامۆن لە ڕەگوڕیشەدا ڕەتیاندەکاتەوە. لەکاتێکیشدا ئەو گوتارە، جگە لە ڕەتکردنەوەی بەرانبەر، پشت بە هیچ بنەمایەکی زانستی نابەستێت، جگە لەو چیرۆک و گێڕانەوانەی ناو مێژووی هەزار و چوارسەد ساڵەی ئیسلام نەبێت، کە زۆرجار بەڵگەی سەلمێنەریان لە بەردەستدا نییە، گوتارێک بە هەموو پێوەرە زانستییەکان، بەتاڵە لە مەعریفەیەکی لۆژیکی، بەو مانایەی لۆژیک پشتئەستوورە بە تەسەوراتی جۆراوجۆری بیرکردنەوە و تێڕامانی قووڵ بۆ دیاردە و شتەکانی دەوروبەر، بە تایبەتی ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە جڤاتەوە.

بە درێژایی ماوەی سەرهەڵدانی بزاوتی ئیسلامی سیاسییش، یان هەر جۆرە فیکرێکی دیکەی بەدەر لە دەسەڵاتی خەلیفە و سوڵتانەکانی موسڵمانان، هەر لە جەمالەدینی ئەفغانییەوە، گوایە هەوڵی ریفۆرمی ئایینی داوە، تا دەرکەوتنی ئیخوان ئەلموسلیم لە ساڵی ١٩٢٨ بە سەرپەرشتی حەسەن بەنننای کەسایەتی دیاری ئایینی ئیسلامی لە وڵاتی میسر.

ئەو گوتارە لە بری ئەوەی بایەخ بە کرانەوە و تێگەیشتنێکی جیاواز بۆ ریفۆرمی ئایینی بدات، بە پێچەوانەوە هەمیشە سەنگەری لە بەرانبەر

گرتووە، بە شێوەیەک جگە لە ئاداب و ترادیسیۆنی ئیسلامییانەش، کۆی شارستانییەت و مۆراڵە غەیرە ئیسلامییەکان رەتکراونەتەوە و زەمینە بۆ هێرشی فیکری و هەتا سەربازییش خۆشکراوە، لەژێر بیانووی بەرگریکردن لە ئیسلام و پاراستنی ئایینەکە لە مەترسیی لەناوچوون.

لەکاتێکدا خودی ئەو گوتارە توندڕۆیە، خۆی ئیسلامی خستووەتە گۆشەیەکی تاریکەوە و هەمیشە ئەگەری هێرشکردنە سەری بۆ دروستکردووە، چونکە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو گوتارە توندڕەوە بووەتە هۆی دروستکردنی کارەکتەرگەلێک کە ئیشوکاریان سەنگەرگرتنە لە کۆمەڵگەکانی دیکەی وەک ئەوروپا و ئەمەریکا و جیهانی مەسیحییەت و جوولەکە بە گشتی، کە دواجار ئەمجۆرە گوتارە گەورەترین زیان بە خودی ئیسلام وەک ئایین دەگەیەنێت و لە کۆمەڵگەی دونیا دایدەبڕێت و وەک ئایینێکی مەترسیداریش دەیناسێنێت، بە هۆی ئەنجامدانی ئەو لێشاوە لە کردە توندڕەوی و تیرۆرییانەی ئێستا لە ئەوروپا ئەنجامی دەدەن .

دەتوانین بڵێین، کارەکتەرانی حیزبی ئیسلامی سیاسی، یان بزاوتە ئیسلامییەکان بە گشتی حەز دەکەن ئیسلام وەک ئایین و وەک ترادیسیۆن، بکەونە بەر شەپۆلی رەخنەی توندڕەوانەی سێکۆلارییەت و هێرشی فیکرییەوە تا لەم رێگەیەوە سۆزی کۆمەڵگە بە لای خۆیاندا رابکێشن، بە هۆی بەرگریکردنێکی ساختەی بەرژەوەندخوازانەی دونیایی لە ئیسلام.

کەوایە رەخنەگرتنی توند لە ئیسلام و ترادیسیۆنی موسڵمانان، سەرئەنجام بە سوودی ئەو گرووپانە دەکەوێتەوە، کە خۆیان وەک نوێنەری ئیسلام ناساندووە، بەهۆی ئەوەی کەرەستەی گەشەکردنی خۆیان لە ئیسلام و ترادیسیۆنەکەیدا دەبیننەوە، هەرکە ئیسلامیش دەخرێتە گۆشەیەکی رەخنەلێگیراوەوە، جا توند بێت، یان میانڕەوانە، ئیدی گوتاری ئیسلامی سیاسی بانگەشەی مەترسی سێکۆلاریزم لەسەر ئیسلام دەکاتە پرۆژەی سیاسی خۆی و بۆ جولاندنی سۆزی موسڵمانان بە کاری دەهێنێت، بە

شێوەیەک کە بانگەشە دەکات، گوایە ئیسلام لە لێواری لەناوچووندایە، لەم ڕێگەیەوەش پاڵپشتی جەماوەری بەدەست دەهێنن و دواتریش لە کارتێکی سیاسییدا دژ بە پرۆژەی سێکۆلاریزمی، یان دیموکراسی، دەیخەنە بەردەم کۆمەڵگەوە.

بۆ قسەکردنیش لەسەر ئیسلامی سیاسی، پێویستە واقیعییانە لەو کایە سیاسییە تازەیەی دونیای ئیسلامگەرا وردبینەوە، بۆ ئەوەی ئاشنای ئامانجی سیاسی کارەکتەرانی ئیسلامی سیاسی بین، یان ئەوەی بناغەی گوتاری سیاسی خۆیان لەسەر بنیاد دەنێن. ڕاستییەکی دیکەش هەیە، بزاوتی ئیسلامی سیاسی بە کۆی ئۆرگان و گرووپەکانییەوە، سەرئەنجام بۆ یەک ئامانجی دیاریکراو بە گوتەی خۆیان، جیهاد دەکەن لە ڕێگەی بانگخوازیی و کردەی توندڕەوییەوە، بۆ بنیادنانەوەی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی، لەو شوێنانەی هەیمەنەی تێدا دروست دەکەن.

ڕاستە تا ئێستا ئەو گرووپانە نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی یەک حیزبی سیاسییدا، یان بەرەیەکی ئیسلامی گشتگیردا کۆببنەوە، بەڵام دواجار خاڵێکی سەرەکی هەر هەموویان لەسەر خوانی تێگەیشتنێک، ئامانجێک، مەبەستێکدا کۆدەکاتەوە کە دروستکردنی خەلافەتەکەیە. هەوڵی ئەبوبەکر بەغدادی و سەرکردەیەکی ئیخوان و عەلی باپیریش هەمان هەوڵدانە بۆ سەرخستنی پرۆژە گەورەکە، لەژێر بیانووی بەرگریکردن لە ئیسلام، ئەویش دروستکردنی فەزای ئیسلامگەراییە، فەزایەک جگە لە خواست و مۆدێلی ئیسلامی سیاسی، هیچ شتێکی دیکە تێیدا قبووڵکراو نییە.

بە سەیرکردنی گوتاری سەرجەم ئەو گرووپانەش، دەزاندرێت کە هەموویان، بەڵام بە شێواز و فۆڕمی خۆیان، سەرقاڵی دروستکردنی ئەو فەزایەن، فەزایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە تێیدا بانگەشەی لەناوچوونی ئیسلام دەکرێت، بۆ ئەوەی لەم دەروازەیەوە خۆیان وەک بەرگریکاریی سەرسەختی ئیسلام بناسێنن، بە سوودوەرگرتن لە سادەیی و سۆزداری

خەڵکی هەژاری کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، کە بە هۆی غەدر و ناعەدالەتی دەسەڵاتەکان بێزارییەکی قووڵ دایگرتوون، ئەمەش باشترین زەمینەی بۆ گەشەکردنی بزاوتی ئیسلامی دروستکردووە، لێرەدا لە تەک بێزاریی خەڵکی، بانگەشەی جیهادکردن بۆ سەرخستنی ئایینی خودا و پێغەمبەری موسڵمانان دێتەکایەوە! لە لایەکی دیکەوەش سواری شەپۆلی ناڕەزایی خەڵک دەبن، وەک ئەوەی میسر کە ئیخوانەکانی سەرخست.

هاوکات زۆرکاتیش ئیشی لەسەر رەخساندنی زەمینەیەک کردووە تا ئیسلام بکەوێتە بەر پەرچەکرداری فیکری و هەڵوێستی توندڕەوانەی سێکۆلار و چەپەکانەوە، یان دەسەڵات، تا لە گۆڕەپانی سیاسی خۆیاندا، وەک کارتی جوڵاندنی سۆزی ئایینی خەڵک لە خزمەتی پڕۆژە سیاسییەکەیاندا بەکاریبهێنن، گوایە ئیسلام هەڕەشەی لێدەکرێت و دەیانەوێت خاک و ئایینی ئیسلام بگۆڕن، بە مەسیحییەت و جوولەکە! کە ئەمەش ئەوپەڕی خوێندنەوەیەکی هەڵەیە و ئامانجی سیاسی بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی لە پشتەوەیە.

ئەزموونی دەوڵەتدارییش لە رۆژهەڵاتدا، بە تایبەتی وڵاتانی ئیسلامی، دووچاری کۆمەڵێک کێشەی قووڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بووەتەوە، بە هۆیەوەش ئەو زەمینە لەبارە رەخساوە بۆ سەرهەڵدان و گەشەی بزاوت و گرووپی توندڕەوی ئیسلامی سیاسی، چونکی ئیسلامی سیاسی بە بەرنامە ئیشی لەسەر خاڵە شتکسخواردووەکانی حکوومەت و دەوڵەتکردووە، بە تایبەتی بێزاریی زۆری خەڵک لە شێوازی ژیان و باری گوزەران و ئازادی سیاسی و ئایینی و رۆشنبیری و چەندانی دیکەش.

عەلی باپیر بۆ جوڵاندنی سۆزی ئایینی خەڵک، دەڵێت: «ئیسلام بەرنامەی بێ هەڵە و پەڵەی ژیانە و کلیل و چارەسەری هەموو گیروگرفتەکانە». لێرەدا قسەکردنی ئێمە لەسەر خودی ئیسلام نییە، وەک ئایین، هەڵبەت ئەمە بە مانای نەبوونی سەرنجیش نایەت لەسەر ئیسلام، بەڵکوو لەسەر

ئەو گوتارەیە کە دەخوازێت لە ڕێگەی زاڵکردنی ئیسلامەوە بەسەر ئەوانی دیکەدا، خۆی بکاتە نموونەیەک بۆ نوێنەرایەتیکردنی موسڵمانانی کوردستان.

ئاشکرایە کۆمەڵگەی کوردستان، زۆرینەی ئیسلامی بە هەر جۆرە هۆکارێکەوە بێت قبووڵکردووە، باشترین کەرەستەی بزاوتنی ئیسلامیش، ئەو جەماوەرە ئایینییەیە کە بە ئاسانی دەتواندرێت بۆ مەرامی سیاسی بجوڵێندرێن. بە سەرنجدانیش لەو تێگەیشتنەی عەلی باپیریش بۆ ئایین، دەتوانین بڵێین، کە ئەو پیاوە دەخوازێت کۆمەڵگەی کوردستان لەناو فەزایەکی ئایینی بهێڵێتەوە، پێیوایە جگە ئیسلام، هیچ سیستەم و ئایین و فیکرێکی دیکە، هەتا یاساییش، کلیلی چارەسەری گرفتەکان نین، تەنێ ئەوە ئیسلامە چارەسەری هەموو شتەکانە، ئەو دەرگە داخراوانەش بە کلیلی ئایین نەبێت، نابنەوە، هەڵبەت ئەو مەبەستی ئیسلام وەک ئایین نییە، بەڵکوو ئەو تەسەوراتانەی کە خۆیان دەیانەوێت، نەک ئیسلام وەک ئایین، هەمیشە ئەوەی ئیسلامی سیاسیی دەیخوازێت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، خۆشبەختی بەرهەم ناهێنێت، بە پێچەوانەوە کارەساتی مرۆیی دەهێنێتە کایەوە، لە نموونەی ئەفغانستان و مووسڵ و ڕەققە.

ڕاستە ئایین لە ڕووی ڕۆحییەوە، کاریگەری بەسەر بەشێکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام کاتێک مەسەلەکان دەگەنە ئاستی دەوڵەتداریی و کاروباری سیاسییەوە، ئیدی شتگەلی دیکەش دێنە کایەوە، ڕەنگە بە ئامۆژگاریی ئایینی چارەسەر نەبن، ئەمە نە بە کەم سەیرکردنی ئایینە و نە دژایەتیکردنێتیشی، بەڵکوو بە هۆی کرانەوەی کۆمەڵگە و ئاشنابوونی بە جۆر و شێوازیی ژیان و شاڵاوی تەکنەلۆژیا و بەرزبوونەوەی خواستی مرۆڤ، بۆ کاڵا و بەرهەمی تازەی تەکنەلۆژی و سەرقاڵبوونی بە زۆر کایەی دیکەوە، هەروەها لە ڕووی دەرکردنی یاسا و مامەڵەی دەوڵەت بەرانبەر مرۆڤ و شوناسی حوکمڕانێتی، گۆڕانکاریی گەورە ڕوویانداوە، ئیدی ئایین تاقەتی ئەو شەپۆلانەی نییە.

هەرکە بەرپرسیارێتییەکی گەورەش دەخرێتە ئەستۆی ئایین، لەم جەنجاڵییەی ئێستای قۆناغی سەرمایەداریی و شەڕی کۆمپانیاکاندا، بێگومان زیانی گەورەی بەر دەکەوێت، چونکە ئایین ناتوانێت لە سەردەمی ئێستا، دەرەقەتی ئەو هەموو گۆڕانکاریی و پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیی و پەروەردەیی و تەندروستیی و سیستەمە سیاسی و بانکییەکان بێت، ئەو تێگەیشتنەی عەلی باپیر بۆ ئایین، خودی ئیسلام تووشی کێشە دەکات، نەک سوودی پێ بگەیەنێت!

چونکە ئیسلام دووچاری بەرپرسیارێتییەکی قوورس دەکاتەوە و دەیخاتە ناو جەنجاڵییەکانی ئێستای کۆمەڵگە کە بەدەست هەزاران گرفتی ئابووریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی و دونیایەک پرسی دیکەوە گیرۆدە بووە، تەنانەت خودی سیستەمە پێشکەوتووەکانی دونیاش نەیانتوانیوە کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکەن، چ جای ئایین!

بە پێی ئەوەی هەر ڕۆژەی بە هۆی گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆژیا و ئابووری و سیاسی، خواستی مرۆڤیش بۆ شتی تازە، ئەویش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکیشدا، ئیدی یاسای تازە و شێوازی تازەی حوکمڕانێتیش دێتە کایەوە، مرۆڤی ئێستا بە دەست تەکنەلۆژیا و سەرمایەدارییەوە وەک ڤیرۆن وایە، دەبێ زوو زوو تێڕوانینی بگۆڕێت، یان ئەبدێتی بکاتەوە، ئەگینا ناتوانێت لە تەک شەپۆلەکاندا بچێتە پێشەوە.

کەوایە عەلی باپیر دووچاری هەڵەیەکی قووڵبووەتەوە لە تێڕوانینیدا، بۆ ڕۆڵی ئایین، لەم قۆناغەی مرۆڤایەتییدا، کە ئاماژەمان پێدا مرۆڤ بە دەست ڤیرۆنە تازەکانی تەکنەلۆژیا و سەرمایەدارییەوە گیریخواردووە، ناکرێت لە تەکیشیاندا ڕێ نەکات، چونکە شێوازی ژیانکردن وای لێهاتووە، دەبێ مرۆڤ لەگەڵ ئەو ڤیرۆنە تازانەدا، ئەویش خۆی نوێ بکاتەوە و هەرگیزیش ناتوانێت بە تێڕوانینێکی کلاسیکییانە، لەگەڵ ڕەوتی شارستانییەتدا بچێتە

پێشەوە، چونکە ئەو شەپۆلە تازانەی دونیای تەکنەلۆژیا، رۆژ دوای رۆژ بەهێزتر دەبن، بۆیە پێویستە مرۆڤ خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێت، ئەگینا لول دەدرێت و بە خنکاوی لە کەناردا دەکەوێت!

لە شوێنێکی تردا، سەبارەت چەمکی عەلمانییەت دەڵێت:«هەر کار و زانستێک، سیاسەت بێت، یان کۆمەڵایەتی بێت، یان ئابووریی یان هەر لایەنێکی دیکەی ژیان، ئەگەر ئایین هەوێن و ئاوێتەی نەبێت، واتە بێدین بێت و دوور لە ئایین بێت، هیچ کەڵک و نرخێکی نییە، چونکە دەبێتە هەوا و ئارەزووی بەدی شەیتان و ئینسان بە کەیفی خۆی دەکات، هیچ قیەم و ئەخلاق و ویژدانێکی لە ژیاندا لەلا نامێنێت».

بەڕاستی ئەوەی عەلی باپیر دەیڵێت کە لێرەدا مەبەستی سیستەمی سێکۆلاریزمە، دوور و نزیک پێوەندیی بەو چەمکە مۆدێرنەوە نییە، ئەو پێیوایە هەر کار و زانستێک، ئەگەر ئایین هەوێنی نەبێت، هیچ سوودێکی نابێت، ئەم تێگەیشتنەش لە ساتەوەختێکدایە بەڕاستی بە بەڵگە ئەوە سەلمێندراوە کە دەوڵەتی ئایینی نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت، لە خۆشبەختکردنی هاووڵاتییەکانی.

نموونەی تالیبان لە ئەفغانستان، ئێران و سعوودییە و ئەزموونی یەکساڵەی ئیخوان لە میسر و پاشان عێراقی سەردەمی مالیکی و عەبادی کە بە هۆی جوڵانەوەی هەستی تایەفەگەریی و شەڕی ئایینزاکان، گەلانی عێراق، دووچاری چ کارەساتێک بوونەوە، لە ئەنجامی ئەو ململانێ ئایینی و مەزهەبییانەشدا، لە نێوان سوننە و شیعە، گرووپێکی تیرۆریستی وەک داعش پەیدا دەبێت و ئیدی کارەسات لەوێوە بە فۆڕمێکی ترسناکتر دەستپێدەکاتەوە، هەموو ئەوانەش لە ئەنجامی غیابی دەسەڵاتێکی مەدەنی هاتوونەتە کایەوە، بەوەی دەسەڵات نەیتوانیوە شۆڕببێتەوە بۆ لای هاووڵاتییان و خواستی ژیانیان دابین بکات، بەڵکوو هاووڵاتییان وەک خزمەتکاری دەسەڵات بیندراون و بەکارهێندراون، کراون بە قوربانی ململانێ

سیاسی و مەزهەبی و کەسییەکان.

ئەمە چ توندڕەوییەکە پێتوابێت، ئەو زانست و سیستەمە ئابووری و سیاسییانەی، ئەگەر ئایینی نەبن، هەوا و هەوەسی شەیتانن و هیچ قیەم و ئەخلاقێک لای مرۆڤ ناهێڵن! بەڕاستی تەواو پێچەوانەی بنەماکانی ئامانجی سێکۆلاریزمە، کە مرۆڤ دەکات بە سەنتەری شتەکان، نەک پاشکۆی پیرۆزکراوەکان، ئەم بۆچوونە نەک راستی نییە، بەڵکوو غەدرێکی گەورەشە لە ئامانجی سێکۆلاریزم، بەڵام کاتێک سەیری ئەزموونی دەوڵەت و ژیانی خەڵک لە سایەی سێکۆلاریزمی ئەورووپادا دەکەین، ئیدی دەزانین دووچاری بڕیارێکی نالۆژیکی بووەتەوە.

عەفیف ئەخزەر، بیرمەندی گەورەی عەرەب، لە کتێبی «عەلمانییەت و ئسوڵییەت» دەڵێت: «عەلمانییەت کلیلی مۆدێرنەی سیاسییە، لەبەر ئەوەی دەتوانێت ئیماندار لە هاووڵاتیی جیا بکاتەوە، باوەڕ و ئیمانی کەسی ئیماندار بۆ خۆیەتی و شتێکە پێوەندیی بە خۆیەوە هەیە و پێوەندیی بە ئەرک و مافەکانییەوە نییە، وەک هاووڵاتییەک. ئەخزەر دەشڵێت: مرۆڤی ئیماندار لە مزگەوت یان کڵێسا یاخود لە کنێسادا مومارەسەی ئیمانداری و خواپەرستی خۆی دەکات. لەکاتێکدا هاووڵاتیی مومارەسەی هاووڵاتیبوونی خۆی، وەک ئەرک و ماف، لە چوارچێوەی هەموو نیشتماندا دەکات، لەبەر ئەوەی هاووڵاتیبوون مافێکی رەوای هەموو هاووڵاتییەکە بێ هیچ هەڵاوێردێک».

ئەوەی عەفیف ئەخزەر دەیڵێت، تەواو لەگەڵ بۆچوونەکەی عەلی باپیر جیاواز دێتەوە، خۆ ناکرێت بڵێین، ئەو باشتر لە بیرمەند عەفیف لە چەمک و ئامانجی سێکۆلاریزم تێگەیشتووە! هەڵبەت ئەوەی ئەو بیرمەندە عەرەبە دەیڵێت، حەقیقەتەکەی لەوە دایە کە بێلایەنانە خوێندنەوەی بۆ ئامانجی سێکۆلاریزم کردووە، وەک خۆی کە هەیە، ئاخر باوەڕی مرۆڤ بۆ خۆیەتی و پێوەندیی بە ئەرکەکانییەوە نییە، لە چوارچێوەی کاروبارەکانی دەوڵەتدا،

واتە مەرج نییە ئەوەی ئیماندار بێت، کەسێکی پاک و فریشتە بێت، ئەوەی ئیمانداریش نەبێت، شەیتان و بێئەخلاق بێت! ئەمە تێگەیشتنی هەڵەی عەلی باپیرە کە پێیوایە ئەو زانست و سیستەمە سیاسییانەی ئایینی نین، هەوا و ئارەزووی شەیتان دەخوڵقێنن و کۆمەڵگە دووچاری بێ قیەمی و بێویژدانی و بێئەخلاقی دەکات.

لە لایەکی دیکەوە، دەکرێت بیری عەلی باپیر بهێنینەوە کە بیرمەندانی دونیا تارادەیەک کۆکن لەسەر ئەوەی کە مرۆڤایەتیی قۆناغی ئەفسانە و قۆناغی ئایینی تێپەڕاندووە، ئێستاش لە قۆناغی زانست و تەکنەلۆژیادا دەژیەت. ئەفسانەش ئەو چیرۆک و گێڕانەوە مێژووییانە دەگرێتەوە، کە بەڵگەی سەلماندنیان نییە، واتە بەتاڵن، بەڵام پەیوەندییەکی ئۆرگانی بەهێز لە نێوان ئەفسانە و ئاییندا هەیە و دواتر لە ئەنجامی گەشەکردنی زانست، کە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤ خۆیەتی، ئیدی تەکنەلۆژیا بە مانا فراوانەکەی بەرهەمدێت، بەڵام پێوەندیی بە هیچیانەوە نییە!

واتە تەکنەلۆژیا لە هەناوی ئەفسانە و ئایینەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکوو لە ئەنجامی گەشە و بیرکردنەوەی عەقڵانی مرۆڤەوە پەیدابووە، بەو پێیەی ئایین کۆمەڵێک بنەمای جێگیریی هەیە و ناکرێت مرۆڤ لێیان دەربچێت، بەڵام زانست دەستدەکات بە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەو کەونەدا، تا بەرهەمێکی دیکەی تازەی تەکنەلۆژی بخاتە پێشچاوی خەڵکەوە، مەگەر ئەوە تەکنەلۆژیا نەبوو، مرۆڤی بەبێ باڵ بردە ئاسمان!

عەفیف پێشیوایە مرۆڤی ئیماندار لە مزگەوت یان کڵێسا یان کنێسادا مومارەسەی ئیمانداری و خواپەرستی خۆی دەکات و هاووڵاتییش کە مەبەستی ئەو توێژەیە، رەنگە ئەهلی دینداری نەبن، مومارەسەی هاووڵاتییبوونی خۆیان دەکەن.

لێرەدا دەکەوینە بەردەم دوو تێگەیشتنی جیاوازەوە بۆ عەلمانییەت، یەکێک پێیوایە عەلمانییەت دەرگە بۆ مومارەسەکردنی مافی هاووڵاتییبوون

خۆشدەکات، ئەوەی دیکەش، کە مەبەست لە عەلی باپیرە، پێیوایە کایەکانی کۆمەڵگە، بەبێ ئایین، دەبنە هەوای بەدی شەیتان و بێ ئەخلاقی و بێ ویژدانی بڵاو دەکەنەوە.

ئەم بۆچوونە لەکاتێکدایە کە سێکۆلاریزم بە هیچ شێوەیەک ئەوە نییە کە عەلی باپیر لێی تێگەیشتووە، یان بە ئەنقەست وای دەناسێنێت، بە درێژایی مێژووی سیاسی و ئایینی، دەسەڵاتدار و پیاوە ئایینییەکان لە کۆمەڵگەی ئیسلامییدا، بەدەست دەردێکەوە ناڵاندوویانە، ئەویش رەتکرنەوەی بەرانبەر بووە، واتە جۆرێک تێگەیشتن پەیڕەوکراوە، کە ئەوە تەنیا ئیسلامە مرۆڤایەتیی ئازاد و ئاسوودە دەکات، بەدەریش لە ئیسلام، هیچ کۆمەڵگەیەک بەرەو پێشەوە ناچێت و ئەوە ئیسلامە دونیا و دواڕۆژ بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکات، ئەو تێگەیشتنەش قۆناغ بە قۆناغ، لەگەڵ دروستبوونی حیزب و رەوتی ئیسلامی سیاسی، ئەویش هەنگاوی تازەتری ناوە، بەڵام لەسەر هەمان ریتمی پێش خۆیەوە، واتە درێژکراوەی هەمان ئەو تێگەیشتنە بووە، کە جگە لە ئیسلام، هیچ ئایینێکی دیکە، هی ئەوە نییە، مرۆڤایەتی پشتی پێ ببەستێت، بۆ ئاسوودەکردنی مرۆڤایەتی.

عەلی باپیریش درێژەپێدەری هەمان تێگەیشتنی توندڕەوانەیە بۆ دەوروبەرەکەی، واتە ئەویش بە راشکاویی دەڵێت، جگە لە ئیسلام، هیچ ئایینێکی دیکە، هی ئەوە نییە مرۆڤایەتی ئومێدی پێی هەبێت، ئەوەتا دەنووسێت: «ئیسلام بەڕاستی پڕ بە پێستی ژیانە، ئەو ئایینەیە کە ژیان بەرەو پێشەوە دەبات و مرۆڤ ئازاد دەکات و بەرژەوەندییەکانی دنیا و دوارۆژی بۆ فەراهەم و دەستەبەر دەکات، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییش، تەنیا بە ئیسلام ئازاد و ئاسوودە و بەختیار و گەشاوە دەبیت».

دەکرێت لە گۆشەنیگایەکی سیاسییەوە، سەیری ئەم تێگەیشتنەی عەلی باپیر بکەین، ئەو خەریکی دروستکردنی ژینگەیەکی سیاسییە، تا ئەسپی ئامانجە سیاسییەکەی خۆی لێ تاو بدات. بۆ ئەوەی عەلی باپیر

و هاوبیرەکانیشی باشتر لە سێکۆلاریزم حاڵی ببن، دەکرێت بڵێین، کە جیاوازییەکی جەوهەری لە نێوان ئامانجی حیزبی ئیسلامی و ئامانجی سێکۆلاریزمدا هەیە، جیاوازییەک کە بە هۆیەوە حیزبی ئیسلامی، هەمیشە سەنگەری لە سێکۆلاریزم گرتووە و لە روئیای حیزبی ئیسلامیدا، سێکۆلاریزم هۆیەکی سەرەکییە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، چونکی ئامانجی سێکۆلاریزم بڵاوکردنەوەی فیکری دونیاگەراییە، واتە سێکۆلاریزم دونیای لە لا پیرۆزە و لە ژیاندا هەوڵی بەرجەستەکردنی حەز و ئاواتەکانی مرۆڤایەتی دەدات، لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگەشدا، هیچ کات بۆ هەست و ئامۆژگاریی ئایینی ناگەڕێتەوە.

بە پێچەوانەوە، حیزبی ئیسلامی، یان هەر ئایینێکی دیکە، دەیەوێت ئایین وەک کەرەستەیەکی خاو، لە کارگەی سیاسی خۆیدا بەکاربهێنێت و ئەو کاڵایەی لێ دروست بکات کە خۆی دەیەوێت! واتە لێرەدا ئایین کەوتووەتە خانەی بەرژەوەندی شەخسەوە، نەک بە پێچەوانەوە کە بزاوتی ئیسلامی بانگەشەی بۆ کردووە.

واتە ئامانجی حیزبی ئیسلامی، هێشتنەوەی کۆمەڵگەیە لە خاڵی چەقبەستوویی و دواکەوتوویی خۆیدا، بە پاشخانی ترادیسیۆنی ئایینی و خێڵگەرایی، بەڵام سێکۆلاریزم، سەرجەم دەرگەکان واڵا دەکات، چونکە کلیلەکانی لای مرۆڤ خۆیەتی، بۆ ئەوەی مرۆڤ مومارەسەی حەزی خۆی بکات.

هەڵبەت ئەمەش لە چوارچێوەی کۆمەڵێک یاسا و رێکاری دونیایی، کە رێگرن لەوەی هیچ کەس بۆی نەبێت، هێرشبکاتە سەر ئازادی و حەزەکانی ئەوی دیکە، بە هەمان شێوەیەش، دەرفەت بۆ دینداریێکیش دەڕەخسێنێت، تا بە ئازادی مومارەسەی عەقیدەی ئایینی خۆی بکات، بەڵام رێگری لێ دەکات بە هۆی ئایینەکەیەوە خۆی پیرۆزتر ببینێت لە بەرانبەر ئەوانی دیکەدا، کەچی لە دیدی حیزبی ئیسلامیدا، مادام تۆ موسڵمانی سەر بەو

نیت، تۆ تاکێکی هەڵگەڕاوەیت و دەبێ لە پرۆسەیەکی بانگخوازیدا بکرێیت بە موسڵمانی پێرفێکت، خۆ ئەگەر رەتیشی بکەیتەوە، ئەوا دەکەویتە بەردەم شەپۆلی رەخنە و هەتا جیهادی توندوتیژەوەش.

لەبەر ئەوەشە کە ئیسلامی سیاسی ترسی گەورەی بۆ دروست دەبێت، چونکە سێکۆلاریزم ئامانجی بڵاوکردنەوەی کولتووری جیاوازیی و ئازادی و دونیاپەرستییە، ئەمەش بۆ حیزب و بزاوتی ئیسلامی باش نییە، چونکە بە هۆیەوە خەڵک هۆشیار دەبنەوە و هەر بۆیەش حیزبی ئیسلامی ئەمە وەک مەترسی بۆ سەر خۆی دەبینێت. بەو پێیەی حیزبی ئیسلامی، ترسێکی قووڵی مێژوویی و کولتووریی لەگەڵ ئازادییدا هەیە، هیچ کاتیش کۆمەڵگە ئیسلامییەکان ئازادی و دیموکراسییان بەخۆیانەوە نەدیوە، چونکە رێگری زۆر هەبووە، ئەگەر چەند ساڵێک وڵاتێک ئازادی تێدا رەخسا بێت، دواتر سەرەوژێر بووەتەوە، چونکە دیموکراسی و ئازادی بنەمایەکی مێژوویی و کولتوورییان نەبووە، لەبەر ئەوەش گەشەیان نەکردووە، بە تایبەتی ئێستا کە حیزبی ئیسلامی بە جیدیی کار بۆ ئەوە دەکات کە دیموکراسی گۆڕەپانەکەی فراوان نەبێت و ترسی لە گەشەکردنی هەیە.

ئەو ترسەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەبێتە هۆی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و دواتر تاکگەلێکی پرسیارکەر دروست دەکات و ئەم تاکە پرسیارکەرەش، راستەوخۆ لە بەرژەوەندی ئەو کەسانە دەدات، کە بە ئاشکرا ئایین بۆ مەرامی تایبەتی بەکار دەهێنن.

هەر لەبەر ئەوەشە، حیزبی ئیسلامی دەخوازێت کۆمەڵگە لە چوارچێوەی چەقبەستوویی خۆیدا نەیەتەدەرەوە، کەوایە سێکۆلاریزم گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بزاوتی ئیسلامی سیاسی، بەو پێیەی خەڵکیان لێ هۆشیار دەکاتەوە، ئیدی ماکینەی میدیایی و سۆزداری دژی سێکۆلاریزم دەخرێتە کارەوە، لەکاتێکدا ئەزموون سەلماندویەتی، کە سێکۆلاریزم بووەتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئەوروپییەکان، کەچی

حیزبی ئیسلامی، خۆی لەو ڕاستییە دەشارێتەوە و دژایەتی خۆی بۆ سێکۆلاریزم بەیانکردووە، ئاخر گەشەی سێکۆلاریزم، یانی هۆشیاری کۆمەڵگە، هۆشیاری کۆمەڵگەش لە زیانی پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسییدایە، چونکە گەشەکردن و بوونی خۆی لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو و ناهۆشیاردا دەبینێتەوە، بەوەی بە ئاسانی دەتوانێت بە کەرەستەگەلێکی ئایینی، کاریگەری دروست بکات و خۆی وەک نوێنەری ئایین و پیرۆزیش نیشان بدات، بەڵام لە سێکۆلاریزمدا هیچ کەس، نوێنەری ئایین نییە، کەسیش لە بەرانبەر ئەوی دیکەدا پیرۆز نییە، یان بۆی نییە خۆی وەک پیرۆز بسەپێنێت، ئەمەش گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر حیزبی ئیسلامی دروست دەکات، چونکە حیزب و کەسایەتییە ئیسلامییەکان خۆیان وەک نوێنەری ئایین ناساندووە و ئامانجییان پیرۆزکردنی خۆیان بووە، تا سۆزی ئایینی موسڵمانان بە لای خۆیاندا رابکێشن.

## دەستەبەری ئازادی و لێپرسینەوەی یاسایی

بەراورد بە چەند دەیەیەک لەمەوپێش، ئێستا رۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی گشتی، سەرقاڵی پێناسەکردنی فیکریی سێکۆلاریزم نین، بەو پێیەی کایەی دونیاگەرای سێکۆلاریزم، ئێستا لەسەر ئاستی سیستەمی سیاسی و بەها جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا، هەژموونی خۆی بەسەر رۆژئاوادا سەلماندووە، واتە رۆژئاواییەکان، ئەزموونی دەوڵەتی سێکۆلاریزمییان تاقیکردووەتەوە، ئێستاش لە قۆناغی ئەنجامەکانیدا دەژین و قۆناغ بە قۆناغیش لە گەشەسەندن و گۆڕانکاریی ئەرێنیدایە، بە ئاڕاستەی بەرژەوەندی ئازادی و گەڕانەوەی شکۆی زەوتکراوی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی رۆژئاواییدا.

سەرەتای دەرکەوتنی تەوژمی فیکری سێکۆلاریزم، لە رۆژئاوادا دووچاری ئاستەنگی گەورە بووەوە، وەک ئەوەی ئێستا لە رۆژهەڵاتدا و لە لایەن گرووپ و کەسایەتییە توندڕەوە ئیسلامییەکاندا پێناسەی بۆ دەکرێت، یان سەنگەری لێ دەگیرێت، بەڵام ئەوەی رۆژئاوا جیاواز بوو، بە هۆی تینوێتی تاکی رۆژئاوایی بۆ ئازادی و گەڕاندنەوەی شکۆی لەدەستچووی، ئیدی فیکری عەلمانییەتیش توانی بەربەستەکان تێکبشکێنێت و لە پەنجەرەوە رووناکی بباتە ناو رۆحی تاریکی مرۆڤی رۆژئاواییەوە، کە لێرەدا زیاتر مەبەست لە کۆمەڵگەی ئەوروپییە، بەوەی بەدەست پەتای ستەمکاریی دەیناڵاند.

بۆیە وەک پێویستییەکی مرۆیی بە خێرایی بڵاوبووەوە، نەک لە رێگەی چەک و گوشاری هێزەوە، چونکە بنەمای فیکریی سێکۆلاریزم، لەگەڵ

توندوتیژیدا یەکناگرێتەوە، بەڵکوو ئەوە پێویستی مرۆڤ بوو، بۆ ئازادی و هۆشیاریی، وای کرد ڕۆژ دوای ڕۆژ سنوورەکانی سێکۆلاریزمگەرا فراوانتر بێت و دەرئەنجامیش وەک کولتوورێکی گونجاو قبووڵکرا و ئێستاش گۆڕەپانی گەشەسەندنی لە فراوانبووندایە.

مەبەست لەوەی کە دەڵێین، ئێستا پێناسەی سێکۆلاریزم ناکرێت، ئەوە نییە ئیدی باری کەوتبێتە لێژی و لە کاروباری دەوڵەتییدا بایەخی نەمابێت، نەخێر، پرسەکە لەوە دەرچووە، کە ئەم کایە تازەیە بووەتە کولتووری مرۆیی، هیچ دەسەڵاتێکی ڕۆژئاواییش، ناتوانێت خۆی لەم کایەیە بە دوور بگرێت، یان دژایەتی بکات، ئەگەر ئەوە ڕوویدات، باری کۆمەڵگە و هەلومەرجی سیاسی و کولتووری ئەو وڵاتە دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی جیدییەوە، کاتێک سێکۆلاریزم فەرامۆش دەکات.

ئەمەش بە هۆی فەراهەمکردنی ئەو ئازادییەی لە سایەی سێکۆلاریزمدا، کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بەدەستیهێناوە، لە ڕۆژئاوادا بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵات، پرسی ئازادی پرسێکی گرنگە و قوربانی زۆری لە پێناودا دراوە، بەڵام بەو تێگەیشتنە هەڵەیەی ڕۆژهەڵاتییەکان نا کە شێوە ژیانی ڕۆژئاواییەکان، بە بێڕەوشتی و بێدینی وەسف دەکات، بەڵکوو ئەوە سێکۆلاریزم نییە کە بابایەکی ئیسلامی سیاسی پێناسەی دەکات و بە ئارەزووی خۆی، تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستێت، تا کۆسپ بخاتە بەردەم گەشەسەندنی.

لە سێکۆلاریزمدا باڵانس لە نێوان تەواوی توێژ و پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکاندا هەیە، واتە تۆیەکی موسڵمان، بە پێی یاساکانی دەوڵەت، دەتوانیت لەناو جەرگەی پاریس و بەرلین و ستۆکهۆڵمدا، بە ئازادانە ڕێوڕەسمی ئایینی خۆت جێبەجێ بکەیت و هاموشۆی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکانی خۆتیش بکەیت.

بە گوێرەی یاساش، هیچ کەس و لایەن و حکوومەتێک، ناتوانن ئەو مافە کەسییەت زەوت بکەن، بەو پێیەی لە چوارچێوەی ئەو ئازادییەی لە

سێکۆلاریزمدا بە یاسا ڕێکخراوە، دەتوانیت ئەو مافەت دەستەبەر بکەیت، هەڵبەت ڕێگریش لەبەردەمتدا هەیە، کاتێک بتەوێت پێشێلی مافی ئەوانی دیکە بکەیت، دیسانەوە یاسایەک هەیە پارێزگاری لەوی دیکەش دەکات، بۆ ئەوەی دەستدرێژی نەکرێتە سەر بەها کۆمەڵایەتی و ئازادییەکانی، وەک چۆن پارێزگاری لە تۆش دەکات، واتە کاتێک تۆیەکی موسڵمان، مافی ئەوەت هەیە ممارەسەی ئایینی خۆت بکەیت، بەدڵنیاییەوە جوولەکەیەک و مەسیحییەک و بوزییەک و زەردەشتییەکیش، هەمان ئەو مافەی تۆیان هەیە، کە بۆت دەستەبەرکراوە، بۆ ئەوانیش هەمان شتە، تۆ مافت نییە بڵێیت ئایینی من وایە و هی ئێوە وایە! مافت نییە قسە لەسەر پەیڕەوانی ئایینی خەڵکانی دیکە بکەیت بە شێوەیەک کە نیگەرانی ئەوانی لێبکەوێتەوە.

ئەگەر تۆیەکی موسڵمان، لە ناو جەرگەی خاکی مەسیحییەتیشدا بیت و پارێزگاریشت لە موسڵمانێتی خۆت کردبێت، ئەوانیش ناتوانن پێشێلکاری بەرانبەر ئەو مافەی تۆ بکەن، کەوایە دەتوانین سێکۆلاریزم وەک دەستەبەری ئازادییەکان و بەربەستی یاساییش ناو بەرین، واتە هەم ئازادی بەرجەستە دەکات و هەمیش بە یاسا ڕێگری لە پێشێلکاریی دەکات، چونکە لەوێدا یاسا ڕێگری لە هەر جۆرە پێشێلکارییەک دەکات، کە بەرانبەر هەر ئایینێک ئەنجامبدرێت، واتە یاسا دەبێتە سەروەر بەسەر هەست و سۆزی ئایینی خەڵکەوە.

نەک بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیی کە بە هۆی غیابی یاساکان، هەر پێکهاتەیەکی ئایینی غەیرە موسڵمان، لە هەر لەحزەیەکدا، لەبەردەم ئەگەری ئەوەدایە بکەوێتە بەر هەڕەشە و پێشێلکاری گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان، وەک ئەوەی داعش، بەرانبەر مەسیحی و ئێزیدییەکانی مووسڵ ئەنجامیدا.

داعش گرووپێکن لە چوارچێوەی یاسادا نین، بەڵام لە ئەنجامی فیتنەگەری مەزهەبی و شەڕی مەرجەعە ئایینی و بێ یاسایی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی

ئیسلامی، بە تایبەتی لە سووریا و عێراق دروست بوو، بۆ ئەوەی دەستبەسەر هەژموونی ناوچەکە دابگرێت و ئەو مۆدێلە شکستخواردووەی حوکمڕانێتی بە مۆدێلێکی خراپتری خەلافەت بگۆڕێت، بۆیە تەڕ و وشکی بە یەکەوە سووتاند و زیانی گەورەتری بە پرسی پێکەوەژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی گەیاند.

لەکاتێکدا ڕۆژهەڵات خۆی بەدەست پێشێلکارییەکانی سەر پێکەوەژیانی پێکهاتەکان دەینالاند، کەچی داعش هات، پێشێلکارییەکانی زیاتر کرد و فیتنەگەری ئایینی گەیاندە قۆناغێکی مەترسیدارترەوە، بەڵام نابێت داعش تەنیا لە گرووپێکی چەکداری کورت بکەینەوە، نەخێر، بەڵکو داعش لەژێر کاریگەری ئەو گوتارە توندڕەوە ئیسلامییەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا برەوی هەیە، ئەویش سەریهەڵدا، کەوایە دەکرێ چاوەڕێی دەرکەوتنی گرووپی دیکەش بین، بەو پێیەی زەمینەی کۆمەڵایەتی و مەزهەبی و ئابووری و سیاسی دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێت، کە دیسانەوە گرووپێکی دیکە لە شێوەی داعش دەربکەوێتەوە.

داعش ڕووداوێکی گەورە بوو، کەچی کۆمەڵگەی ئیسلامی نەهەژاند، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی کە داعش هەڵقوڵاویی ئەو کولتوورە توندڕەوەی جیهانی ئیسلامییە، کولتوورێک هەمیشە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت کە مۆدێلی دیکەی داعشی دروست بکات، مۆدێلێک کە باکی بە هیچ ماف و بەهایەکی مرۆیی نییە، تەنیا ئەوە قبووڵ دەکات کە خۆی لێی تێدەگات و دەیخوازێت.

بە پێچەوانەی دونیای ڕۆژئاوا، پێویستە لە ڕۆژهەڵاتیشدا، زۆرترین قسە لە بارەی سێکۆلاریزم بکرێت، تا ئامانجەکانی وەکخۆی کە هەن، بۆ هاووڵاتییان ڕوون ببێتەوە، گرنگی ئەمەش لەوە دایە، وەڵامگۆیەک بێت بۆ ئەو هەموو پێناسە و خوێندنەوە هەڵانەی لە ڕۆژهەڵاتدا بە مەبەست یان لە نەزانیەوە بۆ سێکۆلاریزم «عەلمانییەت» کراون، ئامانجیش لێیان نیشاندانی بووە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئیسلام، بە جوڵاندنی سۆزی کۆمەڵگە، تاکو

وەکخۆی بەناو کۆمەڵگەدا بڵاو نەبێتەوە، ڕاستە لایەنێکیش قسەی لەسەر سێکۆلاریزم کردووە، وەک ئەوەی کە هەیە، بەڵام ئەمە لەسەر ئاستی پارتی سیاسی و فەلسەفەی دەوڵەتداری نەبووە، بەڵکوو هەوڵی تاکە کەسی ڕۆشنبیران بووە و دواتر ئەوانیش زۆربەیان بێدەنگیان هەڵبژاردووە. یان خۆیان داوەتە دەست ئەو گوشارە زۆرە ئایینی و کۆمەڵایەتییانەی کە دژی سێکۆلاریزم لە ئارادان، بە هۆی ئەوەی ناتوانن بەر بە لێشاوی ڕەتکردنەوە و پێناسەی هەڵە بگرن کە لە لایەن گرووپە ئیسلامییەکانەوە ئاڕاستەی سێکۆلاریزم دەکرێن.

عەلی باپیر لە پێناسەکردنی ئامانجی سێکۆلاریزمدا دەڵێت: «بریتییە لە دونیاپەرستی، بێدینایەتی، گوێنەدان بە ئایین و دواڕۆژ و خودا و پێغەمبەر». عەلی باپیر، یان لە سێکۆلاریزم نەگەیشتووە وەک ئەوەی کە زۆریەنە لەسەری هاوڕان، یان ئەویش بە ئەنقەست خەریکی یاریکردنە بە هەست و سۆزی موسڵمانانی کوردستان!

دەکرێ بڵێین ئەو خەریکی شێواندنی سێکۆلاریزمە، نەک پێناسەکردنی، پێناسەکردنی سێکۆلایزم ئەوە نییە، کە ئەو باسی لێوە کردووە، ڕاستە سێکۆلاریزم خەریکی دونیاپەرستییە، بەڵام دژی ئایینداریش نییە، بۆیە دەبوو عەلی باپیر ئاماژەی بە شێوە و هۆی دونیاپەرستییەکە وەکخۆی بکردایە، نەک خوێندنەوەی سەرپێیانەی مەبەستداری شێوە فەتوای بۆ بکردایە، ئاخر سێکۆلاریزم بێلایەنی خۆی هەڵبژاردووە و تەداخولی کاروباری هیچ ئایینێک ناکەوێت، واتە لە گۆشەنیگای سێکۆلاریزمەوە ئایین و خوداپەرستی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مرۆڤ خۆیەوە هەیە، وەک تاک، نەک دەوڵەت و کۆمەڵگە.

تۆ وەک تاکێک لە سایەی سێکۆلاریزمدا، دەتوانیت بێدین بیت، یان ئاییندار بیت، ئەمە نۆڕماڵە، تۆ مافی هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوەی ئایینت هەیە، هیچ کەسیش مافی نییە توانجت ئاڕاستە بکات و بە زۆر و زۆرداریش ئایینی

خۆییت بەسەردا بسەپێنێت.

لەناو کایەی سێکۆلاریزمدا ئاییندارى شوورەیی نییە، بە هەمان شێوە، بێدینیش نەنگی نییە و ڕێگەشی لێناگیرێت، بەڵام لە بەرانبەر ئەو دوو لایەنەدا، یاسا ڕێگری دەکات لەوەی هیچ لایەک بیەوێت پێشێلکاری بەرانبەر ئەوی دیکە ئەنجامبدات، ئەوکات چەکوشەکەی یاسا دێتە نێوانیانەوە، واتە یاسا بەربەست بۆ هەر پێشێلکارییەک دادەنێت جا باوەڕدارێک یان بێباوەڕێک ئەنجامی بدات.

سێکۆلاریزم ئیشی بەوە نییە تۆ خودا دەپەرستی یان ناپەرستی، گرنگ ئەوەیە هاووڵاتییەکی بێ کێشە بیت، ئیشی ئەو ڕێکخستنی کاروباری دونیاییە، نەک ئایینی، بە پێچەوانەوە لە سایەی سێکۆلاریزمدا، ئایین پارێزراوتر دەبێت، وەک لە سایەی دەوڵەتێکی تەواو ئایینی، وەک گوتمان یاسایەک بە یەکسانی پارێزگاری لە هەموو ئایینەکان دەکات و هیچ یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ ناکات، مەگەر ئەو کۆمەڵگەیە، خۆی زۆرینەی پێکهاتەی ئایینێکی دیاریکراو بێت، واتە لۆژیک ڕێگە بەوە دەدات لە ڕۆژئاوادا، مەسیحییەت ڕەنگبداتەوە بەسەر کۆی بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەدا، بە هۆی ئەوەی خۆی کۆمەڵگەیەکی مەسیحییە، بەڵام زۆرینەی مەسیحی بوونیش، مانای پێشێلکاریی ناگەیەنێت، دژ بە ئایینەکانی دیکە.

بە هەمان شێوە لە ڕۆژهەڵاتدا بە تایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی، ئاساییە ئەگەر ئیسلام ڕەنگبداتەوە، چونکە خۆیان زۆرینە موسڵمانن، بەڵام ئاسایی نییە، گوتاری ئیسلامی بەسەر ئەوانی تردا زاڵبکرێت، وەک ئەوەی ئێستا برەوی هەیە کە هەر بابایەکە گرووپێکی ئیسلامی دروست دەکات و بە ئارەزووی خۆی دەڵێت، جگە لە ئیسلام، هیچ ئایینێک چارەسەر نییە و تەنیا ئیسلامە کۆمەڵگە پێشدەخات، ئەمەش لەکاتێکدایە کە جیهانی ئیسلامی وەک پشکۆیەک وایە، جەستە و ڕۆحی مرۆڤەکان دەسووتێنێت!

سێکۆلاریزم سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و پاڵپشت بە توانا

هزری و جەستەییەکانی تاک، کار لەسەر بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەکات، هاوکات جیاکردنەوەی ئایین لە دامەزراوەکانی دەوڵەتیش، یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی سێکۆلاریزم، لە تەک ئەوەشدا بایەخ بە ئازادی ئایینی و کەسی دەدات، بەڵام ناخوازێت دژایەتی ئایین بکات، کەچی لە چوارچێوەی ئازادییەکاندا ڕێگە دەدات تاک ئایین بخاتە بەردەم پرسیاری جیدی جا هەر ئایینێک بێت، لە ڕوویێکی دیکەشەوە، سێکۆلاریزم ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی ئەوەیە، هەیبەت بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە و خۆی یاسا بۆ خۆی دابنێت، بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کاروبارەکانی دیکەی کۆمەڵگە. واتە سەرچاوەی دەرکردنی یاساکان لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبێت، هاوکات جگە لە ئایین، ڕێگری لە هەر دژایەتییەکی ئایینزا و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکات.

لە بنەڕەتدا سێکۆلاریزم کە عەلی باپیر بە دژە ئایینی دەزانێت، خۆی بۆ دژایەتی ئایین نەهاتووە، بەڵکو بۆ هۆشیارکردنەوەی جڤاتی مرۆیی هاتووە، بەڵام کاتێک سێکۆلاریزم ڕووبەرێک بۆ ئازادی دەڕەخسێنێت، ئەوکات تاک پرسیار سەبارەت بە ئایین دەخولقێنێت و ئیدی دەگاتە ئەو حەقیقەتەی کە ئایا پێویستی بە ئایین هەیە، یان پێویستی بە ئایین نییە!

ئەوکات بە بێ ترس و قەڵەقی یەکێکیان هەڵدەبژێرێت، لەکاتێکدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئایینیدا، لەو نموونەی عەلی باپیر ئیشی بۆ دەکات، نابێت مرۆڤ پەیوەست نەبێت بە ئایینەوە و شیاویش نییە تاک پەنا بباتە بەر هەڵبژاردەیەک کە ئەگەری ڕەتکردنەوەی ئایینی تێدا بێت.

بێگومان ئەمە لە سێکۆلاریزمدا وەک پێشێلکاری بەرانبەر ئازادییەکانی مرۆڤ هەژمار دەکرێت. ئەمەیە جیاوازییەکە، کە تۆیەکی تاک، دەتوانیت لە سایەی سێکۆلاریزمدا ئایینی خۆت ڕەتبکەیتەوە، یان پارێزگاری لێ بکەیت، بەڵام هەر تۆیەکی تاک لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئایینی، ناتوانیت بە ئاشکرا ئایینی زۆرینەی ئەو دەوڵەتە ڕەتبکەیتەوە، ئەوکات وەک هەڵگەڕاوەیەک

هەژمار دەکرێیت و ئەگەری ئازاردانی ڕۆحی و جەستەیی و هەتا کوشتنیش نزیکە لێتەوە.

کەواتە مرۆڤ لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئاییندا، ناتوانێت ئازاد بێت، بەڵام کاتێک دەتوانێت تینوێتی ئازادییەکەی لە سایەی سێکۆلاریزمدا بشکێنێت، ئەوا گوتاری توندڕەوی ئایینی دژایەتی سێکۆلاریزم دەکاتە بنەمای سەرەکی کارکردنی خۆی، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە فراوانبوون و ئاشنابوونی بە کۆمەڵگە، چونکە ترسی لەو ئازادییە هەیە کە سێکۆلاریزم لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا پەخشی دەکات، بۆیە هەوڵی شێواندنی دەدات و وەک بێڕەوشتی و بێدینی بە کۆمەڵگەی گۆشکراو بە هەستی ئایینی دەناسێنێت و حەقیقەتی پەیامی سێکۆلاریزم دەشارێتەوە.

عەفیف ئەخزەر لە «عەلمانییەت و ئسوولییەت»دا لە پێناسەکردنی سێکۆلاریزمدا کە ئەویش پشتی بە فەرهەنگی ڕۆبێری فەرەنسی بەستووە دەڵێت: «سێکۆلاریزم بریتییە لە ڕێکخستنی سیاسی کۆمەڵگە بە جۆرێک کە دەوڵەت مومارەسەی هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی ئایینی نەکات و کڵێساش هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی نەبێت».

ئەگەر بەراوردی بۆچوونەکەی عەلی باپیر و ئەخزەر بکەین، ئەو پێناسەیەی عەلی باپیر بۆ چەمکی سێکۆلاریزمی کردووە، خەنجەر لێدانە لە ڕۆحی سێکۆلاریزم، نەک پێناسەکردن بێت، وێڕای ئەمەش، بڕیاری سیاسی پێشوەختەیە و ڕەتکردنەوەی چەمکەکەیە لەرەگوڕیشەدا و نەیویستووە هیچ جۆرە لۆژیکێک ڕەچاو بکات بۆ تێگەیشتن لە عەلمانییەت، ئاخر ئەو نایەوێت وەکخۆی باسی بکات، ڕێک هاتووە وەک بێدینی بە موسڵمانی کوردی فرۆشتووەتەوە.

جیاوازییەکی یەکجار قووڵیش لە نێوان تێگەیشتنی سیاسی و تێگەیشتنی زانستی و فیکری بۆ چەمکێکی دیاریکراو هەیە، تێگەیشتنە سیاسییەکە بە چاویلکەی بەرژەوەندی و ئایدلۆژییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات. بەڵام

تێگەیشتنە زانستییەکە یان فیکرییەکە، قووڵتر و دروستتر خوێندنەوە بۆ چەمکەکە دەکات، ئەوە دەزانین زانست دەرئەنجامی بەلاوە گرنگە، نەک خەیاڵ و بۆچوونی نالۆژیکی، زانست لەبری قسە و تەسەورات، کردەوەی دەوێت.

بۆ نموونە، تۆ سەدانجار بڵێ قورئان، یان ئینجیل پڕیەتی لە زانست، ئەوە لە زانستدا هیچ بایەخێکی نییە، چونکە ئەوە خەیاڵی ئایینی نەبوو، کە فڕۆکەی دروستکرد، بەڵکوو خەیاڵ و بیرکردنەوەی زانستی مرۆڤ بوو، مانگی دەستکرد و فڕۆکەی ناردە ئاسمانەوە، ئەوە زانست بوو، تەکنەلۆژیای دروستکرد، ئەوە تەکنەلۆژیایە لە ڕێگەی تۆڕی ئاسمانییەوە، دونیای بە یەکەوە بەستووەتەوە، نەک چیرۆک و گێڕانەوە ئایینییەکان بوو‌بێت!

بەڵام تێگەیشتنی فیکری لە کۆی لایەنەکانی چەمکەکە دەڕوانێت و گۆشەنیگای جیاوازی هەیە، بە ئاسانیش ڕەتیناکاتەوە، ئەو تێگەیشتنەی عەلی باپیریش بۆ سێکۆلاریزم، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەژێر هەژموونی سێکۆلاریزمدا و بە هۆی ڕەخساندنی ماف و ئازادییەکانەوە، ئەوا مرۆڤ توانیویەتی لە ئایین دوور بکەوێتەوە، هەڵبەت ئەمەش جیاوازە لەگەڵ ئەوەی خودی سێکۆلاریزم بێدینی بێت، نەخێر، سێکۆلاریزم ئەو هۆیە بووە کە تاکێک بە هۆی دەستەبەری مافەکانی، ئازادی، توانیویەتی بەبێ ترس، دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە، یان ئایینی خۆی بگۆڕێت، خۆ ئەمەش مانای بێدینی سێکۆلاریزم ناگەیەنێت، بەڵکوو بە هۆی ئەو ئازادییە زۆرەی لە کۆمەڵگەدا فەراهەمکراوە ، ئیدی تاک بەرەو فەرامۆشکردنی ئایین دەچێت، ئەمەش خەتای سێکۆلاریزم نییە، تۆ دەتوانیت بە دینداری بمێنیتەوە، خۆ کەس بە زۆر دینەکەی لێ قەدەغە نەکردوویت، بە پێچەوانەوە ئەمە وەک ئاماژەیەک بۆ تینوێتی تاک بۆ گەیشتن بە مافەکانی و دەستەبەرکردنی حەزەکانی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، واتە تاک خۆی تینوی ئەو ئازادییەیە، ئەمە لە لای ئیسلامی سیاسی وەک جاهیلییەت دەناسرێت.

سەید قوتب، بیرمەندی جیهانی ئیسلامی سیاسی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا، مەشخەڵی ڕێ، فەتوای جاهیلبوون بەسەر کۆی کۆمەڵگە مرۆییەکانی جیهاندا دەدات، بە موسڵمان و مەسیحییەوە، گوایە جیهان و کۆمەڵگەی موسڵمان، دەسەڵاتەکانیان دووچاری دوورکەوتنەوە لە ئایینی ئیسلام بوونەتەوە، بۆیە جاهیلییەتیان تووشبووە، دەشڵێت: دەبێ جیهادیان بەسەردا بکرێت.

ڕێک دوای دەیان ساڵ، ئێستا عەلی باپیر هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت: «سێکۆلاریزم دەرمانی دەرد و زامی غەیری ئێمەیە، کەفی بێهودەی سەر دەریای ئەندێشەی خەیاڵپلاو و پووش و پەلاشی دەستی بابای بە ئاودا چووە کە لەبەر خنکانی دەستی بۆ بردووە، بەلام لە ئیسلامدا بە هیچ ڕەنگێک ئەو بیانوو و پاساوە نییە کە خەڵکی بەرەو بێدینایەتی بچن و لە ئایین لابدەن».

ئەم دوو تێگەیشتنە، لە دوو قۆناغی جیاوازدان، بەلام هەڵگری یەک ئایدۆلۆژیای توندڕەوانەی سیاسیین، ئەگەر سەید قوتب پێیوابێت دونیا و کۆمەڵگەی موسڵمانان جاهیلبوونە و دەبێ جیهادیان بەسەردا بکرێت. خۆ عەلی باپیریش دەڵێت: سێکۆلاریزم پووش و پەلاشی دەستی بابای بە ئاودا چووە کە لەبەر خنکانی دەستی بۆی درێژکردووە. دەشڵێت لە ئیسلامدا هیچ پاساوێک نییە تا خەڵکی بەرەو بێدینی بچن. لێرەدا عەلی باپیر زۆر کاریگەرە بە تێگەیشتنە توندڕەویەکەی سەید قوتب و هەمان مەبەستی سەید قوتبی هەیە و جیهادکردنیش بەسەر ئەوانەی بە هۆی سێکۆلاریزمەوە بەرەو بێدینی دەچن بە پێویست دەزانێت.

عەلی باپیر لەو بۆچوونەیدا هیچ بنەمایەکی لۆژیکی پەیڕەو نەکردووە، لەکاتێکدا شانازیش بە سیستەمە ئایینییەکانەوە دەکات، کە مرۆڤ لە سایەیاندا ئارامی لێ هەڵگیراوە، مەگەر ئەو بە چاوی خۆی نایبینێت، کە ئێستا دونیا بەسەر دوو فۆڕمدا دابەشبووە، فۆڕمی ئیسلامی و فۆڕمی مەسیحییەت، قسەکردنی ئێستای ئێمەش، چونکە لەسەر سێکۆلاریزمە

و ئەو فیکرەش لەسەر بلۆکی مەسیحییەت ساغ بووەتەوە، بۆیە فۆڕمی مەسیحییەت و ئیسلامیمان وەرگرتووە، ئاخر ئەوەی رۆژانە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی روودەدات، کارەساتە، کوشتارگەیەکە بۆ خۆی، رۆژانە مرۆڤ لەسەر دەستی موسڵمانەکان خۆیان، بەبیانووی بەرگریکردن لە ئیسلام و بڵاوکردنەوەی ئەو ئایینە دەکوژرێن و تا ئەوپەڕیش شکۆی ئینسانەکان شکێندراوە، زۆرێک لەوانەشی دەکوژرێن، تەنانەت وەک یادەوەرییەکیش لای ئازیزەکانیان نامێننەوە، چونکی ئەوانەی دوای ئەو کە بە زیندوویی دەمێننەوە، لە چاوەڕوانی مەرگ و نەخۆشی و ئەشکەنجەی رۆحی و جەستەییدان و ناتوانن مرۆڤە لە دەستچووەکانیان لە زاکیرەدا رابگرن، چونکە خۆیان لە لێواری نائومێدی و مردندان، ئەمەش خراپترین باری دەروونی مرۆڤە، کاتێک دەگاتە ئەو حاڵەتەی بە هۆی خەمی خۆیەوە، بە تەنگ مەرگی ئەوانی دیکەوە ناچێت!

لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، مرۆڤ بە شێوەیەک هەیبەتی شکاوە، تەنانەت رووداوە تاوانکارییەکانیش، جگە لە ئامارێکی رووت، چیتر نین، واتە کەس هەڵوەستە لەسەر قوربانییەکان ناکات، ئەم دۆخەش گوتاری ئیسلامی سیاسی دروستی کردووە، مەگەر ئەوە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی نییە! تازە بە تازە، لەسەر جیاوازییە مەزهەبییەکان و بە ناوی جیهادکردن و بڵاوکردنەوەی کولتووریی شەڕەنگێزییانەوە، سەنگەر لە جیهان گیراوە بە کردەی تیرۆریی و کاری هەڕەشەئامێزەوە، ئاخر لە سایەی ئەو گوتارە توندڕەوە ئیسلامییەیە، کە کۆمەڵگەی ئیسلامی ناتوانێت، یانەکی نەیتوانیوە دارێک لەسەر بەردێک دابنێت بەمەبەستی خۆشبەختکردنی هاووڵاتییانی خۆی، جگە لە مەترسی دروستکردن نەبێت، بۆ سەر ژیانی خەڵکانی دیکەی وڵاتانی غەیرە ئیسلامی.

بە ئیسلامییکردنی کۆی کایەکانی کۆمەڵگەش، بۆ خۆی کارەسات دەخوڵقێنێت، لەوەها دۆخێکدا، مرۆڤ نابێتە سەنتەری بەها و پرەنسیپە سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاساییەکان، بەڵکوو ئەوە پیاوانی ئایینین، دەبنە

سەنتەر و بڕیار لەسەر شتەکان دەدەن، کە دواجاریش مرۆڤ دەبێتە پاشکۆی نەریتە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان، هەرکاتیش مرۆڤ بووە پاشکۆ، ئەوکات ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەوەستێت و ڕووەو ئاڕاستەی ڕووداوی ترسناک هەنگاو دەنێت.

ئەو بە ئیسلامیکردنە، ئەوەندەی ئامانجی سیاسی لە پشتە، بەڵکوو ئامانجی ڕاستەقینەی پارێزگاریکردن نییە لە ئیسلام وەک ئایین، ئیسلام و ترادیسیۆنی موسڵمانان لێرەدا لە سایەی ئەو گوتارە توندڕەوەدا، وەک میکانیزمێکی سیاسی بەکارهێندراون و ئیسلام بەمجۆرە قبووڵ دەکەن، کە خۆیان دەیانەوێت و بە هەموو شێوەیەکیش، بەرپەرچی ئەو ڕەخنە و سەرنجانە دەدەنەوە کە ئایین دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بە هۆی ئەوەی لە بەرژەوەندی ئەو گرووپانەدا نییە خەڵکی لە فەزای ئایینی دووربکەونەوە.

مانەوەش لە فەزای ئایینیدا، دواتر لە بەرژەوەندی ئەو گوتارە توندڕەوەدا دەکەوێتەوە کە دەخوازێت دونیا بە یەک فۆڕم و بە یەکرەنگ و لەژێر سایەی یەک ئاییندا بێت، واتە جگە لە ئیسلام، هیچ ئایینێکی دیکە قبووڵ ناکەن و دژی کۆی سیستەمە سیاسی و بەها کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەوەستنەوە.

## سێکۆلاریزم و بیری توندڕەوی ئیسلامی سیاسی

سەرجەمی ئەو بۆچوونانەی کە عەلی باپیر لە کتێبی «چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم»دا خستوونییەتییەڕوو، دەچنە خانەی گوتاری توندڕەویی ئایینی، لە بری ئەوەی خزمەت بە ئیسلامیش، وەک ئایین بکات، بە پێچەوانەوە، زیانی جیدیشی پێدەگەیەنێت و وەک سەرچاوەیەکی توندڕەویش، ئەزموون دەکرێت، دواتر بە زیانی خودی ئەو بانگەشە فیکری و ئایینییەش دەکەوێتەوە کە بانگەشەی ئاشتیخوازیی و ژیاندۆستی لە ئیسلامدا دەکات.

ئەو جگە لە ئیسلام، هیچ ئایینێک، فیکرێکی دیکەی پێڕاست نییە، بەڵکو لە ناو ترادیسیۆنێکی مێژوویی دواکەوتووانە دەخولێتەوە، بە سەنگەرگرتن لە عەلمانییەت و وەک کوفر و بێدینی بە کۆمەڵگەی دەفرۆشێت، بۆ خۆشکردنی ژینگەیەکی سیاسی ئەوتۆ، تا بە هۆیەوە سۆزی کۆمەڵگە بجوڵێت لە بەرژەوەندی پێگەی حیزبی خۆیدا، هەڵبەت ئەمەش لەسەر حسابی ئایینی ئیسلام دەکەوێت.

ئەو گوتارەی کە عەلی باپیریش بایەخی پێدەدات لە پرسی عەلمانییەتدا، راڤەکردنێکی راستەقینە و زانستی نییە، بەڵکو هەڵوێست و دژایەتیکردنی ئاشکرایە، هەڵبەت ئەو هەڵوێست و دژایەتییەش، بایەخێکی راستەقینەیان نییە لە بواری دیالۆگە سیاسی و ئایینییەکاندا، کە بە درێژایی مێژووی ئیسلام، لەو جۆرە گوتارە توندانە هەبوونە، سەرئەنجامیش بە زیانی خودی ئیسلام کەوتوونەتەوە، لە بری هەولدان بێت بۆ ریفۆرمی ئایینی،

پەنا بۆ گوتاری زبری بێ دیالۆگ براوە، بە تایبەتی لە دوای دەرکەوتنی سێکۆلاریزمدا کە تەنیا لە بێدینیدا دەیبیننەوە، لەکاتێکدا ئامانجی سەرەکی سێکۆلاریزم، جگە لە جیاکردنەوەی رۆڵ و پێگەی ئایین، لە کاروباری دەسەڵاتی سیاسییدا، هەوڵێک نەبووە بۆ دژایەتیکردنی راستەوخۆی ئایین، بەڵکو رووبەری ئازادی بۆ مرۆڤ فەراهەم کردووە، بە هۆیەوە تاک توانیوێتی مومارەسەی ئازادییەکانی لە کۆمەڵگەدا بکات.

دەکرێت ئەو ئازادییەی لە سێکۆلاریزمدا بۆ تاک دەڕەخسێندرێت، تاکێکی بێدینیش دروست بکات، بەڵام بە مانای ئەوە نییە کە عەلمانییەت بۆ بێدینکردنی کۆمەڵگە سەری هەڵدابێت، نەخێر، ئەوە تۆمەتێکی ناڕەوایە بە مەبەست خراوەتە پاڵ ئەو فیکرەوە کە لە بری دژایەتیکردنی ئایین، دەرفەتی ئازادی بۆ تاک رەخساندووە، رەنگە دواجار ئەم ئازادییە دوورکەوتنەوەی تاکێکی لە ئایینی لێ بکەوێتەوە، چونکە یاسایەک هەیە پارێزگاری لێ دەکات، تا کەس نەتوانێت دەستدرێژی بکاتە سەر هەڵبژاردەکانی.

ئەوەش جیاوازە لەگەڵ ئەوەی تۆمەتبار بکرێت بە ئیلحاد، بەڵام رێک ئەو گوتارە توندڕەوە ئایینییە، ئەمە بە هەوڵی سێکۆلاریزم دەبینێت، گوایە بۆ بێدینکردنی کۆمەڵگە ئیشدەکات، کەچی پێچەوانەکەی راستە، سێکۆلاریزم تاک ئازاد دەکات ئایا پابەندی ئایین دەبێت، یان رەتیدەکاتەوە؟ ئەمە کێشەی مرۆڤ خۆیەتی، نەک فیکری سێکۆلاریزم، هەروەها پێوەندیی مرۆڤ بە خودا، پێوەندیی مرۆڤ بە ئایین، لە گۆشەنیگای سێکۆلاریزمدا، پێوەندییەکی تاکلایەنەیە و ئەوانی تر ناتوانن خوێندنەوەی بۆ بکەن، جا مرۆڤ هەر کامەیان هەڵبژێرێت، واتە ئاییندارى یان بێ ئایینی، هەردوو هەڵبژاردەکە لە لایەن سێکۆلاریزمەوە رێز لێگیراوە و بە یاسا پارێزگاری لە هەر لایەکیان دەکات، لە ئەگەری دروستبوونی هەڕەشە بۆ سەر هەر لایەکیان.

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی فیکریی سێکۆلاریزم لەسەر کۆمەڵگەی

ڕۆژئاوایی، عەلی باپیر دەڵێت: «سەرجەم کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا، لە سایەی سێکۆلاریزمدا کە هیچ حسابێک بۆ خودا و بۆ ئایین و دواڕۆژ ناکرێت، خێزان و کۆمەڵگە لێک هەڵوەشاوە و ئەخلاق نەماوە و داڕووخاوە و غیرەت و ناموس نەماوە و حەیا و شەرەف و پەردە نەماوە، دەشڵێت: بۆیە چەندان پەتا و نەخۆشی ئەقڵی و سایکۆلۆژیی و کۆمەڵایەتی سەریان هەڵداو و پەرەیان سەندووە، زۆرێک لە خەڵکی ئەورووپا نەخۆشی دەروونی و عەقڵییان هەیە و پزیشکی تایبەتییان هەیە کە ماوە ماوە خۆیانی نیشان دەدەدن لە ئەنجامی نەمانی ئایین».

ئەم پەرەگرافە، جگە لەوەی هەست دەکرێت خاوەنەکەی دووچاری فۆبیا سێکۆلاریزم بووەتەوە، هاوکات خوێندنەوەیەکی تەواو پێچەوانەشە، سەبارەت بە کاریگەرییەکانی سێکۆلاریزم لەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی، ئەو لەم پەرەگرافەدا ئەگەر بە هۆشیاریی بێت، یان لە بێ ئاگاییەوە بووبێت! ئەوا پێناسەی تێگەیشتنی ناخی خۆی بۆ کۆمەڵگەی ئەورووپی کردووە، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا دووچاری کۆمەڵێک ئیشکالییەتی تێگەیشتن بووەتەوە، لەمەڕ سێکۆلاریزم، بەو مانایەی خۆی لە واقیعی سێکۆلاریزم شاردووەتەوە بۆ مەبەستی سیاسی.

ئەخلاق نەماوە، خێزان و کۆمەڵگە لێکهەڵوەشاونەتەوە، غیرەت و نامووس و شەرەف و حەیا نەماون. بە وردبوونەوە لەم چەند دەستەواژەیەدا، بە دروستی لەوە تێدەگەین کە فیکری ئەو پیاوە، جگە لە توندڕەوییە ئایینییەکەی، پشتئەستووریشە بە تێگەیشتنێکی خێڵەکییانە بۆ ئەخلاق و بەهاکانی کۆمەڵگە و تەنانەت زانستی پزیشکیش، ئەو پێیوایە هەبوونی پزیشکی تایبەت، بە هۆی نەخۆشی دەروونییەوەیە، کە لە ئەنجامی قبووڵکردنی سێکۆلاریزم تووشی بوونە، گوایە بە هۆی سێکۆلاریزم کۆمەڵگە داڕووخاوە و ئەخلاق و حەیا و شەرەف نەماون.

جارێ بوونی پزیشکی تایبەت بۆ تاک، بە پێچەوانەی تێگەیشتنی ئەو،

ئاماژەیەکی روونی بایەخدانی کۆمەڵگەی ئەوروپییە بە تەندروستی تاک و کۆمەڵگە، تا بناغەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست لە ڕووی جەستەیی و عەقڵییەوە دروست بکەن، بەو پێیەی کۆمەڵگە لە تاکەکان دروست دەبێت، لەبەر ئەوەشە لە پاڵ سیستەمی پەروەردە و زانستی دەروونی و کۆمەڵایەتییدا، بایەخی زۆر بە بواری تەندروستی دەدرێت.

لە لایەکی دیکەشەوە، ئەوەی لە ئەوروپادا دەگوزەرێت، بێڕەوشتی نییە، بە پێچەوانەوە تەنیا مومارەسەکردنی ئازادییەکانی تاکە وەک ئەوەی یاسا بۆی دیاریکردووە، حەیا و شەرەفیش بەو جۆرەی ئەو لێی تێگەیشتووە، زیاتر شوناسێکی خێڵەکی ڕۆژهەڵاتییانەیان هەیە، نەک ڕۆژئاواییانە، ئەگەر لێرە خێڵ بەسەر ئەو دیاردەیەوە چاودێر بێت، ئەوا لە ڕۆژئاوادا، یاسا ڕێگری لە زۆر شت دەکات، لەکاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتدا نەریت و دەسەڵاتی خێڵگەرایی یەکلاییان دەکاتەوە.

هەروەها ئەم چەمکانە مەتاتین، واتە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازی تێگەیشتن لە بارەیانەوە هەیە، ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی عەرەبی موسڵماندا، بەبێ ئەخلاقی ناوی دەهێندرێت، رەنگە لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئەڵمانیای مەسیحی، شتێکی ئاسایی بێت و رەواجیشی هەبێت، کەوایە بۆچوونەکانی عەلی باپیر، زیاتر هەڵوێستن، وەک لەوەی تێگەیشتنی راستەقینە و زانستی بن، بڕیاری پێشوەختەی کەسێکن سەبارەت بەو پرسانە.

دکتۆر نەسر حامد ئەبوزەید، بیرمەندی گەورەی عەرەب لە کتێبەکەیدا «رەخنە لە گوتاری دینی» دەڵێت: «عەلمانییەت لە کرۆک و گەوهەریدا بێجگە لە راڤەکردنێکی راستەقینە و تێگەیشتنێکی زانستیانە بۆ دین شتێکی دیکە نییە. عەلمانییەت وەک ئەوەی کە درۆزنەکان باسی دەکەن، ئەو کوفر و گومڕایی و هەڵگەڕانەوەیە نییە کە دین لە کۆمەڵگە و ژیان جیا دەکاتەوە».

دکتۆر نەسر لەسەر ئەو تێگەیشتنانەی لە کۆمەڵگەی میسریدا دووچاری زۆرترین رەخنەی توندڕەوی کارەکتەرانی گوتاری ئایینی بۆیەوە، تا ئاستی ئەوەی وەک هەڵگەڕاوەیەک لە ئایینی ئیسلامیش ناوی هات. لێرەدا نەسر پێیوایە عەلمانییەت بە شێوەیەکی زانستی راڤەی ئایین دەکات، نەک دژایەتیکردن بێت، ئەو پێیوایە عەلمانییەت ئەوە نییە کە پێناسەی درۆزنانەی بۆ دەکرێت، چونکە گوتاری ئیسلامی سیاسی، هەمیشە عەلمانییەتی وەک هەوڵدان بۆ بێدینکردنی کۆمەڵگە و تاک تۆمەتبارکردووە، دکتۆر نەسر پێشیوایە کە عەلمانییەت ئەو کوفر و گومڕایی و هەڵگەڕانەوەیە نییە کە ئایین لە کۆمەڵگە و ژیان جیا دەکاتەوە، ئەو خاوەنی ئەمجۆرە گوتارە بە درۆزن دەناسێنێت، دەشڵێت: «گوتاری دینی بە دەستی ئەنقەست و لە هۆشیارییەوە بە مەکر و دەهۆیەکی پیسەوە پرسی جیاکردنەوەی دەوڵەت لە کڵێسا، واتە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە دین و جیاکردنەوەی دین لە ژیان و کۆمەڵگە تێکەڵاو دەکات».

لێرەدا مەبەستی نەسر ئەو گوتارە ئایینییەیە کە دەخوازێت پرسی جیاکردنەوەی ئایین لە کاروباری سیاسی، یەکسان بکات بە کوفر و گومڕایی و بێدینکردنی کۆمەڵگە و خاوەنی ئەو گوتارە توندڕەوەش، بە هۆشیارییەوە دەیەوێت سۆزی کۆمەڵگەی ئایینی بجوڵێنێت، دژ بە سێکۆلاریزم لەسەر بنەمای ئەو پێناسە هەڵە و مەبەستدارانەی خۆیان بۆ چەمکەکەی دەکەن.

هەر بۆیە دکتۆر نەسر دوو جۆرە جیاکردنەوەی بۆ ئەم پرسە داناوە و دەڵێت: «جیاکردنەوەی یەکەمیان (دین لە دەوڵەت) شیاو و پێویستە و لە ئەوروپاشدا بە کردەنی بەدیهاتووە و بەرقەراربووە، بەمەش لە تەنگەبەری تاریکی سەدەکانی ناوەڕاست دەرچووە و گەیشتۆتە بەرینایی هاموونی زانست و پێشکەوتن و ئازادی. بەڵام جیاکردنەوەی دووەمیان، (دین لە ژیان یاخود لە کۆمەڵگە)، خەیاڵێکە کە گوتاری دینی لە دژایەتیکردنی عەلمانییەتدا هەڕمێنی پێدەدات و بە کوفر و وەرگەڕانیش تاوانباری دەکات».

ئەو بۆچوونەی دکتۆر نەسر، تێگەیشتنێکی لۆژیکی و دروستی هۆشیارانەیە بۆ گوتاری ئیسلامی سیاسی، سەبارەت بە دژایەتییەکانی بۆ سێکۆلاریزم و لە چەندین شوێنی دیکەشدا گوتوومە کە گوتاریی ئیسلامی سیاسی و بزاوتی ئیسلامی، بە گشتی دەخوازێت کۆمەڵگە وا تێبگەیەنێت کە سێکۆلاریزم رێک بۆ دژایەتیکردنی ئایین سەری هەڵداوە و وەک مەترسییەکی گەورەشی وێنا دەکات، بەڵام لەراستییدا سێکۆلاریزم ئەوەندەی سەرقاڵی بایەخدانە بە زانست و رزگارکردنی کۆمەڵگە لە خورافات و بیرکردنەوەی تاریکبینی، چارەگی ئەوەندە سەرقاڵی ئایین نییە، راستە ئایین کایەیەکی دانەبڕاوە لە بنەمای فیکری سێکۆلاریزمدا، بەڵام نەهاتووشە راستەوخۆ بڵێت ئایین لە کۆمەڵگە رەتدەکەمەوە، بەڵکو هاتووە رووبەری ئازادییەکانی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵاتی سیاسی زیادکردووە.

ئەمەش خەتای راستەوخۆی سێکۆلاریزم نییە، کاتێک تاک لە سایەی ئەو ئازادییە بە یاسایی کراوەدا خۆی بێدینی هەڵدەبژێرێت، وەک ئەوەی رێگری لە دینداریێکیش ناکات، واتە هەردوو لایەن، بە پێی یاسا رێگەیان پێدراوە و هەست و سۆزی بێدینێک و دینداریێکیش بە گوێرەی یاسا پارێزراوە و رێگەش بە هیچ کامێکیان نادرێت کە بیەوێت سووکایەتی بە هەستی ئەوی دیکەیان بکات، لەژێر بیانووی ئەوەی گوایە بێدینیت، یان دینداریت، ئەگەر ئەو حاڵەتە روویدا، ئەوا لە سێکۆلاریزمدا وەک توندڕەوی مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت، جا چ بێدینەکە سووکایەتی کردبێت، یاخود دیندارەکە، لێرەدا هیچ جیاوازییەکی نابێت، بەڵکو وەک توندوتیژی بەرانبەر ئازادی و مافی تاک سەیر دەکرێت و بە یاسا رێگریش لە هەردوو لایان دەکرێت.

هێشتنەوەی کۆمەڵگەی موسڵمانان لە دۆخی چەقبەستوویی خۆیدا و هەوڵی داخرانی بەڕووی کۆمەڵگە و شارستانێتی دونیادا، یەکێکە لە بنەمای گوتاری ئیسلامی سیاسی، بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو تەوژمە فیکری و سیاسییە تازانەی کە دەبنە هۆی کرانەوە و فەراهەمکردنی ئازادی بۆ تاکەکان.

ئێستا لە رۆژئاوا، قۆناغی نەریتگەرای پۆشینی جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی رۆژانەی تاک تێپەڕێندراوە، تەنانەت هیچ کێشەیەکیشی بۆ کۆمەڵگەی رۆژئاوایی دروست نەکردووە، بە پێچەوانەوە، بەڵام دوای ئەو هەموو سەدەیە، هێشتا لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا، ئیش لەسەر پۆشینی جلوبەرگ بە تایبەتی بۆ ژنان دەکرێت، بەوەی نابێت ئەو جلوبەرگانەی ژنان و کچانی خوێندکار دەیپۆشن، لەگەڵ نەریتگەرایی ئیسلامیدا یەکنەگرێتەوە، یاخود هی رۆژئاواییەکان بێت، کارەکتەرانی ئەو گوتارە توندڕەوە پێیانوایە ئەوەی جلی رۆژئاوایی بپۆشێت، دواکەوتووە و یەکسانیش دەکرێت بە بێدینی.

لەمبارەیەوە عەلی باپیر دەڵێت: «یەکێک کە کابۆ لەبەر دەکات، یان خەنافیز بەردەداتەوە، بە جۆرێکی سەیریش سەری دەتاشێت، یان هەر کارێکی نامۆ و سەیر دەکات کە لە عادەت و نەریتی ئێمەدا نییە، بەڕاستی ئەوە دواکەوتن و نەزانینە، چ پیاو بیکات یان ئافرەت، خوێندەوار یان نەخوێندەوار بیکات، بەڵێ هەندێک کەس بۆ رازیکردنی ئەمەریکا و ئەوروپا کەوتوونەتە ژێر رکێفی فەرهەنگ و سیاسەتی بێگانە و بۆ رازیکردنی ئەوان ئایین و بەرژەوەندی خۆیان وەلا دەنێن».

سەیرە! گوتاری ئیسلامی سیاسی هەمیشە جەختی کردووەتەوە کە نەریتی ئیسلامی پشتئەستوورە بە بنەماکانی ئیسلام و ناکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ شارستانێتێکی دیکەی دونیا، بە تایبەتی کولتووری سێکۆلاریزم لە مۆدێلە ئەوروپییەکەدا، بەڵام ئەوەتا، عەلی باپیر وەک پیاوێکی نەریتخوازیی موسڵمان، ترسێکی قووڵی لە کرانەوەی کۆمەڵگەی موسڵماناندا، بە ڕووی بلۆکی ئەوروپا هەیە، تەنانەت لە پۆشینی کابۆیەکیش دەترسێت و پێیوایە تەسلیم بوونە بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا.

راستییەک هەیە، ئێستا ئەوجۆرە تێگەیشتنەی عەلی باپیر خۆی بە دواکەوتن دادەنرێت، نەک پێچەوانەکەی راست بێت، چونکە پۆشینی جلوبەرگ هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە بێدینییەوە نییە، ئەی عەلی باپیر چی بەو ژنە

موسڵمانانەی ئەمەریکا دەڵێت کە زۆربەیان بە جلی نیمچەڕووتەوە، لە مزگەوتەکاندا نوێژ دەکەن و بەرۆژووش دەبن؟!

خۆ ئەوان ژیانکردنی ئاسایی خۆیان بە ڕێ دەکەن و رێوڕەسمە ئایینییەکانی خۆیانیش ئەنجامدەدەن و بەبێ ئەوەی وەک بێدینێکیش خۆیان وێنا بکەن، بە پێچەوانەوە، ئایینداریيان بە جۆرێک قبووڵکردووە کە نەبێتە هۆی نیگەرانی بەرانبەر و بە شێوەیەکی ئاساییش تێکەڵ بە کولتووری مرۆیی ئەمەریکا بوونە و شوناسی ئایینی خۆشیان پاراستووە، هەڵبەت هیچ کێشەکیشیان بۆ دروست نەبووە، مەگەر ئەو گرووپە ئیسلامییانەی لەوێدان کێشە دروست بکەن، ئەگینا موسڵمانە ئاساییەکە، تا رادەیەک خۆی گونجاندووە.

بە پێچەوانەوە ئەوانەی کە بە عەقڵی نەریتگەراوە دەخوازن لە تەک تەوژمی کرانەوەی کۆمەڵگەدا بچنە پێشەوە، بوونەتە هۆی کێشە دروستکردن بۆ سەر شارستانێتی مرۆیی جیهان، لە رەمەزانی ٢٠١٧ لەناو جەرگەی ئەڵمانیادا، پەنابەرێکی موسڵمانی عەرەب، کوردێکی موسڵمان دەکوژێت، گوایە جگەرەی لە پێشچاوی عەرەبەکەدا خواردووە.

ئەمجۆرە عەقڵییەتە ناتوانێت لە کۆمەڵگەی شارستانێتییدا گەشە بکات، مەگەر ئەو تەسەوراتە نەریتگەراییەش نییە کە لە ناو جەرگەی ئەورووپا و ئەمەریکادا هەوڵی دروستکردنی پشێوی ئەمنی دەدات! هەڵبەت ئەم شێوە لە نەریتخوازییە، جگە لەوەی زیانی بۆ ئیسلام وەک ئایین هەبووە، تەنانەت زیانی بۆ سەر تاک وەک مرۆڤیش هەبووە، بەوەی نەیانتوانیوە تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببن و سوودمەندی کرانەوە و ڤێرژنە تازەکانی دونیای تەکنەلۆژیا بن کە هەر یەک لەو ڤێرژنانە بۆ خۆیان کاریگەری قورس لەسەر رەوتی رێکردن لە تەک گۆڕانگارییەکان دادەنێن.

## ئایینداریی لە گۆشەنیگای سێکۆلاریزمەوە

ترسی ئیسلامی سیاسی لە فراوانبوون و بڵاوبوونەوەی فیکری سێکۆلاریزم، لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، ترسێکی هەروا سەرپێیی و راگوزەر نییە، یان لە خۆڕا دروست نەبووە، بە پێچەوانەوە ترسێکی قووڵی فیکریی بزاوتی ئیسلامییە کە پێیانوایە سێکۆلاریزم لە کۆمەڵگەدا جێگەیان پێ لەق دەکات و دەیانخاتە بەردەم پرسیاری جیدیی رۆشنبیرییەوە، کە بەڕاستی ئیسلام پێویستی بە بزاوتی سیاسی هەیە تا بیپارێزێت؟ چونکە ئەو گرووپانە خۆیان وەک بەرگریکاری سەرسەختی ئیسلام دەناسێنن و گوایە ئیسلام لەژێر هەڕەشەی جیدیی دایە، بە تایبەتی تۆمەتبارکردنی سێکۆلاریزم و دیموکراسییەت گوایە هەڕەشەن بۆ سەر ئایینی ئیسلام.

بەڵام لە بنەڕەتدا سێکۆلاریزم هەڕەشە نییە بۆ سەر هیچ لایەک و بۆ دژایەتی هیچ عەقیدەیەکی ئایینییش سەری هەڵنەداوە، تەنیا ئامانجی رێگەخۆشکردنە لەبەردەم ئەو تاکانەی کە دەخوازن دیندار بن، یان ئیرادەی رەتکردنەوەی ئایینیان لە مێشکدایە، کەچی ناوێرن بە ئاشکرا رایبگەیەنن، هەر بۆیە ئەو ئازادییە بۆ تاکەکان فەراهەم دەکات، کاتێکیش تاک بەرەو بێدینی دەچێت، ئەوە پێوەندیی بە خۆیەوە هەیە، نەک عەلمانییەت.

هەڵبەت ئەمەش بە گوێرەی یاسا دونیاییەکان مافی هەردوولا رێک دەخرێت و هەروەها ئامانجی راستەقینەی سێکۆلاریزمیش ئیشکردن نییە بۆ تووڕهەڵدانی ئایین لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو دەخوازێت و کاریشی بۆ ئەوە کردووە کە ئایین بباتەوە شوێنی راستەقینەی خۆی، واتە کڵێسا و مزگەوت، هەروەها ناخوازێت ئایین بە یەکجاری لە تاک داببڕێت،

تەنێ ئازادی بۆ تاک دەرەخسێنێت سەبارەت بەوەی کە ئایا دەیەوێت پابەند بێت بە ئایینەوە، یان بە پێچەوانەوە رەتی دەکاتەوە، ئەمەش لە گۆشەنیگای فیکری سێکۆلاریزمەوە، ناچێتە باری هەوڵدان بۆ بێدینکردنی کۆمەڵگە، بەڵکوو لە سایەی سێکۆلاریزمدا، تۆی تاک، یان جڤات، دەتوانن پارێزگاری لە عەقیدەی ئایینی خۆتان بکەن و هەروەها مافی رەتکردنەوەی ئایینییشتان هەیە.

ئەمەش بە لای کارەکتەرانی ئیسلامی سیاسی، بووەتە جێگەی ترسێکی قووڵ، ترس لەوەی بە هۆی ئەو ئازادییەوە، ئیدی باوی بزاوتی ئیسلامی نەمێنێت و خەڵکی دینداری بە شێوازی خۆیان، واتە لە فۆڕمی پەیوەندی تاک بە خوداوە بکەن، نەک بەو شێوەیەی گوتاری ئیسلامی سیاسی لە بەرژەوەندی خۆیاندا دەیخوازێت، واتە ئەوەی ئیسلامی سیاسی پێیڕاست بێت، ئەوە دینداری بێت، نەک ئەوەی تاک بۆ خۆی پێوەندیی بە ئایینەوە گرێبدات، بەبێ گەڕانەوەی بۆ گوتاری ئیسلامی سیاسی، هەڵبەت ترسی ئیسلامی سیاسی رێک ئەمەیە کە خەڵکی بە شێوازی خۆیان، واتە بە شێوە سادەکە دینداری بکەن، نەک ئەوەی ئەوان لە شەقامی موسڵمانانی دەخوازن، لە میتۆدی رەخنەکردنی سێکۆلاریزمیشدا، هەمیشە پشت بە رەتکردنەوەی رەهای ئەو فیکرەیە دەبەسترێت، تا ئاستی هاندان و جوڵاندنی سۆزی موسڵمانان دژ بە کولتووری سێکۆلاریزم، لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا رەتکردنەوەی فیکری سێکۆلاریزم تەنیا لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا روویننەداوە، بە پێچەوانەوە سەرەتای سەرهەڵدانی لە ئەورووپاشدا دژایەتی زۆری کراوە و بگرە لە لایەن پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتدارانی ئەورووپا، دەیان تۆمەتیشی خرایە پاڵ، تا ئاستی ئەوەی قوربانی زۆریشی لێکەوتەوە، بە هۆی ئەوەی کڵێسا خرابووە خزمەتی دەسەڵاتداران، واتە ئەوەی دەسەڵاتداران دەیانویست ئەنجامی بدەن، رێک پشتگیریی کڵێسایان بۆ وەردەگرت، تا کەس رەخنەی نەبێت و دەسەڵات لە دەسەڵاتێکی ستەمکارەوە، وەک دەسەڵاتێکی پیرۆز و بەرگریکاری

خەڵک و ئایین بناسرێت، ئەمە شاراوە نییە لە ئەورووپادا دەسەڵاتداران هەمیشە کڵێسایان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە، وەک ئەوەی ئێستا دەوڵەتانی ئیسلامی کۆی دامەزراوە ئایینییەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە، تا خەڵکی موسڵمان لە دژی دەسەڵات ڕانەپەڕن، تەنانەت لەو دەوڵەتانەدا ڕێژەی مزگەوت و دامەزراوە ئایینییەکان بە بەراورد بە زانکۆ و نەخۆشخانەکان زیاترن!

بەڵام کاتێک فیکریی سێکۆلاریزم دێتە کایەوە، ئیدی خەڵکی ئەورووپا هۆشیار دەبنەوە کە پێویستە ئایین کاری خۆی بکات و دەوڵەتیش سەرقاڵی کاروبارە سیاسییەکانی خۆی بێت، ئیدی لەوێوە گۆڕانکارییەکان دەستپێدەکەن و هێواش هێواش کاریگەرییەکانی سێکۆلاریزمیش بە ئەورووپا و کیشوەرەکانی دیکەشدا کەم و زۆر بڵاودەبێتەوە.

ڕۆشنبیر و نووسەر، حەمەسەعید حەسەن دەڵێت: «عەلمانییەکان دەزانن، ئایین بەشێکی گرنگە لە کەلەپوور، بۆیە داوای دابڕان لەگەڵ ئاییندا ناکەن، داوای دابڕانی نێوان سیاسەت و ئایین دەکەن. سیکولاریزم ئیلحاد نییە، لێکدانەوەیەکی واقیعبینانەیە بۆ ئایین، کە کارێک دەکات، ئایین، لە خزمەتی ئازادی و یەکسانی و پێشکەوتندا بێت، نەک کۆسپ بێت لە سەر ڕێگەیاندا».

بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی سێکۆلاریزم، لە جیهانی ئیسلامیشدا بە تایبەتی کۆمەڵگەی عەرەبی، ترسێکی قووڵ لەهەمبەر پەرەسەندنی سێکۆلاریزمدا هەبووە و تاکو ئەم چرکەساتەش، ناتوانین بڵێین لە جیهانی عەرەبی ئیسلامییدا، وڵاتێکی تەواو سێکۆلاریزمی بوونی هەیە! بەڵکوو ئەوەی هەیە، تەنیا هەندێک دەوڵەتن و ویستوویانە رووکەشانە بڵێن کە سێکۆلاریزممان کردووەتە بنەمای کارکردنی کاری دەوڵەتداری، بەڵام کاتێک لە بنەما سەرەکییەکانی سێکۆلاریزم ورد دەبینەوە، ئەوکات شتێکی تر دەبینین کە کۆی ئەو بانگەشانەی لە جیهانی عەرەبی ئیسلامیدا سەبارەت بە گرنگێتی سێکۆلاریزم دەکرێن، ڕاستی نین، تەنیا هەوڵی تاکە کەس و هی چەند ڕۆشنبیرێکە و تەواو، ئەگینا ڕۆحی سێکۆلاریزم لە یەک وڵاتی

ئیسلامی بە تایبەتی عەرەبییەکان بوونی نییە.

ئەوەی لە میسری عەرەبی و تورکیای پاشماوەی عوسمانیشدا دەگوزەرێت، بە هیچ شێوەیەک، سێکۆلاریزم وەک بنەما و فیکر لێی بەرپرسیار نییە، بەو پێیەی پێشێلکاری گەورەی مرۆیی رۆژانە لەو دوو کۆمەڵگەیەدا روو دەدەن و لەگەڵ بنەمای سێکۆلاریزمیشدا نایەنەوە، باسی وڵاتانی دیکەی عەرەبی ناکەین کە هەمووان دەزانن وێرانەگەلێکن بۆ خۆیان.

یوسف سەلامە، بیرمەندی گەورەی عەرەب، سەبارەت بە زەمینەی سەرهەڵدان و ئامانجی سێکۆلاریزم دەڵێت: «سێکۆلاریزم تەسەورێکی ئەوروپییە و لە میانەی گەشەی رۆشنبیریی و ژیانی ئەوروپییدا دەرکەوتووە، ئەمەش درێژکراوەی ئەو دۆخە بوو کە لە سەدەی پانزەیەمەوە زەمینەیەکی باشی بۆ لە دایکبوونی سێکۆلاریزم خۆشکردبوو، بەڵام دەرکەوتنی وێنەی ئەم چەمکە بەشێوەکی بەهێز و رۆشن، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رۆشنگەری لە بەریتانیا و فەرەنسا و دواتر لە ئەڵمانیا، دەرکەوتنی سێکۆلاریزم دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن و درککردنی مرۆڤ بە هێڵ و کێڵگە جیاوازەکان، کاتێک کێڵگەیەک سنووری خۆی دەبەزێنێت، ئەوا بوون و چالاکی ئەویدی دەسڕێتەوە، بە مانایەکی دیکە دوو کێڵگەی بنەڕەتی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتییدا، ئەوانیش کێڵگەی ئایینی و کێڵگەی سیاسیین، رۆشنبیریی خۆرئاوایی ئەوەی کەشفکرد کە ئەگەر هەردوو کێڵگەکە یەکبخەین و بیخەینە دەستی یەک کەسەوە، واتە دەسەڵاتی ئایین و دەسەڵاتی سیاسی، بدەین بە یەک کەس کە پاپایە، یان ئەو مافە بدەینە دەسەڵاتی سیاسی وەک ناوەندێک باڵادەست بێت بەسەر کێڵگەی ئایینییدا، ئەوە کۆمەڵە هەڵەیەک کەڵەکە دەبێت کە چاککردنی مەحاڵە، مرۆڤی ئەوروپی ئەوەی کەشفکرد کە چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشەیەی خۆی دەبینێتەوە لە جیاکردنەوەی کێڵگەکان، جیاکردنەوەی کێڵگەی پیرۆز لە کێڵگەی دونیایی، جیاکردنەوەی کێڵگەی ئایینی لە کێڵگەی سیاسەت، دواتر مرۆڤی ئەوروپی باوەڕی بەوە هێنا کە تەنها بەپشتبەستن بە توانا و عەقڵی خۆی دەتوانێت ژیانی دونیایی و سیاسی خۆی و پێوەندیی مرۆڤەکان بە

یەکترەوە ڕێکبخات بەپشتبەستن بە یاسایەک کە مرۆڤ بە عەقڵی خۆی و بەپێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەکەی دایڕشتووە، ئەو یاسایە پاراستنی بەرژەوەندی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە ئەستۆ دەگرێت».

بە هۆی گرنگی بۆچوونەکەی یوسف سەلامە سەبارەت بە هۆکار و زەمینەی سەرهەڵدانی سێکۆلاریزم لە کۆمەڵگەی ئەوروپی، بەپێویستمزانی بۆچوونەکەی وەکخۆی بخەمە پێشچاو، تا مەفهومی ئەو بیرمەندە وەکخۆی بگاتە لای خوێنەر، هاوکات گرنگە ئێمەش خوێندنەوەیەکی کورتی بۆ بکەین.

بە گوێرەی بۆچوونی یوسف سەلامەی بیرمەندی عەرەبی بێت، سێکۆلاریزم لە قۆناغێکی ئەوتۆدا سەری هەڵداوە کە ژینگەی ئەوروپی لە ڕووی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و فیکرییەوە، جۆرێک گەشەی بەخۆیەوە دیبوو، هاوکات زەمینەی گۆڕانکاریی، وەک پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەباربووە بۆ سەرهەڵدانی سێکۆلاریزم، چونکە لەو سەردەمەدا کە پرۆفیسیۆر یوسف سەلامە، پێیوایە زەمینەی دەرکەوتنی عەلمانییەت بۆ سەدەی پانزەی زایینی دەگەڕێتەوە، مەبەستی ئەو لێرەدا ئەوەیە کە سەدەی پانزە دەروازەیەک بووە تا سێکۆلاریزم دەرکەوێت بە تایبەتی لە سەردەمی ڕۆشنگەری لە بەریتانیا و فەرەنسادا، ئاشکرایە سێکۆلاریزم لە خۆیەوە پەیدانەبووە، ئیدی کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئەوروپی درکی بەوەکرد کە دەبێت مرۆڤ بە شێوەیەکی دیکە بژیەت و تێڕوانین و روئیای بۆ شتەکانی دەوروبەری بگۆڕێت، بە تایبەتی لە پرسی ئایینیدا، چونکی لەوکاتدا، کڵێسا تەواو خرابووە خزمەتی دەسەڵاتدارانەوە، بە هەمان شێوەش دەوڵەتمەدارە سیاسییەکانیش، رۆڵی مشەخۆریان دەدایە پاڵ پیاوانی کڵێسا و جۆرێکیش دەسەڵاتییان پێدەدان بۆ لە خشتەبردنی خەڵک، ئەگەرچی هەندێکجار تاک نەیدەتوانی بە ئاسانی هەردوو دەسەڵاتەکە لە یەکتری جیا بکاتەوە، بە هۆی ئەوەی هەردووکیان ببوونە تەواوکەری یەکدی و چاوپۆشیان لە هەڵە و پەڵەی یەکدی دەکرد.

ئەوەی لەو نێوانەشدا زیانی پێدەگەیشت، هاووڵاتییان و خەڵکی سڤیل

و هەژاری ژێردەستەبوون، ئەگینا پیاوانی کڵێسا و دەسەڵاتداران لە کەیف و سەفا و خۆشیی خۆیاندا بوون و میللەتیش لەناو هەژاری و نەخۆشی و ناهۆشیاریدا دەتلایەوە، کە دواتر ئەمانە بوونە هۆی پێویستێتی سەرهەڵدان و گەشەی سێکۆلاریزم لە کۆمەڵگەی ئەوروپییدا، بۆیەش تاک و بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئەوروپایی گەیشتنە ئەو باوەڕەی دەبێت بۆ رزگارکردنی خەڵکی لە چنگی پیاوانی دەوڵەت و پیاوانی ئایینی، پرۆسەی جیاکردنەوەی ئەو دوو کایە ئایینی و سیاسییە بێتە کایەوە و گفتوگۆکانی جیاکردنەوەی کایەکانیش کە یوسف سەلامە بە کێڵگە ناویان دەبات، هاتنە نێو کایەی رۆشنبیری و ئایینی و سیاسەتی ئەوروپاوە.

ئەم تێگەیشتنەش، هەر زوو گەشەی کرد، چونکە مرۆڤی ئەوکاتی ئەوروپی لە چەندین رەهەندەوە، تینووی ئازادی و خۆشگوزەرانی و کرانەوە بوون، کۆی ئەو کایانەی لە لایەن دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەت و کڵێساوە لێیان زەوت کرابوون، داوای وەرگرتنەوەیان کردەوە، ئیدی مرۆڤی ئەوروپی بە دەنگی بەرز، داوای جیاکردنەوەی ئایینی لە دەوڵەت دەکرد و ئەو پرسە هاتە ناو کایە جیاوازەکانی ئەوروپا، تا دواجار فیکری سێکۆلاریزم، وەک پێویستییەک کاریگەری خۆی جێهێشت و رۆڵی ئایینیش کەم بووەوە لە چوارچێوەی کاروباری دەوڵەتدا.

هەڵبەت مەبەستی بیرمەند یوسف سەلامە، ئەوەیە سێکۆلاریزم تەنیا پرۆسەی جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەتی ئەنجامداوە، هەر وەک چۆن دەیان و سەدان بۆچوونی دیکەش هەن و پێداگری تەواویش دەکەن لەسەر ئەوەی کە سێکۆلاریزم نەک هەر دژی ئایین نییە، بەڵکو بە رزگارکەری ئایینیشی دادەنێن، بەو پێیەی ئایینی لە چنگی دەسەڵاتداران دەرهێنا، دیارە دەسەڵاتداران لە پێشوودا سڵیان نەکردبووە لە بەرکارهێنانی ئایین بۆ خزمەتی سیاسییانەی خۆیان بە مەبەستی سەرکوتکردنی میللەت و نەتەوە و ئایینزاکانی دیکە.

عەلی باپیر پێیوایە «عەلمانییەت بێدینایەتییە و بە هیچ رەنگێک لە شەرعدا جێگەی نابێتەوە، بەڵکو ئەوەش خۆی بێدینایەتییە کە بگوترێت

عەلمانییەت لە دیندا جێگەی دەبێتەوە یان لەگەڵ دیندا دەگونجێت، چونکە عەلمانییەت هیچ حیساب بۆ خودا و پێغەمبەر و دین و دوارۆژ و بەهەشت و جەهەننەم و حەشر و حساب و زیندووبوونەوە ناکات».

بەڵام بە پێچەوانەی عەلی باپیر، ئەوەتا عەفیف ئەخزەری بیرمەندی گەورەی عەرەب دەڵێت: «دەوڵەتی ئایینی لەگەڵ دەوڵەتی سێکۆلار پێچەوانەی یەکترین، بە تایبەت لە بواری هاووڵاتی بووندا، لە دەوڵەتی ئایینیدا جیاوازی نێوان ژن و پیاو و موسڵمان و غەیرە موسڵمان، جیاوازییەکی جەوهەرگەراییە و ژنان و کەسانی غەیرە موسڵمان مافی هاووڵاتی بوونیان نییە، بەڵام لە دەوڵەتی عەلمانییدا ژن و پیاو، ئیماندار و هاووڵاتی، چونیەکن و کەسیان لەوەی تریان زیاتر نین».

هەر وەک پێشووتریش ئاماژەمان بۆ کرد کە سێکۆلاریزم راستە سەرەتای دەرکەوتنی لە کۆمەڵگەی مەسیحییەتدا بووە، بەڵام لە بنەڕەتدا بە دیاریکراوی تەنیا بۆ مەسیحییەت سەری هەڵنەداوە، بەڵکو هەڵگری شوناسی فیکری مرۆییە، هەر بۆیە ئەو تێگەیشتنەی عەفیف ئەخزەر، دەکرێ بۆ کۆمەڵگەیەکی ئەوروپی مەسیحی و رۆژهەڵاتییەکی موسڵمانیش هەمان مانای هەبێت، چونکی سێکۆلاریزم جیاوازی لە نێوان موسڵمانێک و مەسیحییەک و جوولەکەیەکدا ناکات، بەو پێیەی ئیش لەسەر کۆمەڵگەی مرۆیی بە گشتی دەکات و خۆی لە هەر جیاکارییەکی ئایینی و نەتەوەیی و رەگەزی هەیە بە دوور دەگرێت.

ئەوروپای ئێستا بەرهەمی گەشەی فیکریی سێکۆلاریەتە، رۆژ دوای رۆژیش، بە هۆی پێشکەوتنی سیستەمەکانیانەوە کە مرۆڤ تێیاندا وەک سەنتەری بەهاکان دەبیندرێت، کاریگەری بەسەر زۆرێک لە ناوچەکانی تری جیهاندا دروستکردووە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە هەمیشە بە دوای بەختەوەریی و خۆشگوزەرانییدا دەگەڕێت، ئەو بەختەوەریی و خۆشگوزەرانییەش، سەرەتاکەی لەگەڵ سەرهەڵدانی سێکۆلاریزمدا، لە ئەوروپا دەرکەوت بە هۆی ئیشکردن بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە کاروباری دەوڵەتدا، چونکە ئەو وڵات و کۆمەڵگانەی بە کردەنی ئایینییان لە دەوڵەت جیا نەکردووەتەوە،

وڵاتگەلی دواکەوتوون و مرۆڤ لەسەر بنەمای وەلائی بۆ ئایین و مەزهەب و پیاوانی ئایینی حسابی بۆ دەکرێت، خۆی ئەمە ماڵوێرانییە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەو پێیەی وڵاتی ئایینی، لە بری ئەوەی خزمەتی ئایین بکات، بگرە زیانی جیدیشی لە خودی ئایین داوە، چونکە ئایین بەشدار دەبێت لە خراپەکارییەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتدارەکان.

بە پێچەوانەی ئەوەی لە دەوڵەتی سێکۆلاریزمدا ئەنجامدانی هەر خراپەکارییەکی دەسەڵاتدارێک، زیانی بۆ سەر ئایین نابێت، کەسێک یان چەند بەرپرسێکی دەوڵەتەکە دووچاری رەخنەی جیدی دەبنەوە، نەک دەستی تۆمەت بۆ ئایین ببردرێت، وەک ئەوەی ئێستا لە ئەوروپا روو دەدات، بە هۆی ئەوەی ئایینی مەسیحییەت جیاکراوەتەوە لە کاروباری دەوڵەتەکان، بەڵام بە پێچەوانەوە لەو وڵاتانەی راستەوخۆ ئایین تێکەڵ بە کاروباری دەوڵەت کراون، هەر خراپەکارییەکی دەسەڵاتیش، یان کەسێکی دەستڕۆیشتووی ناو دەسەڵات، بەشێکی باجەکە دەبێت ئایین بیدات، بە هۆی ئەوەی پیاوە سیاسییەکان زۆرجار بۆ رازییکردنی کۆمەڵگە، خۆیان بە نوێنەری راستەقینەی ئایین دەزانن و دەڵێن ئێمە نموونەی دەسەڵاتی ئایینین و بۆ پارێزگارییکردن لە ئایین خوڵقاوین و دەسەڵاتی ئێمە هی ئایینە و ئەوەی ئەنجامیشی دەدەین بۆ بەرگرییکردنە لە خودی ئایین و ئێمە پیرۆزیین و نوێنەری راستەقینەی ئایینین لەسەر زەوی.

لێرەدا شەڕی سێکۆلاریزم لەگەڵ ئەو گوتارە دەستپێدەکات کە دەیەوێت خەڵکانێک لەژێر سایەی ئاییندا خۆیان بە پیرۆز بناسێنن و هەوڵی جوڵاندنی سۆزی ئایینی خەڵک بدەن بۆ بەرژەوەندی کەسی و حیزبی و دونیایی خۆیان.

## بەشی پێنجەم

# دیموکراسیەت و مۆدێلی حوکمڕانێتی گەل

## بەشی پێنجەم
# دیموکراسییەت و مۆدێلی حوکمڕانێتی گەل

### دیموکراسییەت و بنەماکانی

دیموکراسییەت، لە ناوەندە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی ئێستای دونیادا، بەو جۆرە لە مۆدێلی حوکمڕانێتییە دەگوترێت، کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و گەڕانەوە بۆ بڕیاری هاوونیشتمانییانی وڵاتێک، گەلانی وڵاتێک، کۆمەڵگەیەک دروست دەبێت، کە تێیدا رووبەری ئازادییەکان بۆ تاکەکان فراوانتر دەکات و سەروەری یاساش بایەخی گەورەی دەبێ، گەلیش خۆی خاوەنی دەسەڵات دەبێت، هەروەها هاوونیشتمانییان بە یەکسانی مافەکانیان پارێزراو دەبێت لە سایەی رژێمێکی دیموکراسییدا.

ئەمەش بە دیاریکردن، یاخود هەڵبژاردنی کەسێک، یان گرووپێک، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی زۆرینەی گەل بکەن لە بازنەی حوکمڕانێتی دەوڵەتدا، واتە زۆرینەی هاووڵاتییان، بەبێ هیچ گوشارێک، ترسێک، لە دەسەڵات و کاربەدەستان، لە پرۆسەیەکی ئازادانەدا، بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ئەو کەسە دەدەن، کە خۆیان پێیانباشە و دەخوازن نوێنەرایەتییان بکات لە پەرلەماندا، یاخود سەرۆکایەتی وڵات، لە رێگەی سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە روودەدات.

لێرەدا هیچ کەسێکیش بە دۆڕاو هەژمار ناکرێت، واتە زۆرینە مافی ئەوەی نییە پێشێلکاری لە بەرانبەر کەمینەدا بکات، جا بە قسە بێت، یان هەر شتێکی دیکە بێت، بەو پێیەی پرۆسەکە خۆی لەسەر بنەمای رێژەی کەمینە و زۆریەنەیە، بە گوێرەی یاساش، مافی کەمینە پارێزراو دەبێت، خودی پرۆسەکەش بۆ رێزگرتنە لە تاکەکان، بەڵام کاتێک گرووپێک ناتوانن بەسەر گرووپێکی دیکەدا سەربکەون، ئەوە ئاماژەی شکست و دۆڕانی ئەو گرووپە ناگەیەنێت، بەو پێیەی دۆڕان لەگەڵ بنەما و کولتووری دیموکراسییەتدا نایەتەوە، بەڵکوو دیموکراسی لەسەر بنەمای رێزگرتن لە بەرانبەر کۆمەڵێک پرەنسیپ و بەهای مرۆیی و سیاسی رەگوڕیشەی داکوتاوە.

تا ئێستا باوترین پێناسەیەک بۆ دەستەواژە، یاخود وشەی دیموکراسی کرابێت، ئەوەیە کە بە مانای دەسەڵاتی گەل دێت، لە بنەڕەتدا دەستەواژەی دیموکراسی سەرەتاکەی بۆ یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە، کە لە دوو وشەی لێکدراودا دەستەواژەی دیموکراسی لێ دروستبووە، واتە هەردوو وشەی «گەل» و وشەی «دەسەڵات». بە لێکدانی هەردوو وشەکەش، دەستەواژەی «دەسەڵاتی گەل» دەگەیەنێت کە بە یۆنانییەکەی پێی دەگوترێت «دیموکراسی».

بە هۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، هاتنە پێشی قۆناغی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئیدی لە ئەوروپادا، دونیای دیموکراسییەتیش فراوانتر دەبێت، لە ناوەندە سیاسی و فیکرییەکانیشدا، وەک کایەیەکی فراوانتر، مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت، هەروەها بە تەنیاش لە دەسەڵاتی گەلدا چیتر چڕ ناکرێتەوە، بەڵکوو بووەتە کولتووریی زۆرێک لە کۆمەڵگە ئەورووپییەکان و کاریگەری قووڵی سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتیشی دروستکردووە، تا ئاستی ئەوەی تاکی ئەورووپی، بەبێ دیموکراسی نەتوانن بژین، بە تایبەتی لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، لە مەسەلەی ئاڵوگۆڕیی دەسەڵات و ئازادییەکاندا.

هاوشێوەی سێکۆلاریزم، دیموکراسییەتیش دووچاری دژایەتی و بەربەستی گەورە بووەتەوە، تا ئاستی ئەوەی رەخنەی قووڵیشی ئاڕاستە دەکرێت، وێڕای هەموو ئەو رەخنانەش، بەڵام دیموکراسییەت گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە فراوانبووندایە، بەو پێیەی راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی سیاسی و یاسایی و ئازادی و یەکسانی کۆمەڵگەکانەوە هەیە، وەک پێویستییەکی هەنووکەیی رەگوڕیشەی داکوتاوە.

چەند چەمک و کایەیەکی گرنگ هەن کە بە رۆحی دیموکراسییەت دادەنرێن، لە هەر وڵاتێکدا ئەگەر ئەو کایانە پێشێلکارییان بەرانبەر کرا، یاخود یەکێکیان پەراوێز خرا، زەحمەتە بتوانین بڵێین دەوڵەتێکی دیموکراسییە. ئەوانیش وەکو، دەسەڵاتی هاووڵاتییان، شکۆی یاسا، یان بێلایەنی و سەروەری یاسا، هەروەها خاڵێکی دیکەش کە زۆر گرنگە ئەویش مەسەلەی ئازادییەکانە، هەروەها هاووڵاتیيبوون و مافی مرۆڤ، ئەوانیش رۆحی دیموکراسییەتن.

هەر یەک لەو بنەمایانەش بۆ خۆیان دونیایەک لێکۆڵینەوە و پێناسەی جیاوازیان پێویستە و ئامانجی جۆراوجۆریشیان هەیە، بۆیە رەنگە ئێمە نەتوانین وەک پێویست، سەرجەمی ئەو بنەمایانە، وەک خۆی باس بکەین، واتە هەر یەک لەو بنەمایانە، بۆ خۆی دونیایەک لقی دیکەی لێ دەبێتەوە، کە بەڕاستی دەکرێ لە لێکۆڵینەوەی تایبەتمەنددا روون بکرێنەوە، ئەگەرچی ئێمە هەوڵمانداوە ئەگەر بە کورتیش بێت و لە یەک گۆشەنیگاوەش بێت، خوێندنەوە بۆ هەندێکیان بکەین، بە تایبەتی ئەوانەی زۆر پێویستن لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا مومارەسە بکرێن.

## دەسەڵاتی هاووڵاتیی

دەسەڵاتی هاووڵاتیی، یاخود دەسەڵاتی هاووڵاتییان، بەو مانایە دێت کە هاونیشتمانییانی وڵاتێک، خۆیان سیستەم و کەسانی دەسەڵاتدار هەڵدەبژێرن، مادام هاونیشتمانیی خۆی لە ڕێگەی سندوقی هەڵبژاردنەوە، دەسەڵاتی هەڵبژاردبێت، بۆ ئەوەی حوکمڕانێتی بکات، کەوایە هەر ئەوانیش، واتە هاونیشتمانییان خۆیان دەتوانن دەسەڵاتی ئەو کەسە سڕ بکەن، کە بە نوێنەری خۆیانییان هەڵبژاردووە، ئێمە لێرەدا باس لەو نموونە جوانانەی وڵاتانی دیموکراسی دەکەین، نەک ئەو شوێن و کۆمەڵگانەی کە دیموکراسییان بۆ ئامانجی سیاسی و فێڵکردن لە خەڵکی بەکارهێناوە و تەنیا لە هەڵبژاردندا کورتی دەکەنەوە و ڕۆحی دیموکراسییەتیان پشتگوێ خستووە.

لە نموونەی کۆماری ئیسلامی ئێران، کاتێک هەڵبژاردن ئەنجامدەدات، ئامانجی ئەو هەڵبژاردنە، بۆ گۆڕینی تێڕوانینی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەت نییە، بەڵکوو مەبەست لێی تەنیا گۆڕانکارییە لە دەموچاوەکاندا، ئەویش ئەگەر رووبدات! لەکاتێکدا لە ئێران هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت و کەسانی دەسەڵاتداریش دەگۆڕدرێن، بەڵام لە جەوهەردا، روئیای سیاسی و کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسیی ئێران لە پەیوەست بە ئازادییەکان و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا لەژێر هێڵی هەژاریدان، بەو پێیەی شکۆی مرۆڤ پەیوەست کراوە بە باڵادەستی مەزهەب، خێڵ، پیاوی ئایینی، تەنانەت لەو ئێرانەدا، ئەگەر هاووڵاتییەک شیعە مەزهەب نەبێت، مافی نییە

و ناتوانێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری وڵاتەکە کاندید بکات.

کەچی رژێمی ئیسلامی ئێران، بۆ راکێشانی سۆز و عاتیفەی خەڵکی، بانگەشەی بڕوابوون بە هەڵبژاردن دەکات، واتە ئەوە بە تەنیا بەس نییە تۆ بتەوێت وڵاتێکی دیموکراسی، تەنیا لە هەڵبژاردندا کورت بکەیتەوە، بەڵکو پێویستە کۆی بنەکانی دیموکراسییەت جێبەجێ بکرێن و لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا، ئەوانیش بە پێی خواستی کۆمەڵ ئەبدێتبکرێنەوە، ئینجا دەتوانین بڵێین فڵانە وڵات دیموکراسییەتی پەیڕەوکردووە، ئەگینا هەر رووپۆشکردنێکی رووکەشانە، بە گوێرەی زەمەن، رووە راستەقینەکەی دەردەکەوێت، وەک ئەوەی لە دوای رووخانی رژێمە فاشیستییەکەی سەددام لە عێراقدا بینیمان کە وڵاتی عێراق چەند ساڵێکی کەم، ویستی بانگەشەی دیموکراسییەت بکات، بەڵام هەر زوو پڕۆژەی دیموکراسییەت هەڵوەشایەوە و لە بری دیموکراسییەت، دەسەڵاتی خێڵ و مەزهەب، دەستیانگرت بەسەر بڕیاری سیاسی دەوڵەتی عێراقدا، تا ئاستی ئەوەی مەرجەعێکی ئایینی دەتوانێت لە شەو و رۆژێکدا کۆی دامەزراوە سیاسییەکانی عێراق هەڵبوەشێنێتەوە، یان هێزی چەکداری میلیشیا دروست بکات، وەک ئەوەی بە بڕیاری مەرجەعی شیعەکان، حەشدی شەعبی دروستکرا و رەنگە لە ئاییندەدا وەک جێگرەوەیەکی سوپای عێراقیش هەڵسوکەوت بکات و لە پرسە سیاسی و هەتا حیزبییەکانیشدا مەرجەع بەکاری بهێنێت.

ئەو نموونەیەی ئێران و عێراق، بۆ کۆی وڵاتانی دیکەی عەرەبیش هەر وایە، ئەوانیش لە رێگەی هەڵبژاردنەوە تەنیا دەموچاو دەگۆڕن و نەیانتوانیوە روئیای سیاسی و کۆمەڵایەتی بگۆڕن و لەگەڵ دونیای سەردەمدا خۆیان بگونجێنن. لە راستیدا کۆمەڵێک بنەما هەن بۆ دیموکراسییەتی پێرفێکت و هەمووانیش بە یەکەوە کولتووری دیموکراسی دروست دەکەن، کە ئەو کولتوور و بنەمایانە هێشتا لە وڵاتانی ئیسلامیدا بوونیان نییە و بگرە وەک خەیاڵ دەبیندرێن.

هەر وەک ئاماژەی بۆ کرا، لەو مۆدێلە خراپانەی حوکمڕانێتیدا کە بانگەشەی دیموکراسییەت دەکەن، دیموکراسییان تەنیا لە هەڵبژاردندا چڕکردووەتەوە، کەچی کۆی بنەما و پرەنسیپەکانی دیکەی دیموکراسییەت، فەرامۆشکراون، یاخود پێشێلکارییان لەهەمبەردا دەکرێت، وەک ئازادییە کەسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و سەروەری یاسا، مافی مرۆڤ و هاووڵاتییبوون و زۆر شتی دیکەش کە بە یەکەوە دیموکراسییەتی راستەقینە دروست دەکەن.

## شكۆ و بێلایەنی یاسا

شكۆی یاسا، یاخود بێلایەنی و سەروەری یاسا، ئەویش لە تەک پرەنسیپەكانی دیكەدا، گرنگێتی تایبەتی لە دەوڵەتی دیموكراسییدا هەیە، چونكە دەوڵەتی دیموكراسی لەسەر بنەمای یاسا و جێبەجێكردنی یاساكان بەڕێوەدەچێت، هەر بۆیەش پەرلەمان گرنگی خۆی هەیە، لە دەوڵەتی دیموكراسییدا، بەو پێیەی شوێنگەی دەركردنی یاساكان و چاودێریكردنی لایەنی جێبەجێكاری یاساكانە لە لایەن حكوومەت و دامەزراوەكانی دیكەدا.

هەروەها لە دەوڵەتی دیموكراسییدا، هاووڵاتییان هەمووان بە یەكەوە لەبەردەم یاسادا، وەک یەک مافییان پارێزراوە و لە ئەگەری هەر پێشێلكارییەكیشدا، كە لە بەرانبەریاندا ئەنجامبدرێت، مافییان وەردەگیرێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەم مۆدێلە لە دەوڵەتی ئایینی و تەقلیدی و تۆتالیتار و دیكتاتۆرییەكاندا نییە، بەو پێیەی سەركردە و پیاوە ئایینییەكان و ئایینی مرۆڤ زۆرجار رۆڵ دەگێڕن لە یەكلاییكردنەوەی پرسەكاندا، بەڵام ئەوەی لە سایەی دیموكراسییەتدا دەگوزەرێت، تەواو پێچەوانەكەیەتی، تەنیا بە یاسا، شتەكان یەكلایی دەكرێنەوە و لەوێشدا دامەزراوە یاساییەكان بێلایەن دەبن، هەتا لە نێوان حكوومەت و هاووڵاتییانیشدا، هیچ كەسیش بە جیاواز لەوانی تر، لەبەردەم یاساكاندا پیرۆز نییە، هەمووان یەكسانن لەبەردەم چەكوشی دادوەردا.

هەڵبەت قسەكردنی ئێمە لێرەدا لەسەر نموونەی دەوڵەتی راستەقینەی دیموكراسییە، نەک ئەو دەوڵەتە شمولی و تەقلیدییانەی بۆ فێڵكردن لە خەڵک و رەئی جیهانی، بە شێوە رووكەشییەكە بانگەشە بۆ دیموكراسییەت دەكەن و تەنیا لە هەڵبژاردنێكی ساختەدا كورتی دەكەنەوە.

## ڕۆحی ئازادییەکان

ئازادییەکانی مرۆڤ، بایەخی گەورەیان لە کولتووری دیموکراسییەتدا هەیە، تا ئاستی ئەوەی بە ڕۆحی دیموکراسی ناوی دێت، لە گۆشەنیگای دیموکراسییەتەوە، ئەگەر تۆ ئازاد نەبیت لە بڕیاردان و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و هەتا میدیاییەکاندا، چۆن دەتوانیت بەشداری لە هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینەدا بکەیت و نوێنەری خۆت هەڵبژێریت! ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوەش هەمان شتە، کە مرۆڤ ئازادە لە مومارەسەکردنی حەز و ویستە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی، بەو مەرجەی سنووری بەرانبەرەکەی نەبەزێنێت، هەر بۆیەش نزیکایەتییەکی یەکجار زۆر لە نێوان دیموکراسییەت و سێکۆلاریزمدا هەن، بەو پێیەی هەردووکیان ئازادی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ مرۆڤایەتی دەستەبەر دەکەن.

واتە دیموکراسی و سێکۆلاریزم، مرۆڤ وەک سەنتەری ئامانجی کارکردنی خۆیان دەبینن، ئەگەر لە هەر کۆمەڵگەیەکیشدا، ئازادی مرۆڤ پێشێلکرا و دەوڵەتیش ڕۆڵی تێدا هەبوو، یان بێدەنگ بوو، لە ئاست ئەو پێشێلکارییانەی دەرهەق بە ئازادییەکانی مرۆڤ دەکرێن، جا کاربەدەستان بیکەن، یان گرووپێک، یان حیزبێک، ئەوا دەوڵەتێکی دیموکراسی و سێکۆلاریزمی نییە، دەکرێت هەر ناوێکی تری لێ بنێین، بەڵام دیموکراسی و سێکۆلاریزم شیاو نییە!

## هاوولاتییبوون

هاوولاتییبوونیش پرەنسیپێکی دیکەی دیموکراسییەتە و بەو مانایە دێت کە سەرجەم هاوولاتییانی ولاتێک، یان کۆمەڵگەیەک کە بانگەشەی دیموکراسییبوون دەکەن، بێ جیاوازی ئایینی و سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبی و کۆمەلایەتی و بیروڕای سیاسی، هەمووان بە یەکەوە، دەتوانن لەژێر چەتری دیموکراسییدا و بە یەکسانی مومارەسەی ژیانی ئاسایی خۆیان بکەن و بەشدار بن لە هەڵبژاردنی کەسێکدا، وەک نوێنەری خۆیان بۆ حوکمڕانێتیی، هاوکات هەمووانیش بە یەکەوە لەبەردەم یاسادا یەکسانن، مافی سەرجەم هاوولاتییەکیش پارێزراوە، بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی دەوڵەت.

## مافی مرۆڤ

مافی مرۆڤ، پرەنسیپێکی زۆر گرنگی دیموکراسییەتە، چونکە ئەگەر لە دەوڵەتێک یان کۆمەڵگەیەکدا، مافەکانی مرۆڤ پێشێلکارییان بەرانبەر کرا، ناتواندرێت بانگەشەی دیموکراسییبوون بکرێت، مادام دیموکراسییەت بڕوای بە ئازادییەکان و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا هەیە، هەرکە دەسەڵات یاخود کەسێکی ناو دەسەڵات و هەر گرووپێکی ئایینی، یان کۆمەڵایەتی ویستیان پێشێلکاری بەرانبەر بە مافی هاووڵاتییەک بکەن، یان کۆمەڵگە، ئەوکات چەکوشەکەی یاسا کە ئەرکی پارێزگارییکردنە لە شکۆی مرۆڤ و گەڕاندنەوەی ماف بۆ مافخوراوەکان، دێتە دەنگ و دژی هەر پێشێلکارییەک دەوەستێتەوە کە دەرهەق بە مرۆڤ دەکرێن، بەو پێیەی مافەکانی مرۆڤ پرەنسیپێکی گرنگی دیموکراسییەتن، وەک مافی بەشداری سیاسی و چالاکی کۆمەڵایەتی و مومارەسەکردنی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سێکسی و میدیاییەکان، ئەوانە هەموویان بە یاسا بۆ مرۆڤ ڕێکخراون وەک مافی هاووڵاتییبوون.

## دیموکراسی و جەنگەڵستان!

عەلی باپیر سەبارەت بەو ئازادییانەی لە دیموکراسییەتدا بەرجەستەن، دەڵێت: «کاتێک میللەتێک ئازاد دەکرێت، یانی تێکبەردەدرێت، دیارە ئەوەی کەڵبە و نینۆکی زیاترە و بەهێزتر بێت، ئەو قازانج دەکات».

ئەم وەسفەی عەلی باپیر سەبارەت بە ئازادییەکانی مرۆڤ، وێنای کۆمەڵگەیەکمان دەداتێ لە بری مرۆڤ، ئاژەڵی تێدا نیشتەجێ بێت، ئەو پێیوایە هەر کۆمەڵگەیەک کاتێک ئازادی تێدا بەرجەستە دەبێت، ئەوە شەریک دروستکردنە بۆ دەسەڵاتەکانی خودا کە لە قورئاندا هاتوون، چونکە پشت بە یاسا دەستکردەکان دەبەستن و دوور دەکەونەوە لەو ئەحکامانەی لە قورئاندا هاتوون بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی مرۆڤی موسڵمان.

لە دیموکراسییەتی ڕاستەقینەدا، وەک پێشووتریش ئاماژەمان بۆ کرد، کۆمەڵێک بنەمای سەرەکی هەن، نابێت پەراوێز بخرێن، ئەگەر لە هەر کۆمەڵگەیەکیشدا، پەراوێزخران، ئەوا ناتوانین بڵێین دیموکراسییەتە، ئازادییەکان ڕۆحی دیموکراسییەتن، بەڵام ئەو جەنگەڵستانەش نییە کە عەلی باپیر وەسفی دەکات! نەخێر، بە یاسا ڕێکخراون و بە یاساش چاودێری دەکرێن. هەر بۆیە هیچ کەس بۆی نییە پێشێلکاریی لە بەرانبەر ئەوی دیکەدا بکات، جا بە هەر بیانووێکەوە بێت، ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی، بەڵکو ئەوکات دەکەوێتە بەردەم لێپێچینەوەی یاسایی و ماف بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێندرێتەوە کە پێشێلکاری دەرهەق ئەنجامدراوە.

بە پێچەوانەوە هەمووان لە سایەی دیموکراسییەتی ڕاستەقینەدا قازانج دەکەن، نەک هەندێک زیان بکەن و هەندێکی دیکەش زەرەرمەند بن،

چونکە پرەنسیپەکانی دیموکراسییەت، گشتگیرن و بە تەنیا بۆ تاقمێک و گرووپێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دانەندراون، بەڵام کاتێک دووچاری رەخنەی ئیسلامی سیاسی دەبێتەوە، مەسەلەکە خراپی پرەنسیپەکان نییە، بەڵکو پەراوێزخستنی هێزی پیاوانی ئایینییە کە دەخوازن کۆمەڵگە لەسەر خواستی ئەوان و بە ترادیسیۆنی چەقبەستووی ئایینی و خێڵەکی بەڕێوەبچن، نەک ئەوەی بەرەو کرانەوە بچێت، بە پێچەوانەوە لە دیموکراسییەتدا هەمیشە کۆمەڵگە بەرەو ڕووی دونیادا دەکرێتەوە و شتی تازەش لە چوارچێوەی یاساکاندا دەخوڵقێت، کە ئەمە لەگەڵ تەسەوراتی دینیدا نایەتەوە، بەو پێیەی ئایین کۆمەڵکێک بنەمای جێگیری هەن و ناکرێت دەستکاری بکرێن. بۆیە عەلی باپیر کێشەی لەگەڵ دیموکراسییەتدا هەیە کە هەمیشە لە گۆڕاندایە و لەگەڵ سەردەم ئەویش خۆی نوێدەکاتەوە.

وەک دەزانرێت دیموکراسیی یانی دەسەڵاتی گەل، ئەمە لە ڕووی دەستەواژەییەوە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی گەلە پابەندە بە کۆمەڵێک بنەماوە کە هەمووان بە یەکەوە دەتوانن دیموکراسییەت بهێننە کایەوە، یەکێک لەوانە مەسەلەی دانانی یاساکانە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، کە زۆرجار لە پەرلەماندا، نوێنەرانی گەل دەنگی لەسەر دەدەن و دواتر لایەنی جێبەجێکار دەبێت ئیشیان پێبکات.

عەلی باپیر پێیوایە ئەو دەسەڵاتی گەلە، لەگەڵ شەرعیەتی ئیسلامیدا نایەتەوە، مادام ئەو باڵادەستی گەلە مافی بەرنامەدانان و دەرکردنی یاساکانی هەبێت، چونکە لە شەرعی ئیسلامیدا ئەوە تەنیا مافی خودایە و ئەو فەرمانڕەوایەتی رەهایە، تەنیا سیفەتی خودایە، نەک مرۆڤ!

هەر لەبەر ئەوەش گرنگە بە کورتی دیسان باسی سێکۆلایزم بکەینەوە، ئامانجی سێکۆلاریزم ئەوەیە هەستی ئایینداری لە کاروباری دەوڵەتدا جیا بکاتەوە، رێک لەبەر ئەو هۆکارانەیە کە هەستی ئایینداری دەڵێت، نابێت مرۆڤ یاسای دەستکرد دابنێت، چونکە ئەوە دژی دەسەڵاتی

ڕەهای خودایە، هەر بۆیە دیموکراسییەت پشتئەستوورە بە دەرکردنی یاساکان لە پەرلەماندا، کەوایە لێرەدا عەلی باپیر نیگەرانی لەهەمبەر دیموکراسیی بۆ دروستبووە، بەوەی بەبێ گەڕانەوە بۆ تەسەورات و شەرعییەتی ئیسلامی، بەرنامە و یاساکان دادەنێت بۆ کۆمەڵگە، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەیە، چونکە تۆ ناکرێت لەگەڵ قۆناغەکاندا نەچیتە پێشەوە، لەکاتێکدا دونیای ئێستا، دونیای جیهانگیری و گۆڕانکارییە خێراکانە، هەر ڕۆژەی شێوازێکی حوکمڕانێتی دێتە کایەوە و کۆی ئەو گۆڕانکارییانەش پەیوەستن بە مرۆڤەوە، ناکرێش فەرامۆشیان بکات، چونکە بوونەتە مۆدێلی ئێستای ژیانکردن.

شازادەی شانشینی لیختنیشتاین، هانز ئادەمی دووەم، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا «دەوڵەت لە هەزارەی سێیەمدا» سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان لە تێڕوانینی دەوڵەتەکان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکان دەڵێت: «جیهانگیری بەخێرایی پێشدەکەوێت و ئەو وڵاتانەشی پێیان وایە دەتوانن خۆیان لەو پرۆسەیە بدزنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر ناتوانن بەردەوام بن، چونکە ناتوانن ڕکابەری بکەن. جیهانگیری وەک خێزانێکی گەورە کۆمان دەکاتەوە، چونکە لە واقیعدا ژیانمان وا پێکهێناوە. ئەمڕۆش پێویستە مرۆڤایەتی ئەوە هەڵبژێرێت کە ئاخۆ دەیەوێت ئەو وەرچەرخانە بەشێوەیەکی تاڕادەیەک ئاشتیانە بەدەست بهێنێت یان دەیەوێت لەسەر ئەو شێوەیە بڕوات کە لە ڕابردوودا لەسەری بووە، دیارە ئەوەش روونە بە هۆی بەکارهێنانی چەکەوە مەترسییەکە زیاتر دەبێت و ئەو ڕۆژەش مرۆڤایەتی و دەوروبەرەکەی وێران دەبن».

ئەگەرچی جیهانگیری زیاتر مۆدێلێکی بزنسییە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کێبڕکێی بازاڕەکانەوە هەیە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا، جیهانگیری کاریگەری قووڵی خستووەتە سەر کۆی کایە و سیستەمە سیاسی و ئایینییەکانەوە، چونکە نییەتی بچووککردنەوەی دونیا، تا ئاستی گوندێک، ئامانجی جیهانگیرییە لە ڕێگەی ڕکابەریی کۆمپانیا و مارکێتەکانەوە، بە

بەکارهێنانی مرۆڤ وەک کەرەستەی گەیشتن بە ئامانجەکان. بەڵام ئەوەی هانز ئادەمی دووەم باسی دەکات، لەگەڵ ئەوەی عەلی باپیر، دوو دونیای تەواو جیاوازن، ڕێک دووچاری ئەو مەترسییە دەبینەوە کە هانز چاوەڕێی دەکات.

ترسی هانز لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی ئەوروپادا، زۆر جیاوازترە لەگەڵ ئەو ترسەی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی هەمانە، خۆ هەندێکجار ئێمە هەر لە خۆمانەوە ناترسین! بەو پێیەی بەردەوام لەناو ململانێ سەختەکاندا دەیگوزەرێنین و تاکی ڕۆژهەڵاتی پشکی شێری بەردەکەوێت لە ئاڵۆزترکردنی ناوچەکە، مەگەر ئەو لێشاوە لە کوشتارە چییە کە ڕۆژانە و مانگانە ڕوو دەدەن و بێ ئەوەی کەس هەڵوەستەیەکی جیدی بکات! بە پێچەوانەوە هەمووان خەتاکەی لەسەر خۆیان لادەدەن و دەستی تۆمەت بۆ ئەم وڵات و ئەو لایەن درێژ دەکەن، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا، ڕووداوەکان بە زیانی گشتی کۆمەڵگە کەوتوونەتەوە.

بۆیە پێویستە ئێمەش وەک کورد لەمەودوا بە شێوەیەکی دیکە بیر بکەینەوە و بترسین، ئەگەر ئەوێکی ئەوروپی، جارێک بترسێت، دەبێ ئێمە سەدانجار ترس دامانبگرێت لەوەی نەکەوینە ناو ئەو گەڕەلاوژەیەی توندڕەوییەوە و لە ئاستی ڕەوتەکەشدا دوانەکەوین، چونکە ئەوێکی ئەوروپی کە جوان دەزانێت چی دەگوزەرێت، بەڵام ئێمەیەکی ڕۆژهەڵاتی دابڕاو لە کۆی سیستەمە سیاسییەکانی دونیا و چواردەورگیراو بە عەقڵی خێڵەکی و مەزهەبی، دەبێت زۆر زیاتر بترسین و بە پێچەوانەوە گرنگە لەگەڵ ڕەوتەکەدا بچینە پێشەوە. ئەگینا بە جۆرێک دوادەکەوین، ڕەنگە دەیانساڵی دیکەش، نەگەینە ئاستی دەیان ساڵی پێش ئێستای ئەوروپا.

هانز دەشڵێت: جیهانگیری بەخێرایی پێشدەکەوێت و ئەو وڵاتانەی پێیانوایە دەتوانن خۆیان بدزنەوە، ناتوانن بەردەوام بن، ئەمە واقیعی ئێستای کۆمەڵگەی دونیایە. بەڵام ئەوەتا عەلی باپیر تازە بە تازە، بانگەشەی

کۆمەڵگەی ئاییندارى دەکات، لێرەدا خۆ ئەورووپاش، یان جیهانگیری و سێکۆلاریزم و دیموکراسی، راستەوخۆ دژی ئایین نەوەستاونەتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئازادی تەواویان بە ئاییندارى داوە، ئەوە قۆناغی مرۆڤایەتییە ناتوانێت لەگەڵ تەسەوراتی ئایینی چیتر پچێتە پێشەوە.

کەوایە هەر دواکەوتنێک راستەوخۆ گەڕانەوەیە بۆ ناو مێژوو و دابڕانیشە لە رەوتی مرۆڤایەتی کە بە خێرایی دەچێتە پێشەوە، هاوکات هانز باسی قبووڵکردنی ئەو وەرچەرخانەش لە رێگەی ئاشتییانەوە دەکات، ئەگینا وەک ئەو ترسی هەیە، رەنگە لە رێگەی چەکەوە رووبدات.

لەکاتێکدا دونیا بە ئاڕاستەی گۆڕانکاری گەورەتردا دەچێت، یاساکان و کاروباری دەوڵەت و سیستەمە حوکمڕانییەکانیش، بە تەواوی لە تەسەوراتی ئایینی جیاکراونەتەوە، بە شێوەیەک کاروباری ئاییندارى تێکەڵ بە کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ناکرێن، ئەمەش وەک قۆناغێک بۆ رزگاربوونی مرۆڤایەتی لە کۆتوبەندی گوتاری توندڕۆی ئایینی، هاوکات ئەو ئەزموونەش سوودی گەورەی بە خودی ئایین و ئاییندارى گەیاندووە، بەو پێیەی لە قۆناغی زوودا، واتە پێش سەرهەڵدانی سێکۆلاریزم، ئایین و دەوڵەت بە شێوەیەک تێکەڵی یەکدی کرابوون، هەرکە دەسەڵاتدارێک، یان دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییەکان کارێکی خراپیان ئەنجامدەدا، راستەوخۆ پرووشکی ئەو کارە خراپە، بەر شکۆ و جەستەی ئایینیش دەکەوت، چونکە ئایین وابەستەی دەسەڵات و دەسەڵاتیش وابەستەی ئایین ببوون، بەڵام سەرەڕای ئەوە، هێشتا ئایین زیاتر ببووە قوربانی کارەکانی دەسەڵات.

کاتێکیش سێکۆلاریزم دێت و دیموکراسییش گەشە دەکات، ئیدی کۆمەڵگەکانیش وەک پێویستییەک هەنگاویان بۆ جیاکردنەوەی کاری ئاییندارى لە کاری سیاسی هاویشت، تا دەرئەنجام ئەو کۆمەڵگە و وڵاتانەی ئێستای ئەورووپای لێکەوتەوە. دوای ئەو هەموو پێشکەوتن و تاقیکردنەوە جوانانەی نموونەی دەوڵەتی نائایینی، ئێستا عەلی باپیر، دەسەڵاتی گەل،

واتە دیموکراسی، بە شتێکی ناشەرعی و هەڵە دەزانێت، وەک هاوبەشی دانان بۆ خودای دەبینێت و پێیوایە بڕوابوون بە دیموکراسی، گەورەترین گوناحی کۆمەڵگەیە بەرانبەر بە دەقە شەرعییەکان و ئایین بە گشتی دەکرێن.

ئەم تێگەیشتنەش هێندەی تێگەیشتنێکی نا واقیعییە، نیو هێندە خزمەت بە ئایین ناکات، چونکە ئەو گوتارە توندڕۆیە دەخوازێت کە ئایین بە چەقبەستوویی بهێڵێتەوە، وەک کارتی گوشار و کارتی سیاسییش بەرانبەر دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەتەکان بەکار بهێندرێت، لێرەدا ئەو گوتارە توندڕۆیەی ئیسلامییەکان، دەخوازێت ئایین وەک کەرەستەیەکی خاوی کاڵایی بێت، هەرچی خۆیان دەیانەوێت، ئەوی لێ دروست بکەن و باکیشیان بەوە نەبێت کۆمەڵگە دووچاری چ خراپەکارییەک دەبێتەوە.

یەکێک لەو پرەنسیپە جوانانەی دیموکراسی ئەوەیە کە دەوڵەت جیاوازی ناکات لە نێوان تاکەکاندا، لەسەر بنەمای جیاوازی ئایینی و جیاوازیی نەتەوەیی و بۆچوونی سیاسی و کولتووریی ناچێت بەڕێوە، بە پێچەوانەوە بەردەوام ئیش بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە دەکات کە پێشووتر لە ڕۆژئاوا باو بووە لە پەیوەست بەو جیاوازییانەدا.

هەمیشە گوتاریی ئیسلامی سیاسی ئیش لەسەر ئەوە دەکات میللەتی موسڵمان، وەک میللەتی سەردەستە بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت، واتە لە گۆشەنیگای کارەکتەرانی ئیسلامی سیاسییەوە، هاووڵاتییەکی تاوانباری موسڵمان، زۆر باشتر و پاکتر و پیرۆزترە لە هاووڵاتییەکی بێ کێشەی مەسیحی، یان جوولەکە، هەر بۆیەش جگە لە کەسانی موسڵمان، لە وڵاتانی ئیسلامیدا زۆر بە کەمی دەرفەت بە کەسانی غەیرە موسڵمان دەدرێت پۆستی سیاسی و حکوومی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامیدا وەربگرن.

عەلی باپیر لە بەشێکی دیکەی بۆچوونە ڕەخنەییەکانیدا، سەبارەت بە

دیموکراسی دەڵێت: «میللەتێکی موسڵمان بە هیچ رەنگێک بۆی نییە کەسانێک بە حوکمڕان و کاربەدەست دابنێ و هەڵیبژێرێت کە لە خودی خۆیاندا موسڵمان نەبن، یان خۆیان بە موسڵمان دابنێن و کەچی ئامادە نەبن شەریعەتی خودا پیادە بکەن».

ئەم بۆچوونە تەواو بۆچوونێکی خێڵەکییە و دەچێتە قاڵبی توندڕەوی ئایینییەوە، هەر ئەم بۆچوونەشە وای کردووە گەلانی موسڵمان نەتوانن بە ئاشتی بژین، سەرباری ئەوەی پێکهاتە غەیرە موسڵمانەکان نەیانتوانیوە بە ئازادی مومارەسەی ماف و چالاکییە سیاسییەکانی خۆیان بکەن، ئەوا گەلانی موسڵمانیش بە هۆی ئەمجۆرە تێگەیشتنەوە، دووچاری ماڵوێرانی و کارەساتی رۆحی و جەستەیی گەورە بوونەتەوە.

ئەوەی عەلی باپیر پێیوایە کەسانی غەیرە موسڵمان نابێت دەسەڵات لە کۆمەڵگە موسڵمانەکان وەربگرن، ئەوە هەم سووکایەتییە و هەمیش دژایەتیکردنی راستەوخۆی پێکهاتە جیاواز لە موسڵمانەکانە. بەڵام ئەوە پێچەوانەکەی لە ئەوروپادا راستە و بە شانازییەوە پەیڕەو دەکرێت، چونکە دیموکراسییەت بە شێوە راستەقینەکەی، ئامادەگی هەیە و گرنگیش نییە تۆ خەڵکی کامە وڵاتی ئیسلامییت، یان سەر بە کام نەتەوەیت، گرنگ ئەوەیە تۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتدا، وەک هاووڵاتیی قبووڵکرابیت، واتە مافی نیشتەجێبوونت هەبێت، لەسەر بنەمای یاساکان، ئەوکات دەتوانیت بچیتە رکابەرێتییەکانەوە بۆ گەیشتن بە کورسی دەسەڵات.

لە تازەترین نموونەی دیموکراسییشدا، هاووڵاتییەکی موسڵمان بووە سەرۆکی شارەوانی لەندەن، کە یەکێک لە گەورەترین پایتەختی وڵاتانی زلهێزی جیهانە، هاوکات بە دەیان ئەندامی پەرلەمان و وەزیر لە حکوومەتەکانی ئەوروپادا هەن و هیچ کێشەیەکیش بۆ کۆمەڵگەی ئەورووپی دروست نەبووە، چونکە ئامانجی دیموکراسی نەهێشتنی جیاوازییەکانە لە نێوان گەل و ئایینەکاندا، کەوایە هاووڵاتیبوون لە سەرووی ئەو شتانەوەیە

کە لە جیهانی ئیسلامییدا پێچەوانەکەی ڕاستە.

عەلی باپیر نەک دژی ئەوەیە غەیرە موسڵمانێک ببێتە کاربەدەستی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی، لە دیوەکەی ترەوە، دژی ئەو موسڵمانانەشە کە پابەند نین بە شەریعەتی ئیسلامەوە، واتە تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا نییە کە موسڵمانانی پابەند نەبوو بە شەریعەتی ئیسلامی، کاربەدەستی وڵات بن، کاتی خۆشی سەید قوتب دەیگوت، کۆمەڵگەی ئیسلامی دووچاری جاهیلبوون بووەتەوە، بەوەی ئایینداریەکەی لاوازبووە و پێویستە جیهادی بەسەردا بکرێت.

ئەم بۆچوونەی سەید قوتب دەرئەنجام ماڵوێرانی و کارەساتی بۆ کۆمەڵگەی موسڵمانان هێنا، تا ئاستی ئەوەی کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی موسڵمان و ئەوانی دیکەش بووە دیاردە و دەیان گرووپی ئیسلامی توندڕەویش لەسەر ئەو بنەمایە دروستبوون، کەچی لە بری ئەوەی دەسەڵات و خەڵک دووچاری شۆک ببن، بە پێچەوانەوە کوشتارەکان وەک ئامارێکی رووتی میدیاییان لێهاتووە، هەر رۆژەی گرووپێک و چەندان دەستەی تیرۆریستی بە ئامانجی سەیر سەیری توندڕەوییەوە سەرهەڵدەدەن و تاوانکاری گەورە بەرانبەر بە خودی مرۆڤایەتی ئەنجامدەدەن، ئەمەش نەبووەتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە موسڵمانەکان هەڵوێست وەربگرن، کەچی لەو هەلومەرجەشدا خۆیان تۆمەتبارن بەوەی کە ململانێ مەزهەبییەکان برەو پێدەدەن و ئەوەش دەچێتە گیرفانی بەرژەوەندییەکانی تیرۆریستانەوە.

## شوورا وەک بەدیلی دیموکراسییەت!

گوتاری ئیسلامی سیاسی بۆ ئەوەی بەدیلێک بۆ دیموکراسی بدۆزێتەوە، تا تۆمەتی دژە دیموکراسییان نەدرێتە پاڵ، زۆربەی کاتەکان مەسەلەی چەمکی شوورا دەهێننە گۆڕێ کە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری موسڵمان، لە پرسی دانانی خەلیفە ئەبوبەکر سدیق، وەک یەکەم خەلیفەی موسڵمان پەنای بۆ برا، لەکاتێکدا ئەو جۆرە شوورایە، بە هیچ شێوەیەک ناتواندرێت بە دیموکراسییەت بەراورد بکرێت.

لەمبارەیەوە عەلی باپیر بۆ بێبایەخکردنی دیموکراسی و خودی پەرلەمان دەڵێت: «وەک چلۆن نوێژت لەسەر فەڕزە و زەکاتت لەسەر فەڕزە، ئاواش (شووری) راوێژکردن لەسەر کۆمەڵی موسڵمانان فەڕزە و دەبێت هەموو کاروبارێکیان بە ڕاوێژ بێت».

باسکردن لە شوورا، وەک جێگرەوەی دیموکراسی، پەیوەندی بە نزیکایەتی شوورا بە دیموکراسییەتەوە نییە، تەنێ تۆمەتێکی داتاشراوە بۆ دیموکراسی، هەروەها لە گۆشەنیگای ئیسلامی سیاسی، شوورا بەهایەکی نەگۆڕی هەیە، کە لە دوای مردنی پێغەمبەری ئیسلام، پرسی شووراش دێتەکایەوە، وەک ئەوەی سەرچاوە مێژووییەکان باسی لێوە دەکەن، کە لە کاتی مردنیدا، پەیامبەر هیچ کەسێکی بۆ رێبەرایەتییکردنی موسڵمانان لە دوای خۆی دیاری نەکردووە، ئەمەش بووە هۆی کێشەیەکی گەورە لە دوای ئەوەی کە دەمرێت و موسڵمانان لەسەر کەسێک رێکناکەون بەیعەتی بدەنێ تا ببێتە خەلیفەی موسڵمانان، بەڵام خۆ هەر دەبوو بەیعەت بە کەسێک بدرێت بۆ ئەوەی ببێت بە خەلیفەی موسڵمانان.

دوای مردنی پەیامبەری ئیسلام، مشتومڕێکی گەورە دروست دەبێت لەسەر ئەوەی کێ ببێتە خەلیفەی موسڵمانان، چونکە ئەبوبەکری سدیق و عەلی کوڕی ئەبو تالیب، هەر یەکە و لە نییەتی خۆیاندا، هەوڵی بوون بە خەلیفەی موسڵمانانیان دەدا، دواجار ئەو کێشەیە بە هەر شێوەیەک بوو، بە شوورا، واتە «راوێژ» بە شێوەیەکی کاتی لە بەرژەوەندی ئەبوبەکری سدیق چارەسەرکرا و بوو بە خەلیفەی موسڵمانان.

راستە شوورا توانی ئەبوبەکری سدیق بکات بە خەلیفەی موسڵمانان، بەڵام کێشەکە لێرەوە سەری هەڵدا و زۆربەی بە بڕیاری شوورا رازی نەبوون و موسڵمانانیش بوون بە چەند بەشێکەوە. ئیبنو تەیمییە زانای موسڵمان کە سوننە مەزهەبە و زۆر بە باشی هەم شارەزای مێژووی ئیسلامە، هەمیش بە قووڵی لە دەق و فەرموودەکانی کۆڵیوەتەوە دەڵێت: «بە زۆری و لەژێر هەڕەشەی کوشتندا، عەلی کوڕی ئەبو تالیب، بەیعەتی دایە ئەبوبەکری سدیق».

روونە کە شوورا لە بری ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکات، بگرە گەورەتری کرد و ئەو ناکۆکییانە تاکو ئێستاش لەناو موسڵمانان ئامادەگییان هەیە، کە دوای مردنی پەیامبەر، لە لایەن دەستەیەک لە کەسی نزیکی پەیامبەر، کۆبوونەوەی «السقیفە» بۆ دەستنیشانکردنی خەلیفەی موسڵمانان رێکخراوە و زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانیش ئەو رووداوە وەک سەرەتای دروستبوونی ناکۆکی نێوان موسڵمانان دادەنێن، کە دواتر دروستبوونی شیعە و سوننەی لێکەوتەوە و بە دەیان مەزهەب و بیروڕای جیاوازیش، هاتنە ناو ئیسلامەوە و سەرجەمییانیش رۆڵیان هەبووە لەو توندوتیژییانەی ئێستا لە کۆمەڵگە موسڵمانییەکاندا روودەدەن.

کەوایە شوورا نەک هەر ناتوانێت جێگەی دیموکراسی بگرێتەوە، بەڵکو بەراوردکردنیشی لە لایەن ئیسلامییەکانەوە، ناهەقییەکی گەورەیە دەرهەق بە سیستەمی دیموکراسی دەکرێت، چونکە جیاوازییەکانی نێوان شوورا

و دیموکراسی گەلێک زۆرن و جەوهەرین، هیچ خاڵێکیش لەگەڵ یەکتریدا نزیکیان ناکاتەوە، بەو پێیەی شوورا بۆچوونی دەستەیەک کەسە کە ڕەنگە یەک کەسیش بێت، رای خۆی دەسەپێنێت بەسەر حوکمێکدا کە زۆرجار ئەو حوکمە شەرعییە، هەندێک جاریش شوورا رۆڵی دەبێت لە دەرکردنی فەتوا لە بارەی پرسێکەوە کە بە روونی لە دەقی قورئاندا باسی لێوە نەکرابێت، بەو مانایەی ئەو دەستەیەی گوایە دەستەی شووران، شارەزای تەواوی دەقەکانی قورئانن، ئەمەش رێک پێچەوانەی دیموکراسییەتە.

لە شووڕادا هاووڵاتیی بە شێوە گشتییەکەی، رۆڵی لەو دەستەیەدا نابێت، بۆ بڕیاردان لەسەر هەر پرسێکی دونیایی، یان شەرعی، بەڵام لە دیموکراسییەتدا ئەمە رێک پێچەوانە دەبێتەوە، بەو مانایەی گەل خۆی دەسەڵاتەکەیە، واتە حاکمیەتی گەل، کەوایە ئەوە گەلە خۆی بەرنامەیەک، یان دەستوورێک بۆ رێکخستن و راییکردنی کاروبارەکانی دادەنێت، یان نوێنەرێک دیاری دەکات تا لە بری ئەودا بڕیار بدات، هەر کاتێکیش دەزانێت کە نوێنەرەکەی، یان ئەو دەستوورەی دەنگی بۆی داوە کەڵکی نییە و لە ئاستی خواستەکانی ئەودا نەبووە، یان بەڵێنەکان بەدی نەهاتوون، ئیدی لەسەر سندوق بە نوێنەرێکی تری دەگۆڕێت، ئەمەش لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەویش گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا دێت.

بە مانایەکی دیکە لە ئیسلامدا کە شوورا لەسەری دەڕوات، دەبێ موسڵمانان لەسەر بنەمای دەستوورێکدا بژین و لەسەریان پێویستە پابەندی بن، بە جۆرێک کە خۆشیان دەستییان لە دانانیدا نەبووە، هیچ کەسێکیش بۆی نییە، رەخنەی لێی هەبێت، پێچەوانەی ئەو بڕیارە بجووڵێتەوە کە لە لایەن دەستەی شووراوە دادەنرێت، چونکە سیفاتێکی ئاسمانی پێدەدرێت و مرۆڤ ناتوانێت دەستکاریی بکات، گوایە لەسەر بنەماکانی شەرعیەتی ئیسلامی دانراوە.

بەڵام لە دیموکراسییەتدا، گەل واتە هاووڵاتیی خۆی سەرچاوەی دەسەڵاتە،

**دروستتریش بڵێین لە سایەی دیموکراسییەتدا ئەوە گەلە خۆی دەستوورێک بۆ راییکردنی کاروبارە دونیاییەکانی دادەنێت و هەمووکاتیش دەتوانێت بە پێی گۆڕانکاریی و هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و رۆشنبیریی و سیاسییەکاندا بیگۆڕێت، بەڵام ئەمە لە شووردا بوونی نییە، چونکە هاووڵاتیی بە شێوە گشتییەکەی، خۆی خاوەنی بڕیاردان نییە، هیچ ئومێدێکیش نییە کە خواستەکانی لە بڕیارەکاندا بێتەدی، چونکە دەستەیەک کەسی شارەزای شەریعەتی ئیسلامی لە چوارچێوەی شوورادا بڕیار دەدەن، کەوایە جیاوازییەکی جەوهەری لە نێوان دیموکراسی و شوورادا هەیە و بە هیچ شێوەیەکیش بە یەکدی بەراورد ناکرێن.**

## لە نێوان جنێودان و فەراهەمکردنی ئازادیدا

دیموکراسی بە تەنیا هەڵبژاردن نییە، ئەگەرچی هەڵبژاردن بنەمایەکی هەرە گرنگە لە ژیانی دیموکراسییدا، بەڵام ئازادی و سەروەری یاسا، هەروەها رێزگرتن لە ماف و بڕوابوون بە ئاڵوگۆڕیی دەسەڵات و لەبەرچاوگرتنی هەستی کەمینە، گرنگیان هەیە و ناکرێ فەرامۆش بکرێن، بەڵام هیچ یەکێک لەو چەمک و بنەمایانە، لە شەریعەتی ئیسلامیدا، بایەخی راستەقینەیان نییە، بە تایبەتی لە لایەن ئیسلامی سیاسییەوە دژایەتیش دەکرێن و بە دانانی سنوور بۆ ئازادی فیکری و میدیایی و ئایینی بە جۆرێک کە کۆسپی گەورە دەخرێتە بەردەم گەشەکردنیان.

لە شوێنێکی تردا سەبارەت بە ئازادییەکان کە لە سایەی دیموکراسییدا بۆ مرۆڤ دەستەبەرکراون، عەلی باپیر دەڵێت: «شەریعەت ئینسانەکانی ئازادکردووە و مافی ئەوەی پێداون تەعبیر لە بیروبۆچوون و هەست و نەست و هەڵوێستی خۆیان بکەن، بەڵام بە پێچەوانەی دیموکراسییەوە، بە بیانووی ماف و ئازادی دەربڕینەوە، رێگەی نەداوە کە ئینسان جنێو و قسەی ناشیرین بە خەڵکی بڵێت و چی پێخۆش بوو بیڵێت، یان پاش ملە و بەبێ پاساوی شەرعی زەم و غەیبەتی ئەم و ئەو بکات».

هەرکە بەراوردی ئەو بۆچوونەی عەلی باپیر بەو ئازادییانەی لە دیموکراسییدا هەن دەکەین، دەگەینە ئەو راستییەی کە بەڕێز باپیر لە مەفهوومی راستەقینەی ئازادی نەگەیشتووە، پێیوایە ئەوەی لە سایەی دەوڵەتی دیموکراسییدا دەگوزەرێت، ئازادی نین، بەڵکو جنێودان و قسەی ناشیرینن و زەم و زەمکارین، لەکاتێکدا ئەم قسانەی ئەو تەواو پێچەوانەی

ئەو ئازادییانەیە کە لە دیموکراسییدا هەن، رەنگە ئەوەی ئەو باسی دەکات لە سایەی دەوڵەتێکی دیموکراسییدا روویاندا بێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک جەوهەری راستەقینەی دیموکراسی نین، واتە ئەوەی بیەوێت لە سایەی دیموکراسییدا هەوڵی ناشیرینکردنی کەسانی تر بدات، ئەوا بە هەمان ئەو یاسایەی لە دیموکراسییدا هەیە، کەسی تۆمەتبار سزا دەدرێت و ماف بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە.

کەوایە دیموکراسییش رێگە بەوە نادات لە سایەی ئەودا خەڵکی بەناوی ئازادییەوە سووکایەتی بەوی دیکە بکەن، ئەگەر ئەوە روویدا ئەوا یاسا رۆڵ دەگێڕێت و کەسی پێشێلکاریش رووبەڕووی سزای دونیایی دەبێتەوە، جا بە قەرەبووی پارە بێت، یان زیندانیکردن بێت.

ئازداییەکان وەک بنەمایەکی گرنگی دیموکراسی، چەندان جۆریان هەیە، ئازادی کۆمەڵایەتی، ئازادی بیروڕای سیاسی، ئازادی کەسی، یانی ئازادی تاک، ئازادی ئابووریی، ئازادی کاروباری سیاسی، هەروەها ئازادی هەڵبژاردن و گۆڕینی ئایین، لە تەک هەموو ئەمانەشەوە مرۆڤ ئازادە کام کەسە هەڵدەبژێرێت تا نوێنەرایەتی بکات لە دەسەڵاتدا، هاوکات بە هەمان ئازادی مافی لادانیشی هەیە لە رێگەی سندوقی دەنگدانەوە، کەوایە بنەمای ئازادی لە دیموکراسییدا، شتێکی هەر وا سادە نییە کە عەلی باپیر لە جنێودان و زەمکاریدا کورتی کردووەتەوە، بەڵکو ئازادی بنەمایەکی گرنگی دیموکراسییەتە و هەر پێشێلکارییەکیش بەناوی ئازادییەوە بکرێتە سەر تاکێک، یاسا رێگری لەو پێشێلکارییە دەکات.

دکتۆر حوسێن بەشیریە لە کتێبەکەیدا بەناوی «دیموکراسی بۆ هەمووان» دەڵێت: «ئازادی بەیان بە گرنگترین مافی مەدەنی و سیاسی لە دیموکراسی گەلی ئەمڕۆ حیسابی بۆ دەکرێ، ئازادی بەیان یانی ئازادی بەشێوەی قسەکردن و نووسین لە نێوان هاووڵاتیاندا، ئەم پەیوەندییە لەوانەیە لە رێگەی رۆژنامە یان کتێب بڵاوبکرێتەوە»

دکتۆر حوسێن مەبەستی لەو جۆرە ئازادییەیە کە ئێمە پێی دەڵێین ئازادی میدیایی، یان ئازادی رادەربڕین، هەڵبەت ئازادی رادەربڕین و میدیایی ئێستا بنەمایەکی زۆر گرنگی دیموکراسیین، تەنانەت میدیا وەک دەسەڵاتی چوارەمیش ناوی دەهێندرێت لە دوای دەسەڵاتی دادگە و حکوومەت و سەرۆکایەتی دەوڵەت و هەتا پەرلەمانیشەوە.

ئازادی ئەوە نییە کە عەلی باپیر لە شتی بازاڕی کورتی کردووەتەوە و پێناسەی سادەی بۆی کردووە، ئەم بۆچوونەی ئەویش دوو هۆکاری لە پشتە، یان ئەوەتا لە چەمکی ئازادی تێنەگەیشتووە، ئەو ئازادییەی لە دیموکراسییەتدا بایەخی پێدراوە، یانەکی بە ئەنقەست دەیەوێت لە بەرگی جنێودان و قسەی ناشیرینی بپێچێتەوە، هەڵبەت کەسایەتییەکی وەک عەلی باپیر کە شارەزاییەکی باشی لە رۆشنبیرییە گشتییەکان و دەقە قورئانییەکاندا هەیە، مەعقوول نییە نەزانێت ئازادی چییە! بە تایبەتی ئەو جۆرە ئازادییانەی کە دیموکراسی بایەخی گەورەی پێداون، راستییەکەی ئەوەیە کە هەوڵی ناشیرینکردنی چەمکی ئازادی لە دیموکراسی دەدات بۆ ئەوەی بەربەستی کۆمەڵایەتی و ئایینی بخرێتە بەردەمی و کۆمەڵگەی موسڵمانانیش دژی بوەستنەوە.

لە بەشێکی تردا دکتۆر حوسێن بەشیریە دەشڵێت: «ئازادی بەیان ئەساسی جۆرێکی تر لە بیرکردنەوەیە کە ئەویش یەکێک لە بنەماکانی شێوەی ژیانی دیموکراتیک دروست دەکات و لەم شێوە ژیانەدا ئەوانەی جۆرێکی تر بیر دەکەنەوە، ناکرێت بە تاوانی بیروڕای جیاواز و دژ بە حکوومەت بخرێتە ژێر ئازار و ئەشکەنجەوە».

دکتۆر دەیەوێت بڵێت کە دەوڵەت و هەر گرووپێکی دیکەی ئایینی، یان سیاسی بۆیان نییە خەڵکی لەسەر ئازادیی رادەربڕین ئازار بدەن و زیندانی بکەن، چونکە ئەو ئازادییانە لە دیموکراسییەتدا بۆیان دەستەبەرکراوە و جۆرێکی تری بیرکردنەوەی جیاوازە لەو بیرکردنەوەگەلانەی کە هەن، هەر

بۆیە دەڵێت نابێت ئەو بیرکردنەوە جیاوازانە خاوەنەکانیان بە هۆیەوە ئازار بدرێن، چونکە شێوەیەکی ژیانی دیموکراتییانەن.

هەروەها عەلی باپیر دەڵێت: «دیموکراسی فەلسەفەکەی و کاکڵەکەی بە کەڵک نایەت کە بریتییە لەوەی دیاریکردنی حەڵاڵ و حەرام دەداتە دەست خەڵک، ئەوە پیسترین و خراپترین لایەنی خراپی دیموکراسییەتە».

خۆی دیموکراسییەت لەسەر بنەمای رێزگرتن لە بۆچوون و هەڵبژاردەکانی مرۆڤ رەگوڕیشە سیاسییەکەی داکوتاوە، واتە خودی دیموکراسی بۆ ئەوەیە مرۆڤ ببێتە سەنتەری هەموو شتەکان، هەر لە ناوەکەیدا بە مانای دەسەڵاتی گەل دێت، واتە ئەوە تاک و کۆمەڵگەیە بڕیار لەسەر شتەکان دەدەن، نەک هیچ ئایین و دەسەڵاتدارێکی تر، کەچی عەلی باپیر پێیوایە گەڕانەوەی دیموکراسی بۆ لای خەڵک، پیسترین و خراپترین لایەنی دیموکراسییەتە، بە پێچەوانەوە ئەوە باشترین لایەنی دیموکراسییەتە کە رەئی تاک بە هەند وەردەگرێت.

مەسەلەی حەڵاڵ و حەرام، دوو دەستەواژە و چەمکی ئیسلامین، بەڵام ئەگەر لە ڕووە مەدەنییەکەوە وەریانبگرین، خۆ لە دیموکراسییەتیشدا هیچ شتێک بە رەهایی نەخراوەتە بەردەستی خەڵک، واتە دیموکراسییەتیش خۆی سنووری بۆ هەندێک شت داناوە کە ناکرێت پەنای بۆ ببرێت، بۆ نموونە وەک چۆن لە ئیسلامدا خواردنی ماڵ و سامانی خەڵکی حەرامکراوە، ئاواش لە دیموکراسییدا بە پێشێلکاری دادەنرێت و بە هەموو شێوەیەکیش قەدەغەکراوە و سزای یاساییشی لەسەرە، واتە دیموکراسییش وەک فیکرێک لە رێگەی یاساوە چاودێری کۆمەڵگە دەکات، ئەو بێسەروبەرییە نییە کە عەلی باپیر پێیوایە هەیە، بێسەروبەری و بەرەڵاییە!

## یاسای دەستکرد و بە کافر لە قەڵەمدانی خەڵک

لە دیموکراسییەتدا، ئەنجوومەن و پەرلەمان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە، لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵکیدا، سەبارەت بە پرسێک، یان دەرکردنی یاسا و نوێنەرایەتییکردن، ئەمەش لە ڕێگەی خەڵکەوە و بە هۆی سندوقی هەڵبژاردنەوە ئەندامانی ئەنجوومەنەکان و پەرلەمانەکان دەچنە ئەو شوێنانە، بەڵام عەلی باپیر ئەو پەرلەمان و ئەنجوومەنانە بەبێ بایەخەوە سەیر دەکات، نموونەی ئەو موناقەشانەی پەرلەمانەکانی ئەوروپا دەهێنێتەوە، کە گوایە باس لە دروستکردنی خێزانی یەکخانەیی دەکەن، واتە هاوڕەگەزبازەکان، بەو شێوە ڕەهاییەی عەلی باپیر باسی دەکات، مەسەلەکە وا نییە، ڕاستە ئەو پرسە وروژێندراوە لە ئەوروپا، بەڵام ئەوان قسە لەسەر دیاردەیەک دەکەن کە لە کۆمەڵگەدا کەم و زۆر بوونی هەیە، ئەی بۆچی باسی ئەوە ناکات لە کۆمەڵگەیەکی وەک سوێد، هیچ لەشفرۆشخانەیەک بوونی نییە، هەر سێکسکردنێکی پیاویش لەگەڵ کچێکی خوار تەمەنی ١٨ ساڵەدا، وەک دەستدرێژی هەژمار دەکرێت.

بەڵام لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتیدا، یان ئیسلامییەکان، تەنانەت منداڵی دوانزە ساڵ و چواردە ساڵیش، بێ گەڕانەوە بۆ بەردەم یاسا بە شوو دەدرێن، یان بە زۆر هاوسەرگیریان پێدەکرێت، جا لە پێناوی پارە بێت، یان سوڵحی عەشایەری بێت، من لە عەلی باپیر دەپرسم، ئەوەی لە کۆمەڵگە موسڵمانییەکان ڕوودەدەن باشترن، یان ئەوەی لە ئەوروپا کە هەموو شت لە چوارچێوەی یاسا و بە سیستەم ڕێکخراون؟

مەسەلەی هاوڕەگەزبازەکانیش خۆ ئەوانیش بە شێوە ڕەهاکە لەگەڵیدا نین،

بەڵام مادام بوونی هەیە، ئەوان خەریکە بە یاسا ڕێکی دەخەن، ئێ خۆ ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگە موسڵمانییەکانیشدا بوونی هەیە، بەڵام دوور لە چاوی خەڵک ئەنجامدەدرێن و زۆرجاریش کاریگەری قووڵی کۆمەڵایەتی و دەروونیشی لای خێزان و تاکی ئەنجامدەرەوە جێهێشتووە.

سەبارەت بە بەدیلی دیموکراسییەت لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا دەڵێت: «ئیسلام بەدیلە بۆ دیموکراسی و هەر ڕێچکە و ڕێبازێکی دیکەش، چونکە ئیسلام لایە چاک و ئیجابییەکانی هەموویانی لە خۆدا کۆکردووەتەوە و لە هەڵەکانیشیان دوورە».

هەمیشە مێژوو و ئیسلام وەک ئایین، بووەتە قوربانی ئەو فیکرە توندڕەوییە ئیسلامییەی کە ڕێگری لە ریفۆڕمی ئایینی دەکات، جارێ دیموکراسی هیچ دژایەتییەکی ئیسلام ناکات وەک ئایین، تەنێ رووبەری ئازادییەکان فراوانتر دەکات، ئەویش لە چوارچێوەی یاساکاندا، بە پێچەوانەوە دیموکراسییەت گرنگی تایبەتی هەیە، ئەگەر لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بایەخی پێبدرێت، بەوەی کاروباری کۆمەڵگە بە ئاڕاستەی یاسایی و مەدەنی و ڕێزگرتن لە مرۆڤدا دەبات، بە پێچەوانەوە کۆمەڵگەی موسڵمانان، چونکە دیموکراسییان وەک کولتووری مرۆیی قبووڵ نەکردووە، یان وەرنەگرتووە، دووچاری کۆمەڵێک کێشە بوونەتەوە لە بواری ئازادییەکان و پرسی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و ڕێزگرتن لە مرۆڤ لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاسا و چاودێری دەسەڵات لە لایەن پەرلەمانەوە، ئەو پەرلەمانانەی ئێستا لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا هەن، تەنیا وەک ناو، دەکرێت بڵێین پەرلەمانن، بەڵام لە واقیعدا لە دیوەخانی کۆمەڵایەتی دەچن، چونکە نەیانتوانیوە نوێنەرایەتی خەڵک بکەن، لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەرکردنی یاساگەلێکدا، کە لە بەرژەوەندی خەڵکیدا بن، نەخێر دامەزراوەگەلێکن کە ناکۆکییەکان بە یاسایی دەکەن و گەمەی مەزهەبی بە ناوی کاری پەرلەمانییەوە بە خەڵکی دەفرۆشنەوە.

عەلی باپیر پێیوایە ئەو یاسا مەدەنییانەی لە پەرلەمانەوە دەردەچن، یاسای دەستکردن و ئەوەی باوەڕیشی پێیان هەبێت کافر دەبێت، دەشڵێت: «یاسا مرۆڤکردەکان، واتە ئەوەی کە خەڵک دایدەنێت، بێ ئەوەی کە پرس بە شەرعی خوا بکات و بێ ئەوەی کە حیساب بۆ خوا و پێغەمبەری خوا و شەرعی خوا بکات، ئەوە بێگومان ئەو بەرنامە و یاسایانە هیچیان شەرعیەتی ئەوەیان نییە کە موسڵمانان پابەندیان بن و بە قسەیان بکەن، نەک شەرعیەتیان نییە، بەڵکو هەر کەسێکیش ئەوانە وەک بەرنامە و قانوونێک تەماشا بکات، کە پێویستە پەیرەویان لێ بکرێت، ئەوە کافر دەبێت».

ئەم بۆچوونە لەکاتێکدایە ئێستا وڵاتانی جیهان لەسەر بنەمای یاسا مرۆڤکردەکان بەڕێوە دەچن و ئیش بە بنەماکانی شەریعەتی ئایینی ناکرێت، هەتا وڵاتانی ئیسلامییش زیاتر بایەخ بە یاسا دونیاییەکان دەدەن، چونکە باشتر لە دۆخی کۆمەڵگە دەگات و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری وا دەخوازێت بەردەوام یاساکان لە گۆڕانکاریدا بن، ئەمەش لە ڕێگەی پەرلەمان و دامەزراوە یاساییەکانەوە ئەنجامدەدرێن، ئەگەرچی کێشەی ریشەیی لە جێبەجێکردنی یاساکان لە وڵاتانی ئیسلامییدا هەیە کە زۆربەیان ئیش بە یاساکان ناکەن، تەنیا بۆ ئامانجی سیاسی دەرکراون.

چەمکی کافربوون، یان کافراندن، ڕێک فەتوایەکی ئایینییە و دەکرێت وەک هاندانی توندوتیژییش لێکدانەوەی بۆ بکرێت، چونکە ناکرێت پابەند بوون بە یاسا مەدەنییەکان یەکسان بە کافربوون بکرێت، ئەمە هیچ دەلالەتێکی دیکە هەڵناگرێت، جگە لە بڵاوکردنەوەی توندوتیژیی نەبێت، لێرەدا پەرلەمان وەک تەعبیرکردن لە دامەزراوەیەکی دەستکردی مرۆڤ، کە شوێنگەی دەرکردنی یاسا مەدەنییەکانە دەناسێنین، چونکە پەرلەمان یاسا دەردەکات، ئەو یاسایانەش بە تێگەیشتنی عەلی باپیر، یاسا مرۆڤکردەکانن، کەوایە لە جەوهەردا باوەڕی بە هیچ یاسا و دامەزراوەیەکی مەدەنی نییە، ئەمەش لەکاتێکدایە لە دونیا، وڵاتان بە گوێرەی یاسا مەدەنییەکان بەڕێوە

دەچن و زۆریش پێشکەوتوون، بە پێچەوانەوە وڵاتانی پابەند بە شەریعەتی ئایینی نەیانتوانیوە هاووڵاتییانی خۆیان خۆشبەخت بکەن، بۆ نموونە ئێران و سعوودییە وەک دوو وڵاتی شیعەگەرا و سوننەگەرای ئیسلامیی، لە بری خۆشبەختکردنی هاووڵاتییانی خۆیان، بە پێچەوانەوە هەر رۆژەی هاووڵاتییانیان بە دەست دەردێکەوە دەناڵێنن و ئاستی دیموکراسی و یاساکان لە پلەیەکی نزمدان و هەموو ئەوانەش کاریگەری بەسەر هەلومەرجی ژیانکردنی خەڵکەوە دروستکردووە.

مەگەر ئەوە هاووڵاتییانی ئەو دوو وڵاتە نین بە لێشاو روو دەکەنە وڵاتانی دیکەی ئەوروپی یان ئیسلامی بۆ ئەوەی هەست بە سەقامگیری لە ژیان بکەن و هەوڵی باشترکردنی رەوشی ژیان و باری کۆمەڵایەتی و هەتا ئابووریش بدەن، ئەمە چ جای ئەوەی رێژەی لە سێدارەدان لە پلەیەکی بەرزدایە لەو وڵاتانەدا و دەکرێت وەک شکستی ئەزموونی دەوڵەتی ئایینی بناسێندرێن.

کافراندنی هەر وڵات و کەسێکیش، جگە لە هاندان بۆ ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتی و توندوتیژیی و گەڕانەوە بۆ سەردەمی جاهیلییەت، هیچی دیکە نییە، هەروەها ئاماژەیەکی روونیشە کە حیزبی ئیسلامیی لە بنەڕەتدا باوەڕی بە دیموکراسی و یاساکان نەبووە و ناشبێت، ئەوەی لە بارەی دیموکراسی و سەروەری یاسا و پەرلەمانیشەوە دەیڵێن، لە باوەڕبوونەوە نەهاتووە، بەڵکو قۆناغەکە دەخوازێت یاسا و پەرلەمان وەک پردێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکاربهێنن، دوای ئەوەی دەگەن بە ئامانجی سیاسی خۆیان، ئیدی پردەکە دەڕووخێنن!

# سەرچاوە و پەراوێز

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١ـ عەلی باپیر، چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم ، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠٣.

٢ـ ئاستین کلاین، سێکۆلاریزم بە زمانێکی سادە، وەرگێڕانی هەژیر شەریفی، چاپی یەکەم ٢٠٠٨.

٣ـ عەفیف ئەخزەر، عەلمانییەت و ئسوڵییەت، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٥، دەزگای سەردەم، وەرگێڕانی شوان ئەحمەد.

٤ـ سەید قوتب، مەشخەڵی ڕێ.

٥ـ دکتۆر نەسر حامد ئەبوزەید، ڕەخنە لە گوتاری دینی، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، ئیسماعیل ڕاجی.

٦ـ حەمەسەعید حەسەن، منێ لە سایەی ستەمدا، چاپی یەکەم ٢٠١٣، چاپخانەی موکریانی (هەولێر).

٧ـ یوسف سەلامە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی ٢٠١٠، دیدار لەگەڵ ئومێد قەرەداغی.

٨ـ هانز ئادەمی دووەم، دەوڵەت لە هەزارەی سێیەمدا، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٦، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، ئیسماعیل کوردە.

٩ـ دکتۆر حوسێن بەشیریە، دیموکراسی بۆ هەمووان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، وەرگێڕانی بۆ کوردی، حسەین موحەممەدزادە.

# Political Islam

## from Violence Discourse to the Caliphate Dream

An Answer to Ali Bapir
on Secularism and Democracy

by:
Shakhawan Braim Abdullah

Kurdistan
2017